www.pertwk.com

# بزمارەکان...

نوسینی؛ خالید مەجید فەرەج

ئامادەکردنی بۆ سەر ئینتەرنێت؛ ماڵپەڕی پەڕتووک 2006

www.pertwk.com

**پێشکەشە**

**بە هەموو ئەوکەسانەی کە لە ناخۆشترین ساتەکانی ژیان و گەرمەی دڵتەنگیانا ڕووبەرێکی ئەگەر بچوکیش بێت بۆ پێکەنین ئەپارێزن....**

www.pertwk.com

## ناوەڕۆک

پێشەکی...9
ڕاگەیاندنی بینراو...11
خەیاڵ پڵاو...13
چەوسانەوەی ژن بەدەست ژنەوە...14
کاک دکتۆر...16
فەوجی خەفیفە...18
نەتەوەیی...20
تورکمان...22
مافی ڤیتۆ...23
مەسفای نەوت...24
هەستی نەتەوایەتی...26
ئوستاز...28
ڕەخنەگر...29
پەنابەری سیاسی...31
هەموو شاعیرین...33
کەو...35
کوردو شیعە...37
کۆنگرەی موساڵەحە...40
موقتەدا...43



شەریف...45
کەمپین چی....47
حەماسەت...49
مەسڵەحچی...51
خەڵاتکراوەکانی سوید...52
حەڵقەی وەصل...54
مەبدەئی...57
کڵاوچی...59
گوێ ئاگردان....61
شۆڕشگێڕ.....64
ڕیزی پێشەوە ....66
برای شەهید....69
ئیجتیساس کردنی بەعس...72
خۆپیشاندان...75
ماف پارێزراو...77
مەرحوم...79
کرێکار...81
باحیس...85
دیعایەی ئینتیخابی....86
سێ شاعیرو یەک شیعر....88
ژورە عەلمانیەکە...89

www.pertwk.com


ریكلام....91
حاجی.....93
پاشایەتی...95
فشەكەر.....97
هەرزانجان....101
سەرخۆش....103
فلیمی هیندی....106
تورەبوونی ئێمەی موسڵمانان...112
بێویژدان...114
بەرێز زوحاك....116
دوانزە عیلم....120
فیدراڵی...122
كورد پەروەر...124
ئەنفالچی...126
مجەور....128
حەیاو حورمەت...131
خازوقی سوڵتان...133
شیوعی...137
زەوق سز .....140
خۆرهەڵات و دیموكراسی....141
ئێف ئێم......145





عەقید....147
ئەزهەر.....149
بەرنامەی تەلەفزیۆنی...152
گۆرانی بێژ...155
ئەستێرەی كوردستان...157
بەردە فڕكێی ئیقتیسادی...160
فەننان.....163
كەرامەتی خەفێ یەک...166
لاپەڕەی تەعاروف...168
موزەمیدەكەی كوردستان و دكتۆرەكەی ئەوروپا..171
قیبلە نوما...177
گلەیی كۆنەجاشێک...180
مامۆستاو قوتابی و رەمەزانی جاران...183
ڕاستگۆ...187
برادەرێكی گەندەڵ...190
رەقابەی زاتی...193

www.pertwk.com

## پێشەکی

ئەگەر بە هەڵەیا نەچووبم مام برنارد شۆ بە شێخی تەریقەتی نوسینی گاڵتە ئامێز (ئایرونیک) دا ئەنرێت، هەروەها عەزیزنەسینی تورک، وحەسەنی قزلجی کورد، لە پێکەنینی گەدا، و مولێری فەرەنسی، و نووسەری مەقالی سیاسی گاڵتە ئامێزی میسری مەحمود سەعدەنی، سرڤانتسی ئیسپانی لە دۆنکیشۆت دا، و گۆگۆڵی ڕوسی، و بێگوومان پێش ئەمانە هەموو فەیلەسووفی سەردەمی رۆمانەکان، ئەپولینوس لە ڕۆمانە گاڵتە ئامێزەکەیدا بەناوی ((کەری ئاڵتونی))، و دواتر (جاحظ) ی عەرەب لە پیسکەکانا، وگەلێکی دیکە، کەواتە ئەو جۆرە نووسینە هەر لە سەرەتای مێژووەوە هەیە، و وەکو سەنعەتێکی ئەدەبی و فیکری، بەدەستی خەڵکانێکی خاوەن سەلیقەو بەهرەو ڕۆشنبیریەکی بەر فراوان و خۆش مەشرەب نوسراون و ئێستاش هەر بەردەوامە.

هەوڵدانی نووسەری ئەم دێڕانە، لەم بوارەیا ئەگەرێتەوە بۆ ئەودەمانەی کە لە تی ڤی گەلی کوردستان بەرنامەی یاساو کۆمەڵم پێشکەش ئەکرد، کە سەرەتای نەوەدەکان بوو لەژێر ناوی ئێمەو دیکتاتۆردا، زنجیرە ووتارێکم نووسی کە بە نەفەسێکی گاڵتە ئامێزەوە، پەردەی لەسەر کارە نائینسانی، و ناقانونی، نا ئەقڵانیەکانی، خودی دیکتاتۆر سەدام حوسەین، و بنەماڵەکەی لا ئەدا، و هەر لەبەرنامەکەشا ئەم خوێندەوە. ئەوکات خەڵکانێکی



زۆر پێیان ئەوتم حەز ئەکەین بەردەوام بینوسیت، دواتر هەندێک بارو دۆخ هاتنە پێشەوە کەوتینە ژیانی غەریبایەتی، و پاش دابڕانێکی زۆر جارێکی تر کەوتمەوە سەر ئەو ئەقڵەی، کە ڕەخنەگرتن بە زمانێکی سادە، ڕەنگە نەتوانێ سەرنجی خوێنەر بۆ مەبەستی نووسەرەکەی ڕابکێشێ، بۆیە دەستم کردەوە بە هەمان جۆر لە نووسین، بەڵام بە ئاڕاستەیەکی جیاواز، لەسەر ئاکارە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی کوردستان چ ئەوانەی کە هی دەسەڵاتن وە چ ئەوانەی هی تاکە کەسن بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی پارستنی ڕێزی ئەو خەڵکانەی کە مادەی بزمارەکانن، کەهەندێکیان بەندە خۆی پاڵەوانی ڕوداوەکانیانە. زۆر لەو بیرەدا بووم کە ئەم بزمارانە ڕۆژێک بکەمە کتێب بەڵام نە کاتم هەبوو، نەکەسێکیشم چنگ ئەکەوت تا یارمەتیم بدات بۆ مۆنتاژ کردنی، ئەوەبوو ئیمەیلێکم لە برای ئازیزەوە کاک بەهرۆز حەسەنەوە پێگەیشت کە ئامادەیی خۆی بۆ هەڵسان بەو ئەرکە پیشانداو لەماوەیەکی کەمدا توانی ئەو خەونەم بێنێتە دی. بە تەلەفۆن زۆم سوپاس کرد، و پێم ووت: باوەڕ ناکەم قەت لەچاکەی تۆی ئازیز دەرچم، تەنها بەیەک شت نەبێ، ئەویش ئەوەیە بزمارێکت لەسەر بنووسم! بۆیە لەدڵەوە سوپاسی ئەو زاتە ئەکەم چوونکە ئەو کارە خۆبەخشیە و ئەو ڕۆح سوکیەی نەبوایە نەم ئەتوانی ئاوا بەئاسانی لە دووتوێی ئەم کتێبەیا کۆیان بکەمەوە.

خالید مەجید فەرەج

www.pertwk.com

# ڕاگەیاندنی بینراو

ـ لە تەلەفیزۆنی کوردسات بێژەرەکە خاتونێک بوو، لە درێژەی هەواڵەکانا باسی چاوپێکەوتنێکی ئەکردو، ئەی ووت لە بەغدای پایتەخت کراوە، منیش لە دڵی خۆما ووتم تۆ بڵێی شارێکی کەش هەبێ لە عێراق هەمان ناوی هەبێ ؟ بۆیە ئەڵێ بەغدای پایتەخت تاوەکو لە بەغداکەی تری جیاکاتەوە کە پایتەخت نیە. هەر چەن هێنام وبردم شارێکی ترم بەو ناوەوە نە لەعێراق و نە لە دونیا دا نەبینی، ئەی بۆ وا ئەڵێ ؟دوای بیر کردنەوە گەیشتمە ئەو ئاکامەی کەئەڵێ لە جەزائیر ناوی ووڵاتەکەو پایتەختەکەیان یەکێکە بۆیە ئەگەر مە بەست لەپایتەخت بووئەوترێ جەزائیری پایتەخت ئەگەر مەبەستش لە ووڵاتەکەبێت ئەووترێ جەزائیر بە تەنها، بەڵام لە عێراق ئەوە نیە، ئەگەر بەشی هەواڵ کە پڕیەتی لە سیاسەت مەدارو رۆشنبیر ئەمە حاڵی بێت ئەی ئەبێ وەزعی بە شەکانی تر چۆن بێت، ئیشەڵڵا چاک ئەبێت.

ـ لەهەواڵەکانا رێپۆرتاژێکی لەسەر هۆڕەکانی باشووری عێراقی تیابوو دیارە تەعلیقیشی لەسەر بوو نازانم کێ بوو ئەو بەرێزەی کە نوسیبووی بەڵام خۆشکێک ئەی خۆێندەوە ئەزانن ئەی ووت چی؟ بێستانی خورما، ئەرێ بەرێزانن لەوانەیە من کوردیەکەم باش نەبێ بێستانی کاڵەک شووتی ترۆزی



لەسەر سەرم بەڵام بێستانی دار خورما!!!!!!

ـ پێشکەش کەری بەرنامەی بەخواستی ئێمەی کوردسات پێشەکیەکیان بۆنوسیوەتەوەو وەکو ئاو دۆ رەوانی کردووەو هەموو جارێک پێش دەست پێکردن بە بەرنامەکە دەڵێ دەمانەوێ ببینە باران و ببارێین بەسەرتانا دیارە ئەو خوشکە ئاگاداری ئاو هەوای ئەوروپا نیە کە ئەوەندە باران ئەبارێ خەڵک وەرس ئەبێ، ئەی ناکرێ بڵی ببین بە هەتاو و ببارێین ،بۆ؟ نا.

ـ خۆزگە پەیام نێرەکانی کوردستان تی ڤی ئەوەندە بە حەماسەوە هاواریان نەئەکرد ئەوەشەوە وام ئەزانی لە تۆرابۆراوە پەیام ئەنێرێ کەچی ووتی پەیام نێر..... هۆڵی پارلەمان هەولێێێێێێێێێێێێێر، بۆ زانین تەلە فزیونەکەش لە هەولێرە.

ـ بەرنامەی ساتێک لە تەمەن ناوەکەی غەڵەتە بە قوربان ئەزانی بۆ چوونکە ووشەی ساتێک واتا کاتێکی زۆر کەم بەینەما پرسیارەکانت هەر لە شیرە خۆریەوە هەتا کامڵ بوون ئەگرێتەوە جگە لەوەی کە هەموو خێزانەکەش بەشدار ئەکەیت ، کەواتە ناوی خوای لێ نێ و ناوی بنێ هەموو تەمەن.

مارت2004

www.pertwk.com

## خەیاڵ پڵاو

دووسێ ساڵ لەمەوبەر سەرۆکی جەماهیریەتی عوزما ئەودکتۆرانەی لەروسیا دکتۆرایان وەرگرتبوو لەزانکۆکانی لیبیا لای بردن ، داخۆ کەی حکومەتەکانی هەرێمەکانی ئێمەش ناڵێم هەموو هەندێک، لەودکتۆرانەی کە بەزمانی روسی دکتۆرایان وەرگرتووە، بانگ ئەکردو پێی ئەوتن یەکی عەریزەیەک بەروسی، واتا بەو زمانەی سێ سەد چوارسەد پەرە دکتوراتان پێ نووسیوە، بنوسن ئەوجا دەهێڵین لە زانکۆکانی هەرێم ببنە پرۆفیسور...

ـ لە خەوما من موحافیزی سلێمانی سەردەمی قایدی زەرورە بووم، و شێخ جەعفەری بەستەزمانیش دوکاندار، بەشەق هەمووساڵێک دیواری دەرەوی دوکانەکەم بۆ یەومولموحافەزە پێ بۆیە ئەکردەوە،و وێنەیەکی خوابیپارێزێشم ئەدایە، دەبوو خۆشی لەجامی بگرێ، و لە ژوور سەری خۆیەوەبۆ بەرەکەت هەڵی واسێ، هەر لەوخەوەما ئینتیفازەی بەسەراهات، وحکومەتی هەرێم تەشکیل بوو، لە لایەن پۆلسی هەرێمهلەسەر داوای هاو وولاتی شێخ جەعفەر کەلەپچەکرام ، داوای هەقی رەسمەکان و بۆیاخ و شەقەکانی ئەکردوە، حکومەتی هەرێمیش ئەی گوت راست ئەکا بیدەوە ،

مارتی 2004



## چەوسانەوەی ژن بەدەست ژنەوە

ـ ئەگەر پیاوێکی لەعینی خاوەن ژن و هۆردویەک مناڵ وویستی ژنی دووەم بهێنێ ئایا ئەوەی ئەبێ بەژنی تازە بیر لەو زەعیفە قوربەسەرەی تر ئەکاتەوە کە ئەویش وەکو ئەم ژنە؟ یان ئەڵێ خەتای خۆیەتی ژنی بەسەر دێت و خوائەزانێ ئەپیاوە نەگبەتە چ حاڵێکی هەیە بەدەستیەوە باشترین حەل ئەوەیە تەڵاقی باو مناڵەکانیشی باتێ و ملی بشکێنێ، ئەگەرنا ئەبێ ماڵی جیام بۆ بکا ، ئەحە چاو باشقاڵیش ئەڵێ ئاخر گوناحە مناڵم لێی هەیە( دڵی ئەحەش) ئەڵێ بەزیای خێرم نەکردبێ بۆ نام کەی بەگاڵتەچی رەفیقەکانم پێم بڵێن نەخشین هەوێی ئەو رشکنەیە خوا یەکەو نابێ بەدوو یان من یان ئەو .

ـ دایک حەز ئەکا زاواکانی ببن بە پردو کچەکانی بەسەریا بپەرنەوە، بەڵام ئەگەر کورەکەی نەختێک نازی ژنەکەی هەڵبگرێ ئەڵێ پیاوی ئەم زەمانە بۆ ئەوەنە ژنانین تۆ سەیرکە چەن لێی ئەترسێ.

ـ باوەژن ئەو کەسەیە کە شوبە پیاوێک ئەکات ژنەکەی مردووە یان تەلاقی داوە و مناڵی هەیە، واوەیلا بەحاڵی ئەو مناڵەووردانەی کە لە ژنەکەی ترە، نەرەحمی خواو نە هی بەشەری لەدڵا نابێ بەرانبەریان ئەزانن بۆ چونکە هی ژنێکی ترن.

www.pertwk.com

ـ لەوەتەی دایە حەوا ژنی بۆ کورەکەی هێناوە بوک و خەسو شەریانە ئەمیان ئەڵی نیوەرۆ خەو ئەکا ئەویان ئەڵێ بەخوا درێژ دادڕە، هەردوکیشیان ژنن بۆ بەیەکەوە ناسازێن ئەوەلەخۆیان بپرسن.

ـ کابرایەکی ئەدیب و شاعیرو نووسەر و رۆژنامەوان و رەخنەگرو بێگومان خەباتگێریش کاتێ کە ئەنووسێ ،هەمو مافەکانی ژنان یەک لەدوای یەک ریز ئەکاو لە رۆژی ژنانیشدا ناسکترین قەسیدەیان لە گەڵ شنەی بای بەیانیا بۆ ئەنێرێ ، بەڵام لەماڵەکەی خۆیا ناتوانێ هێلکەو رۆنێک بۆ خۆی بکا، ئەزانن بۆ چونکە کاتێک کەجەنابی روناک بیر ژنی هێناوە هێشتا قانونی رێزگرتن لە مافەکانی ژن دەر نەچوو بوو بۆیە بەسەر ئەوا تەتبیق نابێ.

ـ تێبینی...ژنان، کەی ماڵی خۆتان رێکخست کاکی موفەکیریش، کەی ئەفعالەکانت وەکو ئەقوالەکانت وابوو، منیش لەم قسانەی خۆم پەشیمان ئەبمەوە ....

مارتی2004



## کاک دکتۆر

....کاک دکتور بەردەوام خەریکی کۆرو سیمینارە، لەسەر رەوشی ئێستاو ئایندەی کوردستان، و ئەگەرەکان و حەتمیەتە مێژوییەکان، و رەهەندەکان و ڕای بەڕێزیان دەربارەی گۆرانکاریەکانی ناو چەکە،و نەخشەی رۆژهەلاتی ناوەراستی نوێ، و ئاکامەکانی بەدی هێنانی ریفراندوم ،ونەزمی نوێ ی جیهان، و هەڵسەنگاندنی سیاسەتەکانی ئەمەریکا لە عێراق وئاسیای دوور، و کاردانەوەیان لەسەر وەزعی راهینمان، و نەخشەی جیوپوڵتولیکی کوردستان، و دەوری لە سەر نەگرتنی وەیان بەدی نەهاتنی خەونەکانمان، و سیاسەت هەر لە ماکیاڤیلیەوە تاوەکو عەبە سیاسی، و راو بۆچونی لەسەر دەستوور، و هەموو ئەوباسانەی کە پەیوەندیان لە دورو نزیکەوەبە ئیختساسەکەیەوە نیە. بەڵام لە بەر کاریگەری وەهمی دکتۆری کە تێی کەوتووە، خەڵکانیشی خستۆتە ئەو وەهمەی کە کاک دکتور ، دکتۆرای لەو بابەتەیا هەیە کە باسی ئەکا، من ئەڵێم رەنگە بەرێزی دکتوری دان وەیان کشتوکاڵ وەیان بینا سازی بێت، بەڵام هەرگیز دکتۆری زانستە سیاسیەکان وەیان لانی کەم مێژوو نیە، بڵێی ئەورۆژە کەی بێ کە کاک دکتور، لە غەیری ئیختیساسەکەی خۆیا نەبێ هیچ کۆرو سیمینارێک نەگرێ؟ ئەگەر گرتیشی بۆ رێزگرتن لە ئەقڵی گوێگر لەقەبی دکتوریەکەی، لە خۆی بکاتەوە، و وەکو کەسێکی ئاسایی قسەی لەسەر بکا،

www.pertwk.com

چوونکه ئەویش لەم باسەدا وەکو هەموو ئەوانەی لێ ئەزانێ کەهێنراون، بۆ موحازەرەی کاک دکتور، رەنگە هەندێکیان لەویش باشتری لێ بزانن .

مارتی2004



# فەوجی خەفیفە

لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم وسەرەتاکانی سەدەی بیستەم دا، بیروباوەڕی نەتەوایەتی و مافی چارەی خۆنووسین، لە ئەوروپاوە بەرەو خوارەوە شۆر بۆوە ،و گەیشتە بەر قاپی هەموو ئەونەتەوانەی کە ئیمپراتوریەتی عوسمانلیان پێک هێنابوو ،لە کورد و تورک عەرەب وئەرمەن.لەبری ئەوەی کوردەکان ئەو هەلە مێژووییە بقۆزنەوە،و دەوڵەتەکەی خۆیان پێک بهێنن بە تایبەتیش ئەوان خەڵکی ئازاو شەڕکەریان زۆربوو، سەرەرای ئەوەش بەدەست سیاسەتی شۆفێنیستی عوسمانلی دواکەوتووەوە کەمیان ئازار نەچێشتبوو ،بۆیە چاوەڕروان ئەکرا یەکەم میللەت بن کە دژی سەڵتەنەت ڕاپەڕن ،بەڵام کوردەکان لەبری ئەوە هەڵسان بەقسەی سوڵتانیان کرد، کە ئەی فەرموو، ئەوە بیروباوەری مەسیحیی کافرە ئەیەوێ دەوڵەتی موسڵمانان وێران کا، ئەوەی لەشەڕی ئەوانا شەهید بێ، دەست لەملان بەدەم هەنگوین لێستنەوەوە لەگەڵ حور ئەلعەینا لەجەننەتا دانی ئێواران پیاسەئەکا،بۆیە تێکرا چوونە ریزی سوارەی حەمدیەوە، کە سوڵتان عبدالحمید ساڵی 1885 لە عەشایەرە کوردەکان بۆ سەر کوت کردنی خۆیان، بەدەرەجەی یەک ، و پاشتر بەرهەڵستکارانی سەڵتەنەت کە ئەو دەمە بەهۆی ئەو بیرو باوەرانەوە پەرەی سەندبوو، تەشکیلی کرد. دواتریش لەساڵی 1908 پاش نەمانی

www.pertwk.com

خەلافەتی سوڵتان عبد الحمید، لەسەری دەستی مستەفا کمال و حیزبەکەی( ئیتیحاد و تەرەقی) ناوەکەیان گۆڕا بۆ سوارەی خەفیفە ، بە عسیش هەر ئەو ناوەی لە و فەوجانە نا بوو، کە بۆ دیفاع کردن لە عێراقی 17و30 گەلاویژ تەشکیل کران. جا ئەوەی نازانم داخۆ شەهیدانی فەوجە خەفیفەکانی سەدامیش کاتێک چوونە بەهشت، حور ئەلعینیان درایە؟ یان لە بەر سوارەی حەمیدی بەشی کەسی تر نەمابوو...زۆر سەیرە ئەڵێن مێژوو دووبارە نابێتەوە .

مارتی 2004



## نەتەوەیی

کابرایەکی نەتەوەیی عەیارە بیستو چواری بێ گومان دانیشتووی هەندەران، سوێندی خواردووە ئەگەر لە سەربەخۆیی کوردستان و دەوڵەتی کوردی کەمتری بۆ بەدەست بێنن; جارێکی تر تەشریفی موبارەکی ناباتەوە وولات، وحاشا لە دیاری هەموو قەوم ئەکا. هەقیشیەتی ئەزانن بۆ ؟چوونکە خوا هەڵناگرێ قوسوری نەکردووە، لە ناردنی ئامۆژگاریە بە نرخەکانی بۆ سەرکردایەتی ،و هێزی پێشمەرگەی کوردوستان ،چ لە رێگەی مەقالاتە سیاسیە قوڵەکانیەوە، بێ و چ لەرێی موداخەلە ئاگرینیەکانیەوە، کە لە کۆرو سیمینارو بابەتەکاندا، کە بە حەماسێکی زۆر نا ئاساییەوە دەریان ئەبڕێت ،و بێ پسانەوە بەگژ ئەوانا ئەچێتەوە کەداوای کەمتر لە دەوڵەت ئەکەن، و لەهەموو بۆنەو موناسەبە کوردیەکانیشا کڵاشەکان و رانکوچۆغکەی حازرە، بۆ سەرجادەکانی ئەوروپا، ئەی چی پیاو کە چوو بۆ کوردایەتی نابێ لە هیچی کەم بێت، خۆ ئەگەر تورکیەش جورئەتی کردوو هەرشەیەکی ئاراستەی هەرێم کرد، هەر لێرەوە لە (هەندەرانەوە) ئەبێتە ئاگری سور،و ئەوەی ئیعلانی جەنگ دژی ئەو وولاتە نەکا، ئەوا خاینی عەیارە بیستو چوارە. بەڵام کاکی پڕ نەتەوەیی پاسپۆرتەکەی خۆی لەبەر مۆری دخولیەو خروجیەی تورکیا، شوێنی بەتاڵی تیا نەماوە، دیارە لە گەڵ هەر مۆریکیشدا مەترێک بزەی خستۆتە سەرلێوە نەتەوەییەکانی

www.pertwk.com

بۆجەندرمەکانی سەرسنوور، و ئەگەر پێی بڵێی ئەرێ برا خۆ ئەوە مۆری دەوڵەتەکەی ئەتاتورکە، گەر بۆشت ناکرێ وەکو داوا لە خەڵک ئەکەیت، چەک هەڵگری وبەرانبەریان بووەستیتەوە، هەر هیچ نەبێ بۆ پرۆتستۆ کردنی هەڵوێستی ئەو دەوڵەتە لە مەر مەسەلەی نەتەوەیی مان، کە باوەڕت پێیەتی ، ئەو مۆرە مەخەرە سەر سەفەرنامەکەت ،ئەڵێ ئەی لەکوێوە سەیارە بەرمەوە .

مارتی2004



# **تورکمان**

کوردەکانی ئەنجومەنی حوکم ئەگەر باسی گەرانەوەی ئاوارەکان بۆ کەرکوک بکەن، باسی مەزلومیەتی کوردو تورکمان بەدەست بەعسەوە پێکەوە ئەکەن ، بەرانبەر بەوە تورکمانەکانی کەرکوک نامەیەکیان بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی حوکم نووسیوە،و تیایا ئەفەرموون ( وای لە حاڵی تورکمان و عەرەبی بەستەزمان، بە دەست میلیشیای جەلال ومەسعودەوە نفوس دایرەسی سوتانیان، سجلات تاپۆ تەمزیق کردیان، بز هویە ئەحوال مەدەنی نیە لە خۆمان ،ناوی حەپس محەلاتی تجاری و موستەشفاو فەنادق وشەواریع داگیش کردیان بە کوردی، حەملات تەکرید مستەمر، لە دەوائر رەسمی ئەگەر کوردی بلیسەن ئیش تێپەر وەڵسەن ئەگەر تورکی ئەو عەرەبی قسسە کرد، ئیش مەحتەل (چەقی وەڵسەن)، جەناب رەئیس موحتەرەم، سەن قبوڵتانە تورکومەنی شەڕی پارتیزانی و شانە چەکدارەکانی قەلعەو جووت قاوەو قۆریە ساری کەهیە، بە لوغەی ئانەیان لەسەر قوتعەی حەمام نەنوسن حەمام دای شوکر یەرمی دۆرت(24) سەعات سوجاخدر واتا حەمامی پاپیرە شوکر بیستور چوار سەعاتە گەرمە.

مارتی2004

www.pertwk.com

## مافی ڤیتۆ

کابرایەکی کوردی کۆمۆنیستی کرێکاری، ماوەیەکی زۆر قسەی لەمەر هەموو مەسەلەکان کرد، هەر لەناو خۆوە بۆ ئیقلیمیەکان، لەوێشەوە بۆ نێو دەوڵەتیەکان، لە تاکتیکەکانەوە بۆ ستراتیژیەکان،و لەنەتەوەییە دواکەوتوەکانە وە تا ئەگاتە خێڵەکیەکان، لەمسەری عەلمانیەتەوە، بۆ ئەوسەری ئاینی، زائیدەن عەولەمە،و کۆمەڵگای مەدەنی ،و عەرەبە قوربەسەرەکانی کەرکوک، کە ئەوانیش ئینسانن و نابێ دەربکرێن،(ئەوانەی ماڵی کوردیان داگیر کردووە) بێ گومان ئەوەیشی لەبیر نە ئەچوو، جارجارە و خۆش خۆش تاکید لە جەهل و نەفامی نەیارەکانی بیروباوەڕەکانی خۆی بکاتەوە، کە بەشێکی باش لە گوێگرانی بەرێزی بوون لەو هۆدەیەی کە بە موداخەلە بەپێزەکەی بابەتەکەی دەوڵەمەند  ئەکرد!بەڵام شتێکی سەیرم لەو رۆشنبیرە فرە ئیهتمامە بینی،کاتێ هاتە سەر دەستورەکاتیەکەی عێراق وبڕگەی (ج) لەمادەی  60 بەمافی ڤیتۆی ئەوت مافی میتۆ.

مارتی2004



## مەسفای نەوت

بەسەرپەرشتی سەرۆکی ئێستای ئەنجومەنی حکومەتی کاتی عێراق، محمەد بەحر ئەلعلوم، بەردی بناغەی دوو پاڵاوتگەی نەوت، یەکێکیان لە کۆیەی سەر بەدەسەڵاتی حکومەتی سلێمانی، و ئەوی تریان لە هەولێری سەر بە سنوری دەسەڵاتی حکومەتی هەولێر، بە بۆنەی جەژنی نەورۆزەوە دانرا، وەیان راستر بڵێم دانران، چونکە دووبناغەن، ئەوەی ئاگاداری جوگرافیای هەرێم نەبێ، ئەڵێ داخوا ئەودوو شارە چەند لەیەکەوە دووربن ، رەمبێ ئەمیان لەم سەری هەرێم، و ئەوی تریشیان لەوپەری بێت!

بەندەوای بۆ ئەچێ کە بڕیارەکە لەبەر زەروراتی ئەمنی قەومی، هەردوو پارچەکەی هەرێمی فیدرالی یەکگرتوو ئاوا درابێت، نەوەکا خوابەو ڕۆژەی نەکا پەیوەندیە دیپلوماسیەکانی نێوان ئەم بەرو ئەوبەری هەرێم بپچرێ، و بکەوینە داوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەرنامەی نەوتی شیواشۆک بەرامبەر بەماست ، دەنا ئەو دووشار ئەوەنە لەیەکتریەوە نزیکن،  ئەگەر لە هەیبەسوڵتانەوە باز بدەیت ،یەکەو ڕاست ئەکەویتە حەوشی پارلەمانەوە لە هەولێر، جا لەوەی حاڵی نەبووم داخۆ ئەوەی هەولێر هەر نەوتەکەی شیواشۆک سپی ئەکاتەوە، یان  هەر لە بەر

www.pertwk.com

ھەمان زەرورەت  لەباشورەوە بەعوملەی سەعبە ئیسترادی ئەکا؟
لەمابەینی ھەولێرو شارەکەی کۆ
بەرمیلی بەتاڵ دانێ و بێ خەم برۆ
مەسفا ئیش ئەکات بیستوچوار سەعات
کۆیە بوەستێ ھی ھەولێر ئەگات

مارت2004



# ھەستی نەتەوایەتی

ھەمووئەزانین کە کەرکوکی قودس و دڵی کوردوستان شارێکە ،بەجوغرافیا کوردستانیە و،بە نفوسیش زۆرینەی کوردە، ئەبوایە بەپێی بنەمای کەمینە فێری زمانی زۆرینە ئەبێن، قیسمێکی باش لە تورکمانەکان کوردیان بزانیایە. بەڵام ئەوەی جێگەی سەر سوڕمانە زۆربەی کوردەکان خۆیان فێری تورکی کردوەو، وەکو بولبول قسەی پێ ئەکەن، ئەگەر بکەونە قسەش کەس نازانێ تورک نین کوردن و، بەتورکی ئەشەغڵێین (( خزمانی کوردستانی باکورئەگەر پرسیاری زمانێکت لێ بکەن ئایا ئەیزانی؟ وا ئەڵێن)) بەڵام ئەو تورکمانانە کە کەمینەشن ناتوانن بەکوردی قسەبکەن ئەگەر قسەشیان کرد، ئەوندە بە خوارو خێچی ووشەکان دەرئەبڕن یەکسەر ئەزانی تورکمانن سەرەڕای ئەوەی کە لەڕستەیەکیاندا سێبەشی ووشەکان تورکین. ئەمەلەکاتێکدا کە تورکی ھەرگیز زمانی رەسمی دام و دەزگاکانی دەوڵەت یان خوێندن نەبووە، تابڵێین ئێمە ناچاربووین فێری ببین بەرای بەندە ئەم ئافاتە،ئەگەڕێتەوە بۆ دووئیحتیمال:

1.یان ئەوەتا زمانی تورکی زۆر لە کوردی خۆشترو شاعیرانە ترە
2. یان ئێمەی کورد ھەستی نەتەوایەتیمان ئەوەندە کزە، بە ڕادەیەک خۆمان نەک ھەر لە نەتەوەی بەژمارە لە خۆمان زل تر،

بەڵکولە بچووکتریش بە کەم تر ئەزانین.

نیسانی2004





# ئوستاز

کابرایەکی فەیلە سوف ورۆمان نووس و موفەکیرو ڕۆشنبیری ئینسکلۆپیدیایی، کاتێک پێ ئەڵێن کاکە تۆ چیت خستۆتە سەر خەرمانی کلتوری گەلەکەت؟ ئەڵێ ئەوپرسیارە ئاراستەی رەخنەگران بکەن، ئەوان ئەزانن. کاتێک هەمان پرسیار ئاراستەی (خاوەن قەڵەمێک)ی بوغرای کورد ئەکرێ، قوتابیەکانی پڕت ئەدەنێ، ودوای فەزیعەتێکی موحتەرم، پێت ئەڵێن ئێمە قوتابی قوتابخانەکەی مامۆستا(.......)ین، و بە هۆی شاکارەکانی ئەوەوە عەشقی دنیای ووشەو چڕوچاو ڕنینەوەی نەیارکانی قەڵەمە زێرینیەکەی بووین، و جارێکی تر ناماقوڵی وا بکەیت دەم و دانت ئەبەین بۆ ئاش، بۆ پێش مامۆستا ئەدەب شیعرو رەخنە و زمانەوانی و فیکرو ئسلوبی نووسین هەبووە؟ نەوەڵا بەرێزان هەمووی لەو مامۆستاوە دەست پێ ئەکا، بەڵام تکایەکمان لێی هەیە زوو یەک دوانێک لەو قوتابیە چاوتیژانەی فێری ئەو ماریفەتەی خۆی کا، نەوەک خوابەو رۆژەی نەکاو (هە مومان گیای مردنین) ، بمرێ ولەگەڵ خۆیا سڕی ئەو میهنە جوانەی بەرێتە قەبرەوەو، ئەدەبی کوردی جیهانیش بۆ هەتا هەتایە هەتیوو بکا.

نیسانی2004

www.pertwk.com

## رەخنەگر

ئەڵێن ڕەخنە زۆر قەدیمە لەگەڵ دروست بوونی ئادەمیزادا ئەویش بە خێرێ پێی ناوەتە دنیاوە،وهەربەهۆی ئەوەوەیە کە ئەتوانین شتەکان دیاری بکەین و، باش و خراپیش لێک جیابکەینەوە، ئەگەر ڕەخنەگر دیار نەما ئەوا هەمووشتەکان تێکەڵ و پێکەڵ ئەبن و،هەموو ناسازیەکانیش تا رادەیەکی زۆر پێکەوە هەڵئەکەن ، رەخنە گریش ئەبێ مەوزوعیانە بابەتەکە سەیر کاو بێ گومان شارەزای زۆر بواری دیکەی مەعریفەیش بێ،و شیکاریەکانی تەنها لە سەر بابەتەکە بێت، ئەمە پێناسەی موسەقەفێکی ناو کتێبە کە ئاگای لە ڕەخنگری ئەم عەیامە نیە ،کە لە بری شەن و کەوکردنی بەرهەمەکەی بەردەستی کە بابەتی ڕەخنە کەیە ئەکەوێتە تەشریح کردنی نووسەرەکە ، خەڵکی کوێیە ،حەزی لە چیە ،لە عانی لافاوەکەی سلێمانیا سەر بە چ حیزبێک بووە، ومەعلوماتیشی لایە کە ئەو ساڵە لە هیزە ڕۆنەکەی ماڵی پورمەنیج، لە کاتی بگرەو بەردەکەی بەردەرکی سەرا کەو چکێ رۆنی خۆشی دزیوە و پورمەنجیش بە مەقالێک لە ژێر ناونیشانی ڕۆڵی هیزە لە بنیات نانی کۆمەڵگای مەدەنیا ئەودزیەی ئاشکرا کردووە . ئەگەر تورەشی کەن ناوی ژن و مناڵەکانیشی ئەهێنێ و پێشی ئەڵێ وەختێک خوێ بەمەن ئەفرۆشرا ، ئیتیجاهی سیاسی خۆی و دراوسێکەی ئەمپەڕیشیان چی بووە. من پێم وایە رەخنە گرێک کە



ئەوەنە سادی بێ ئەگەر گوێی لە ناڵەو هاواری قوربانیەکەی نەبێ خەوی لێنەکەوێ ، ئەوە بۆ جەللادی بەر قەنارەنەبێ هەرچی عەمەلیکی دیکەی پێ بسپێری خەسارە.

نیسانی2004

www.pertwk.com

# پەنابەری سیاسی

کوردێکی رێک و پێک، کە ئەچێتە بەر تەحقیق، لەدائیرەی پەنابەران، هێچی تیا ناهێڵێتەوە بۆ پاشەڕۆژ. دوژمنانی بیرو باوەڕو چالاکیە سیاسیەکانی، بەم شێوەیە ڕێک ئەخا لەوەسەت وجنوب بە عسی رەفتار فاشی حوکمی ئیعدامی سێ جار دەرکردوەوئێستا بەدوایا ئەگەڕێ، چوونکە لە شەوێکی دەیجوردا جەلادەکەی بەپارە رازی ئەکاو، لەسەیارەی خۆڵەکەیا ئەیشارێتەوەو لە ژووری ئیعدام قوتاری ئەکا،کەاتە( مەتلوب حەییەن ئەومەییتەن ).لەکوردوستان ئەم حیزبانە بیگرن کەوڵەکەی ئەکەن بەمەشکە.ی ن ک ، پدک، شیوعی ، سوشیالیست،هەتا دوایی. سەرتان نەئێشێنم شەوێک نارنجۆکێکیان فڕێدایە ماڵەکەیانەوە، ژنەکەی، عازیزتان خۆش، دەڕۆژ پێش دەرچوونەکەی، بەرازیلیەکی نارنجی دەوروخولی ماڵەکەیانی دابوو دووکەسی تیابوو دەماخیان کردبوو، بە هەزار حاڵ نەجاتی بوو لە دەستیان.دوای قوتار بوونی جەنابی وهاتنی بۆهەندەران بەدەڕۆژ، خەبەریان دایە کە حیزبەکان هەڵیان کوتاوەتە سەر ماڵی باوکی و  لە جیاتی ئەم ناشیتە سیاسیە کە دنیای بە تروحاتەکانی لەوحیزبانە کردبوو، بە چەرمی چۆلەکە گرتویانەو لە ژێرتەعزیبا رۆحی دەرچووە.ئەم سیاسەت مەدارە خەتەرناک و رادیکاڵە هەرئەوەندەی جەوازی ئینسانی وەرگرت یەکسەر تێ ئەتەقێنێ بۆ کوردوستان وبیری ئەچێتەوە کە لەوێ بە



دوایا ئەگەڕێن، هۆڵی کامەرانی بەکرێ ئەگرێ و،لەگەڵ ئەو کچەی کەپێش دەرچوونەکەی وەعدی دابویە بیهێنێ، ئاهەنگێک ساز ئەکا نیوەی ئەوشارە پارووە شفتەی تیا ئەگلێنن. کاکی گۆرانی بێژیش جار جارە ،گۆرانیەکە ئەبڕێ وئەڵێ سەد دینارلەلایەن دایکی زاوای سیاسەت مەداروموختەفی و پەنابەری سیاسی لە هەندەران ،کە ئەو بەرێزەیە ئێستا لە تەنیشت بۆکێوە خێرا خێرا رەسم ئەگرێ و هەموو شار ئەزانێ هاتۆتەوە، پێشکەشە، پەنجا دینارلەلایەن هاوڕێی ........

نیسانی2004

www.pertwk.com

# هەموو شاعیرین

لەشاعیرو فەیلەسوف محمد ئیقبال لاهوری ئەپرسن، تۆ بۆ بیروباوەرە فەلسەفیەکانت لەشێوەی شیعرا بڵاو ئەکەیتەوە؟ ئەڵێ ئەم میللەتەی ئێمە دواکەوتون، ئەگەر وانەکەم کەس نایانخوێنێتەوە.

ئەڵێن لە هیندستان قەومێکی لێیە، شێتی شیعرن، رۆژێک یەکێک لەوشاعیرانە کەلای خەڵکی زۆر خۆشەویستە، بەرێکەوت دەست لە تەکسیەک ، ڕائەگرێ، سایەقەکەش قسەناکا هەتا سوار ئەبێ، یەکسەر دمانچەکەی ئەخاتە سەرملی شاعیر،و ئەڵێ نەجوڵێی، ئەی باتەوە بۆ ماڵی خۆیان هەموو خزمەکانی بانگ ئەکا،و پێی ئەڵێ دە ئیتر شیعرەکانتمان بۆ بخوێنەوە، بەو شێوەیە دوسێ سەعات شیعری پێ ئەخوێننەوە، ودواتر ئەی گەێنێتە ئەو شوێنەی کە بەتەمابوو بۆی بچێ. ئێمەش لەکوردستان شاعیرمان زۆرە،و قیسمێکی باشیشیان بەشیعر نزیکی دوڵی سیلیکۆن بوونەتەوە ،(ئەم شوێنە لە ئەمەریکایە و بە دروست کردنی کۆمپیوتەر بەناوبگە)واتا کۆمەڵگای پیشەسازیشیان دەرباز کردووە، بەڵام هێشتا سەرولەقەبی شاعیرانی سەدەکانی هەژدەو نۆزدەیان کردووە بە سنگی پڕ شیعریانا، ئەڵێن ئەوکاتەی کە هێمنی شاعیر لە کوردوستانی باشوور پەنا بەر ئەبێت ،سەردانی شوێنی ئەدیبان ئەکا، هەرکەسێکی پێ ئەناسێنن لەوی تر قوڕ بە سەر تر ئەبێ، بۆ



نموونە (( شێواو ، پەشێواو ، رەنجبەر ، بێ بەش ، بێزار، بریندار، بێدار، زامار،) هەتا دوایی لیستەکە هێمنیش ئەڵێ ئەرێ خۆ کەسێکی ساغی تیانەبوو! بەڕاست ئەمە شوێنی ئەدیبانە یان خەستە خانەی تەواریە؟ لە هیندستان ئێستاش هەر حەزیان لە شیعرە بەڵام لە ئەمەریکی وئەڵمانەکانیش بە دەست و برد ترن، بۆ پرۆگرام کردنی کۆمپیوتەر، کوردستانی خۆشمان خوا بەو ڕۆژەی نەکا ئەگەر برِوخێ بەسەرشاعیرا ئەڕوخێ ، نازانم بۆ؟ رەنگە شیعر لە جنسە ئەدەبیەکانی تر خۆشتر بێت، وەیان شیعر کەمتر پێویستی بە خۆ رۆشنبیر کردن هەبێ، وەیان نوسینی ئەوندە ئاسان بووە تەقریبەن هەموو شاعیرین.

نیسانی2004

www.pertwk.com

# کەو

پێش ئەوەی ئێمەی کورد ئاوا بەکۆمەڵ و بە دانە ئاوارەی هەڵدێران بین، یەکێک لەو شتانەی کە شانازیمان پێوە ئەکرد کەو بوو، ئەمان ووت خواگیان ئەم باڵدارە خنجیلەی تەنها لە کوردوستان و لە خۆشەویستی کورد درووست کردووە.

لە ناوەڕاستی نەوەدەکانا برادەێکم لە یۆنانەوە زەنگی بۆ لێدام ،ووتی کورە خۆ یۆنان پڕێتی لە کەو!!! ووتم تڕحێو کەواتە ئەوەندەساڵە ئێمە لەواهیمەی کەو تەنها باڵداری کوردوستانە ئەژین. هەر بەو موناسەبەیەوە ساڵە های ساڵە ئەڵێن گوایە کەمال جونبوڵادی سەرۆکی پێشووی حیزبی تەقەدومیو ئیشتراکی دورزی لوبنانی، بە ئەسڵ کوردە،و کاتێکیش ئیغتیالیانکرد گەلێک بۆی دڵگران بووین، دوێنێ وەلیدی کوری کە لە پاش خۆی بە پێی ((سیستەمەی کوڕ لە جێی باوک )) باحیزبەکە سوسیالیستیش بێ، بوو بە رەئیس حیزب، ئەڵێ کوردەکانی عێراق ئێوەش وەکو موقتەدایو فەلوجوییەکان لە دژی ئەمەریکیەکان زوو بن ڕاپەڕن، بۆ؟ وەڵا ئەمڕۆ مۆدەی خەباتە لە دژی داگیر کەری ئەمەریکی بائێمەش وەکو هەموو مێشک پووچەکانی ناوچەکەو دونیا رووومان لای بەشار ئەلئەسەدو رەفسەنجانی و عەلی عەبدوڵڵا ساڵح رەش نەبێ، ئەی کوردەکانی سووریەچی بکەن؟ ئەڵێ با ئەوان دانیشن



وشوکری خوابکەن کێ خوا ئەبیاتێ لە ژێر حیمایەی عوروبەیا تولئە لعومر شەق بخوا.

نیسانی 2004

www.pertwk.com

# کوردو شیعه

بۆ جەنابی( جۆرج دەبڵ یو بۆش) رەئیسی وولاّتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا ،برای گەورەو زێدە ئازیزم ،لەساڵی نەوەدو یەک ئێمەی کورد لە گەڵ شیعە زۆرمان گلەیی لە بەرێزی باوکت ئەکرد، کە چاکەی هەتا سەرنەبوو ،باڵە درێژەکانی سەدامی کرد وچەپۆکەکانی لە سەر ناوخۆهێشتەوەوجارێکیتر رێگەی پێدایەوە، کۆپتەروحەرەس جەمهوریەکانی خۆی بەکاربێنێتەوە. ئەویش نەی کردە نامەردی کەربەلاو نەجەفی کرد بە مەلعەبی گورگەکانی سێ محافەزە بەیزاکەی عێراق و، گومبەزی پیاوچاکانیشیانی بەراکێت هەموو کوناودەرکردو،موقەدەسەکانیشی لە خۆڵ وەردان. سەراپای کوردیشی لە شەوورۆژێکا کرد بە پەنابەری دەوار نشین لە ئێران وتورکیە، باوکت ڕۆشت میستر کلینتۆن هات و هەشت ساڵی ڕەبەق لە کۆشکی سپی بەدەم دەنکە کولەکە خواردنەوە لەگەڵ مۆنیکا دای کوتی. جارێکی تر حیزبەکەتان جۆش و خرۆشی خستەوە ریزەکانی خۆیی و، دەست لە دەست و قەوەت لە خوا حیزبی دیموکراسی بە خۆو بە کاندیدیەوە کەنایبی کلینتون بوو، لە کۆشکی سپی دەرپەڕاندو، کردنی بەکرێ چی ماڵان . بەرێزیشت بوویتە سەرەک کۆمار. تۆش بۆ راستکردنەوە وەیان تەواو کردنی ئەوکارەی کەباوکت بە نیوە ناچڵ بۆی بەجێ هێشتبووی ، دوور لەمەجلیسی ئەمن هەرچی گەنجی ئەمەریکایە سەرو تفەنگت دانێ



و، تەیارەکانیشت  فوڵ کرد لە بەنزینی مونتازو بێ گوێدانە تانەو لۆمەی  ئەو دونیایە، کەزۆربەی زۆریان لە کەلەچیخانەکان دەرسی بەرژەوەندی و سیاسەتیان خۆێندوە، رەوانەی سەحرای نەجەف وکەربەلا کردوو، نەک هەر شیعە بەڵکو کوردیشت بۆ هەتا هەتایە لەمێردەزمەی سەدام و تکریت و رەمادی و فەلوجە قوتار کرد. تۆ بزانە لەبەرانبەر ئەوە ئێمە چیمان کردووە؟ هەرچەنە ئێمەی کورد چاکەی ئێوەمان لە سەرتەپڵی سەر داناوەو، بەردەوام لە زیکری فەزڵی بەڕێزتانایین، بەڵام  بۆحاڵی خۆمان هیچمان نەکردووە. ئەوە بۆ سیانزە سیاڵ زیاترئەچێ ناوچەکەمان بەسایەی سێبەری باڵەکانی تەیارەکانی ئێوەوبەریتانیاوە بەئارامی پاڵی لێ داوەتەوە و راتبی تەیارەچیەکانیش هەر لە کیسەی خۆتانە، ساڵێکیش زیاترە بەتەواوی لە دڵە ڕاوکێی ئەها سەدام هاتەوە ئەها رۆشت، نەجاتتان داوین. ئێمەش بە بێ فەخر لەداخی ئەو دوژمنانەی کە، ساڵەهای ساڵە ئێمە ئەڵێین بێنەو ئەوان ئەڵێن نیەو، حوکمەتۆکەیەکیشمان لە سەرانسەری هەموو کوردوستانی گەورە پێ ڕەوانابین، بۆ ئەوەی دڵیان شەق بەرێت، هێنامان لە بەشێکی ئەوکوردوستانە دو حکومەتمان تەشکیل کرد، دورەئیس وزەرا، دوو کابینە، دەبخۆن دەی کورد نابێ حکومەتی خۆی هەبێ وەڵلا دانەنیشن بەدەردی خۆتانەوەئەی کەینە سیانیش . جەنابی سەرۆک ئەوەحاڵی ئێمەی دۆنەدیوە. ئەوجا با بێینە سەرشیعە بە رێزم لێتان شاراوە نیە ئەو تایەفەیە حاڵیان چۆن بوو پێش تەحریرو ئێستاش چۆنن. ئەوانە تا سەدام مابوو ئەگەر لە دوو کەسیان زیاتر پێکەوە

www.pertwk.com

بووەستانایە پێستیان ئەبردنە دەباخانە،ئێستاش بە فەزڵی زنجیری دەبابەکانی ئێوەوە بە سەدەها هەزاریان، لە عاشوراو نوێژی جومعەکانیان پێکەوە خر ئەبنەوە، نەک هەرئەوە بەڵکو پێش هاتنی ئێوە حەوزەبە سامیتیش نەی ئەتوانی دانیشێ چوونکە زمانیان ئەبڕی ،ئێستا زمانیشی پەیاکردوەو، بوە بە ناتیقە .بەڵێ بەرێز، ئەوانە ئەمڕۆ لەجیاتی ئەوی نانێک بخۆن و نا نێک بەن بە ساقە سەری ئەو سەربازانەی کەئەم ڕۆژەیان بۆ هێناونەتەدی، لەپای چاکەو پیاوەتی بە چەپڵە ڕێزان دوای موقتەدای مێرد منداڵ کەوتون و ئەڵێن ئیحتیلال بۆ دەرەوە.

بەرێزم ئەگەر بە قسەی برای بچوکی خۆت ئەکەی ئەوکوڕە قۆزانەی وڵاتەکەت چیتر بۆ ئێمە بە کوشت نایەیت ولە بەیانی زووتر نیە ئەیاننێریتەوە باوەشی کەس و کاریان ماڵت ئاوابێ کورت بەزاوا بێ تەحریری فەرەحی بێ وخوا نەیبرێ بەخوا باوکم ئێمە ئەوەندە خوارین پەنجا ساڵ لەسەر یەک گەرممان کەیتو لەسەر دەزگا چەکوشمان لێبەی نایەینەوە تایم، برۆ با بە هۆی ئێمەوە ئینتیخاباتەکەش نەدۆڕێنی، خەفەتمان لێ مەخۆ ئێمە ئەگەرئەو شەڕەگەڕەکە نەبێ، خەومان لێ ناکەوێ.

پەندی ئەمڕۆ قەبری جەماعی بەرەو پیرمان بێ خۆشترە لەوەی یەک حوکمەتمان بێ ئەنفالێکی تر نەبڕێ حەیاتمان دوایی ناهێنین بە خیلافـــاتمان.

نیسانی2004



## کۆنگرەی موساڵەحە

هەبوونەبوو لە وولاتێکی نیمچە ئازاد کراو ، وەکوو هەموو وولاتە دیموکراسیەکانی ئەو دونیایە ،دوو عیزبی گەورە و برەک عیزبی گچکۆکەش هەبوون ، مەگەر هەرخوا بۆ خۆی بزانێ چەن ڕێک و پێک و تەبا بوون، بە تایبەتی دوو عیزبە گەورەکە ،هەر چوارساڵ جارێک هەڵبژادنی ئەنجومەنی یاسادانانیان لە سەر مۆدێرن ترین شێوازەکانی دیموکراسی بەڕێوە ئەبرد، هەر لایەنە پر بە دڵی خۆی پڕوپاگاندەی هەڵبژاردنی لۆ بەرنامەکەی خۆی ئەکردو، عیزبی موقابیلیش هەمان دەستور، بۆ کەس لەکەس ئەکەوت ، جارجارە فەرموو فەرموشیان لەیەکتری ئەکرد (ئەڕۆی ، پێشکەوە فەرموو نابێ بەخوا، برای گەورەی ، هەزار دەستکەوتی حیزبی ئەکەینە قوربانی دۆزی گەلەستەمدیدەکەمان )خۆدنیا کاول نابێ کورە ئەم جارە با ئێوەبن جارێکی تر ئێمە کەسیشمان خوانەخواستە کیسەی بۆ دەسەڵات هەڵنەدوریوە. چ گەلێک لە دەنیایە ئەوندەی گەلی کوردی ئەمدەڤەرە بەختەوەربووە ،خوانەیبرێ دوو حیزبی گەورەی هەبوو، هەر بە ناوەکانیانا دیاربوو ،کە نەبۆ پاوان کردنی دەسەڵات و نە بۆ دوبەرەکی دروستبوون، دوای پرۆسەی هەموو هەڵبژاردنێکیش حیزبی دۆڕاو بروسکەی پیرۆزبایی بۆ حیزبی براوە ئەناردو، حیزبی براوەش نەئەکەوتە ئیستغلال کردنی دەسەڵات ،بۆ چاو سوور کردنەوە لەو

www.pertwk.com

دەنگانەی کەرەخنەیان لێگرتووەو، نەچوونەتە سەرخەرمان بەرەکەتی دەنگەکانی و، خێراش ئەکەوتە خۆی بۆ جێبەجێ کردنی ئەو پەیمان و بەڵێنانەی کە لەکاتی حەملەی هەڵبژاردنەکە بەدەنگدەرەکانی یاوە، لەمافی ئازادی بیرو رادەربڕینەوە تاوەکو چاککردنی باری گوزەرانی ئەو خەڵکەو ئامادەش بوو دەست بەجێ دەست لەکار بکێشێتەوە ئەگەر لە هەر شوێنێکی ئەو کوردوستانە بە هۆی یەکێک لە ئەندامانی حکومەتەکەیەوە، خوانە خواستە کارێکی نەنگ روویدا ،دوای ئەوی ئەو دوو حیزبەدەسەڵات دارە دڵتەئمین بوون لە ئەوزاعی وولاتو عیباد، و دوای تەواوو تەکمیل کردنی هەموو پێداویستیەکان ناڵێم سەد دەرسەد چوونکە هەروەکوئەڵێن کەماڵ تەنها بۆ خودای بێ شەریکو لامەکانە، و پشت ئەستوور بەوتەجەرەبەیەی کورد لەو بوارەیا کە خوا شاهیدە سیانزە ساڵ موویەکی بەستە زمان بەهەموو لەونێ حەولی دا ئێستاو ئەوساش نەیتوانی بکەوێتە بەینیانەوە،ناچار سەری خوی بەرەو سۆماڵ هەڵگرت . قەراریان یا ئاشتی و تەبایی بخەنە ماڵی عەرەبیشەوە، بۆ ئەوەی ئەوانیش وەکو ئێمە فێربن چۆن پێکەوە بسوڵحێن کۆنگرەیەکی فراوانیان لەژێر دروشمی(( ماڵێ تەباییەکەی تێک چوبێ بۆی چاک بکەین))لە هەولێری پایتەت بەست و، هەریەکو دانەیەکیشیان لە نامیلکەی چۆن فێری تەبایی بە واعەی پێنج ڕۆژو بێ مامۆستا ئەبی((لە نووسینی قوربانیەکی شەڕی برا کوژی)) لە گەڵ فلیمێکی ڤیدێویی وەکو وەسائیلی ئیزاح لە گەڵیا لەسەر هەڵبژاردنەکەی ئە م دواییەی قوتابیان و لاوانیان



درایەو، کۆنگرەش بە گۆرانی شەڕ لە بەتاڵی چاترە سەرکەوتوانە کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

پەرژینێکی قایم بێ ئەڵێن(( کەچەڵ تیمار کەربوایە لە پێشا تیماری سەری خۆی ئەکرد)) خۆشبەختانە ئەوە شمولی ئێمە ناکاچوونکە کەسمان کەچەڵ نین..

دیسمبری2004

www.pertwk.com

## موقتەدا

ئەڵێن کاتێک بەئەمری سەدام، باوکی موقەداو هەردوو براکەی، کە لەگەڵی بوون و لە نوێژی شێوان ئەهاتنەوە بۆماڵێ فت کران، دواتریش هەر ئەو سەدامە ئەمر ئەفەرموێ  تەعزێشیان نابێ بۆدابنرێ .ئەم موقتەدایە کە ئێستا خۆی لێ بۆتە شێری مەیان وئەڵێ لە دەرچونی ئەمەریکیەکان لە عێراق، یەک سانتیمەتری کەم بێ، جەیشی مەهدی حاڵێکیان بەسەر دێنێ نە بەتەنها  لە عێراق، بەڵکو لە ئەمەریکاش خۆیان نەگرنەوە. نەک هەر بە جێبەجێکردنی ئەمرەکانی سەدام رازی بوو ، بەڵکو ئەو عانە عەمامەکەشی فڕێداو، کاوبۆی لەبەر کردو، بۆئەوەی سیخوڕەنی سەدام باشی لێ بنووسن،  قژیشی لەسەرمۆدە کرد بە دوو لەتەوە، لە مانگی ڕەمەزانیشا جگەرەیەکی نابوو بە لالێویەوە. لەوە ئەچێ ئەمەریکیەکان تازە گەیشتبنە ئەو قەناعەتەی کە کورد راستی فەرمووە ،کە ئەڵێ شەق ئەزانێ قۆناغ لە کوێە، کابرایەکی شیعەی عەیارە بیستو چوار لە یادی ئینتیفازەی شەعبانیا ئەڵێ: کورە باوەڕ بەو غەوغایەی دەوری موقتەدا مەکەن، هەر ئەوانە بوون لەو ئینتیفازەیە، لەشارێک لە شارەکانی باشوور، ژمارەیان هەزارەها ئەبوو، هەموو لەیەکەم تەقەوە لەبەر هێزەکانی قادسیە هەڵهاتن، و تەنها هەشت نۆ کەسماینەوە، ئەڵێ ئێمەش ناچار هەڵهاتین. بەندە وای بۆ ئەچێ بێمەڵامەت نیە، کە شیعە بەدرێژایی مێژوو



شەق تێ هەڵدراوون، چوونکە خۆیان حەزیان لە شەقەئەگەر وانیە ئەوە 35 ساڵە ئەوان بە دەست موسەلەسی سونیەوە قەتڵوعام ئەکرێن و وەکوخۆیان ئەڵێن هەتکی ئەعرازیان ئەکرێت ، ئەمرۆ ئەوانە لە شەرێکان لەگەڵ ئەمەریکیەکان کە نە لەبەر خاتری ئەمانەو، نە ئەجنداکەشی ئەجندای شیعەیە، و هەقکردنەوەیەکی ئیلاهیەشە لەو زوڵمەی  ئەوانە کە بەرانبەر بەشیعە کردویانە ، لەبری ئەوەی خۆیان کڕکەن و،لە ژێرەوە بسکەی سمێڵیان بێ ،و شوکری خواو ئەمەریکیە کان بکەن، موقتەدا لەم کاتە شیاوتر نابینێتەوە بۆ ئەوەی هەقی باوکی، وبراکانی، و مامی و پوری، کە بە دەست سەدام چوون ،لە ئەمەریکیەکان بستێنێتەوە. ئافەرین سیاسەت مەداری شیعە، ئێستاش سەدام ماوەو لای ئەمەریکیەکانە، کاوبۆکەت هەڵگرە نەوەک لە ڕقی سپڵەیی و پێ نەزانینتان بۆ دوورۆژ بۆتانی بخەنەوە سەرخەت، ئەوجا دوای ئەوەی جەیشی مەهدی علەیهوئەلسەلام هەموو ئەقووچێنن، و دەورت چۆڵ ئەکەن، ئەوکات پێویستت پێئەبێ، ئەگەر ئەویشت مابێ، چوونکە ماوەیەکە خۆتان لەو حالەمەی کردیتە عەنتەر بەڵام ئەشهەدوو عەنتەری راستەقینە وکو لە کلتووری عەرەبانا ناوی هێنراوە لەترسان خۆی لە مزگەفتان نەشاردیتەوە و نەشی گوتیە خەتای ئەمەریکیەکانە، عەبلەم نادەنێ.

دیسمبەری2004

www.pertwk.com

## شەریف

کاتێک کە خۆیی و هاوسەرەکەی و کچەکانی، کە ووردە ووردە خەریکی دڵ پەیاکردن بوون ،تەشریفیان هێنایە خاریج، قەت بیری لەوە نەکردبۆوە داخۆ رەوشتی ئەهلی ئەم وڵاتانە وەکو خەڵکی کوردستانی خۆمان مەزبووتە! تاوەکو ئەوکچە نازدارانەی کە جوانترین پێرفێکتترین تەربیەتیان لەسەرچاوە روونەکەی باوکیانەوە رۆژی سێ ژەم خواردۆتەوە ، ئاوها بەئاسانی تەسلیمی کلتورێک بکا کە وەکو خۆی ئەی فەرموو هەمووی بێ ئەخلاقیە.هەردەم ئەیووت ورۆژێک هەردێ هەموویان ئەپێچمەوەو بەرەو باوەشی پر لە نەریتی جوانی کوردوستانیان ئەبەمەوە، وخوا هەڵناگرێ ئەو برادەرە قەت قوسوریشی لە تەقدیم کردنی نەسیحەتی بەلاش و لەرێی خوایا دەرهەق بە هیچ کوردێک نە ئەکردو، هانی ئەیان ئەوانیش بیر لە کچەکانیان بکەنەوەو تاکاریش لەکار نەترازاوە بیانبەنەوە. ئەڵێن ئەم کوردە هەرلە بەر پاراستنی ئەو شەرەفە ، کۆمەڵێک سەروەری بۆ کورد لەو وولاتەی کە لێی ئەژیا تۆمار کردووە هەوڵین: لێرە بەرەسمی لەژنەکەی جیابۆتەوەو واتا خوانەیبڕێ دوو مەعاشی سۆشیالیان کووشتووە. دووەمین: ئەدرەسی جیای بۆ کچەکانی کە باڵق بوون و شوویان نەکردووە و کوڕەکەی و ئەوەشی کە بەشووی داوە کردووە. واتا هەریەکە بەجیا یارمەتی خۆی لە حکومەت وەر ئەگرێ. سێهەمین :هەموویانی لەخانووەکەی خۆیا خر کردبۆوەو خۆیو ژنەکەی لە ژووری ئەمبەرو کچە تازە شوکرووەکەشی لەگەڵ کورەکەی زاوای لە ژووری ئەوبەر و ئەوانی تریش هەموو لە ژوورەکەی تر و پارەکانیشیان لەبەر بەرژەوەندی باڵای کوردەواری ئەچنە گیرفانی ئەشرەفەوە. چوارەمین: هەزارو یەک درۆو دەلەسەشی بۆ دایەرەی یارمەتی هێناوەتەوە بۆئەوەی ئیشی پێنەکەن، تاوەکو موتەفەریغ بی بۆ کاسپی سەیارە بردنەوە بۆ کوردوستان و کرینی لایەک لەشار. پێنجەمین: دوای ئەوەی کاک شەریف ئەوزاعی خۆی لە کوردوستان عەیارە بیست و چوار مەزبووت ئەکا ،ئەوجا دواین بەشی فلیمی شەریفێک لە خاریج ئەگرێ و، بە سەد هەزار یۆرۆوە کە بە خۆو بە ژن و بەکچی لە بانقەکانی ئەو وولاتەی کە داڵدەی دابوون، بە حیلە وحەواڵە دەر ئەهێنن، پایدۆزی لێ ئەکاو بە کجارەکی ئەرواتەوە بۆ کوردستانی ئازاد . لەوێش مەسئولین ئەفەرمون لەبەر ئەوەی بەردێکی کوردستانی بە دوڕو مەرجانی غەریبایەتی نەگۆریەوە ،وخزمەتی وولاتەشیرینەکەی پێ باشتر بوو لە مانەوەی لە خاریج ،بۆیە موستەحەقی قوتعەیەک ئەرزە تکایە بەپلە ئیجرای لازمی بۆ بکەن. لە بانقەکانی هەندەرانیش ئەنووسن خێزانێکی کوردی شەریف 30000 یۆرۆیان بردو رۆیشتن. تکایە هەموو ئەوبانقانەی کە کورد هاموشۆیان ئەکەن ئاگاداربن دەست پاک نین.

کانونی دووەمی2005

www.pertwk.com

# کەمپین چی....

هیچ کەسێک گومانی لەوە نیە کە ئازادی تاکەکەس لە بنچینە ئەساسیەکانی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤە، و هەموو وولآتانی کۆنەو تازە دیموکراسی ئەگەرشانازیەکیان هەبێ، دای ئەنێن بۆ سوارچاکی خۆیان لەو مەیانەیا. هیچ کەسێکی تریش گومانی لەوە نیەکە ئازادی خۆت تائەو جێگەیە بڕ ئەکا کە ئازادی خەڵکی لێوە دەست پێ ئەکات . هیچ کەسێکیش لاری لەوە نیە کە بە دوو عەیارە پێوان لەو خەسووەوە بۆ سیاسەت مەداران ماوەتەوە، کە لەکاتێکدا کچەکەی و زاواکەی ئەخاتەوە پاڵ یەک بەدەعوای ئەوەی باسەرمایان نەبێ ، کەچی کورەکەی و بووکەکەی لێک دوور ئەخاتەوە بە دەعوای ئەوەی کە گەرمەو خەریکە ئەتەقن! لیلعیلم هەردوو تەرەفیش لە سەربانێک خەوتوون. ئالەو ژوورەی کە ماوەیەکی زۆرە خەبات بۆ بەردانی دکتۆر ئەکەن، کە لەسەر مافی ئازادی بێ قەیدو شەرتی بیرورا دەربڕین حەپس کراوە، ئەگەر چیش لە نووسینەکانیا تەشهیری شەخسی و جنێوی بەرانبەر بە خەڵکان تیایە. بەڵام لەکن ئەو ڕێزدارانە پاکی ئەو قسانە ئەچنە چوار چێوەی ئەو مافە موقەدەسانەوە کە پێویستە لەسەر هەموو ئازادی خوایەک نەبەتها بەقسە بەڵکو بە ڕێپێوانیش داکۆکی لێ بکا، لە کاتێکا کە ئەدمین بانگی ئەو ئازادیە بەگوێی هەموو کوردێکی بەشەرەفا هەڵئەدا، سەرەڕای ئەوەی سەرو



مەمنوع ئەلدخولێک(ئیشارەتی مرور) ئەنێن بە نێو چاوانی گوێگرانی ئازیزو خۆشەویستەوە هەر ئەوەنەشت زانی سیان چوارێک لە هەڵەوەڕان نێردران بۆ کونە ڕەشێ و بۆ ماوەی بیست و چوار سەعاتیش بۆیان نیە بێنەوە بە هەشتی بەرینی ئازادی و سەربەستی بیرورا دەربڕین، بۆ دەرکران؟ تێکستی ناشایستەیان دەرهەق بە موداخەلە چیە ڕێزدارەکان نووسیوە ، ئێ باشە خۆ دکتوریش تێکستی خراپی نووسیوە، بۆ کەمپین و هەڵا بۆ ئەو و سورکرنەوەو دەرکرنیش بۆ لەڕێ دەرچوان لە هۆدەی ئازادی. بەرێزان ئەرێ ئەمە ئەو عەیارەیە نیە کە پور مەنیج سەربانەکەی پێ ئەپێوا بەڵام بە تەکنەلوجیای پاڵتوڵک و بە نەفەسێکی پڕ لەنرخاندن بۆ حوڕیەتی تەعبیر لە ووشەو موشتەقاتەکانی؟

کانونی دووەمی2005

www.pertwk.com

## حەماسەت

کابرایەک، نەوەڵڵا چەند کابرایەک، رۆژ تا ئێوارە لەژوورەکانی پاڵتاڵک قیرەی کوردایەتیان دێ ،ئەگەر لە کوردوستانی ئازادو سەربەخۆیا لەم سەرەوە تا جەوەڵ حەمرین ، و لە سەرەوە تا ئەولای خانەقین بێ وەستان لێ نەخورن ،نەیان گەرەکەو رازیش نین بەناوی سەعادەتیانەوە کەس قسە لەسەر دوارۆژی گەلە ستەم دیدەکەیان بکا ،و بۆ سەلماندنی سووربونیشیان لەسەر ئەو هێڵە سوورانەی کە بۆ سەرکرادیەتیان کێشاوە، ناو بەناو سرودێک یان شیعرێکی حەماسیش بە کۆڵێ دەستخۆشیەوە ئەهاونە ناو ژوورەکەوە. بەینی خۆمان بێت ئەڵێن دانەیەکیان لەو زەمانەوەی کە کورد بە یانزە تیرەوە شەری ئەکرد  کوردوستان ئەی نیشتومانی جوانی بەجێهێشتووە، یەکێکی تریان تەنها بۆ پەرینەوە بۆ هەندەران بە چیا سەرکەش و رەنگینەکانی کوردوستانا وەکو( ئیبن ئەلبەتوتە) تێ پر بووە، بیریشی نەچووە لە دەفتەری بیرەوەریەکانیا باسی ئەو خەباتەی شاخی بە دوورو درێژی بکا. دانەیەکی تریشیان تەمەنێکە  لە خاریجەو ئەشڵێ بێ کوردوستان مەحاڵە ژیان ، وەڵڵا راست ئەفەرمووی بەقوربان بە دەلیلی ئەوەی توانیوتە ئەو ماوە زۆرە لێی دووربی. ئەم کابرایانە داواکانیان زۆر رەوایە بەڵام ئەوەی رەوانیە ئەوەیە کە تەنها بەقسە و لە دوورەوە بەشداری رزگارکردنی کوردوستان ئەکەن ،ئەوەشی پێیان بڵێ



برایان بابرۆینەوە لەوێ هەوڵ بۆئەم قسەوخەونە شیرینانەمان بدەین دوای  فەزیعەتێکی موحتەرەم، ئەڵێن ئێمە لەوێ نەماوین و خۆ کوێریش نەبووی نابینی لێرەش دەستمان بەم میکرۆفۆنەوە بۆ بانگەواز بۆ کوردایەتی  گرێ دراوە چما کەوین بەدەندوکان شەڕ کەین! کورەنەوەڵڵا.

کانونی دووەمی2005

www.pertwk.com

## مەسڵەحچی

کابرا زۆر دەمێک بوو هەموو پەیوەندیەکانی لەگەڵ حیزبە خۆشەویستەکەی خۆیا بری بوو، نەک هەر خۆی بەڵکو کەسوکارەکەشی لە کۆبونەوەو موناسەبەی کوردایەتی حیزبی و جەماوەری خاریج دوور خستبۆوە و، گاڵتەشی بە ئەقڵی ئەوانە ئەهات کە دوای کڵاوی بابردوو کەوتون . ساڵانێک بزربوو حیزبایەتی لێ دەرکەی هەموو کاسپیەکی تری بە ڕەش و سپیەوە ئەکرد .لەپرێکا هەروەکو قارچک هەڵتۆقیو بە چاکەت و بۆینباخەکەیەوە هاتە سەر خەتی تەلەفۆن و، فەرمووی ئەرێ ئازیزان دوورە پەرێزی بەس نیە ئەرێ ئێمە نەی کەین کێ بیکا ؟(وەتەن چاوی لێمانە دەری کەین لە تەنگانە) .ووتیان یا ساتر چۆن دوای ئەوەنە ساڵ خۆشاردنەوە ئاوا یەک دەفعە بارانی کوردایەتی و حیزبایەتی بەسەریا باری زۆری پێنەچوو زانرا کە بەرێزی بۆنی ئەرزەو تەقاویتی کردووە و، ئیشەکەی لە مەعامەلایەو، لەبەر ئەوەی حیزب خەڵکی بە نەشاتی خۆش ئەوێ، بۆیە ئەو بەرێزەش زیرەکانە کەوتۆتە تەمارینی سویدی لەبەر چاوی ئەلسادە ئەلمسئولین خوا بیانپارێزێ بۆ ریفعەتی وەتەن، کە پیاوی دڵسۆز ئەناسن و هەقی خۆی بەزیاشەوە ئەیەنێ وەمین زومنیهم ئەل هەڤاڵ ئەلمونازیڵ .

کانونی دووەمی2005



## خەڵاتکراوەکانی سوید

ئەوا ئەدیبێکی هەڵکەوتووی تری گەلەستەمدیدەکەمان ، شوکور بۆ خوا خەڵاتی خامە ڕەنگینی ، بەکوێرایی چاوی ئەوانەی پێیان ناخۆشە و دڵیان خەریکە ئەبێ بە دووکەرتەوە، لە سوید وەرگرت، ئامین یارەبی هەزار خەڵاتی تری لەوە باشتری بە دوا بێت، و کێش پێی ناخۆشە با لەو خەرەندەی لای ئەو رواندزەی خۆی بەرداتەوە، بەشکم نەجاتمان بێ لەو حەسودانەی کە هیچیان لەبارا نیە،و هەرخەریکی زەوت کرنی خەندەی سەر لێوی خەڵات کراوانن. ئەم پێشەکیەم بۆیە وا رست چونکە خوا شاهیدە کە چەند دڵم خۆش ئەبێ کاتێ ئەبینم کە کوردێک خەڵات ئەکرێت، و وائەزانم خۆم وەرم گرتووە. بەڵام بەرێزان ئەگەر بە تەزبیحەکەی دەستان ئەو کوردانە ببژێرن، کە تا ئێستا لەسوید خەڵات کراون نابینن کەوا مبللەتی کورد ، لە پلەی یەکەم دایە لەڕووی خەڵات کردنەوە؟ بۆنمونە تورک و فارس و عەرەب من بزانم تا ئێستا سەرو ئەدیبیان ئەگەرلێ خەڵات کرابێ، بەڵام ماشەڵڵا ئەوە تا ئێستاو بە قەولی ئەدیبانمان خۆیان نزیکەی شەش کورد خەڵاتی وەرگرتووە، و رەنگە شەشی تریش بەرێوە بێ، ئەوەی جێگەی پرسیارە ئەو خەڵاتانە بۆهەر لە سوید ئەدرێن؟ ئایا لەووڵاتانی تر نووسەرو ئەدیبی لێ نیە؟ یان هەموو داهێنەرەکان عەیب نەبێ ، هەر لە سوید خڕبوونەتەوە؟ وەیان رەنگە سوید نەیەوێ دڵی

www.pertwk.com

کەس لەخۆی برەنجێنێ بەتایبەتی ئازیزان وخۆشەویستان نوسەران و شوعەرای کورد، خۆ ئەگەر گۆرانی شاعیر تائێستا زیندو بوایە لەبەر ئەم خەڵات کراوانە بەشی ئەو نە ئەما پێیان ئەوت دەبڕۆ خاڵە برۆ خەڵاتی چی هەموو میللەتێک ،یەک یان ئەو پەری دوو داهێنەریان تێا هەڵکەوتووە،و خەڵات کراون خوانەیبڕێ نووسەرانی میللەتەکەی تۆ شەشیان هەر لە سوید وەریان گرتووە، بەس نیە ؟

شوباتی2005



## حەڵقەی وەصل

دوای ئەوەی حوکمی سیو ئەوەنەساڵەی بەعس و دام دەزگا سەرکوت کەرەکانی،بە هێزی بازوی عێراقیەکان کە هەرچەندیان کردو کۆشیان خەلاس نەبوو ،ئەمەریکاو بەرتانیا هاتن و بە چەند رۆژێک ژێرەو ژوریان کرد. بۆ نەهێشتنی ئاسەواری ئەوحیزبەش، قانونی ڕیشەکێش کردنی بەعسیان هێنایە دەرێ، شایەنی مولاحەزەیە ئەو قانونە بە تەنها ناوەڕاست و خواری عێراقی گرتەوە،چونکە عەرەبەکان هەموو لە خۆشیا ببونە بەعسی و هیچ زەختێکیان لەسەر نەبووهەریەکەشیان لیستێکی دوورو درێژی لە خراپەکاری دەرهەق بەگەلەکەی خۆی هەبوو، بەڵام شمولی کوردوستان (شیمالولحەبیبی ) نەکرد، ئەزانن بۆ چونکە ئەوانەی کوردستان توخواکەی نە لەبەر دەسەڵات نە لەبەر پارەو ماڵ بوونە بەعسی، پاکی بەزەبری کوتەک بوو. وخواشاهیدیشە ڕۆژێک لەڕۆژان نەتەقریرێک نەزمان بەدیەکیان لە کەس نەداوەو، هەر مەنسەبێکیش لەورێگەیەوە خرابێتە بەردەمیان هەزارویەک شەقیان تێ هەڵداوەو، کردویانە بە قوربانی نینوکێکی کوردایەتی. خۆ ئەگەر رژێم جارێک لەجاران ئەقڵی خۆی خەفیف کردبێ و، سەیارەیەکی بەیەکیکیان بەخشیبێ، ئەوا لە بەرچاوی هەموو ئەهلی گەرەک قاپێ نەوتی بەسەرا کردووەوبە شقارتەیەک کڵوکۆی سەیارەی ئاخیر تیرازی دامرکاندۆتەوەو، ووتویەتی من سەیارەی

www.pertwk.com

داگیرکەر لەژێرمابێ و، پێشمەرگەش بە بەفرو باران وگەرما بە پێ شاخەو شاخ بکەن. خۆ لەخەتی تەلەفون و وەکالەت ومەفرەزەی خاسەو فەوجی خەفیف هەر مەپرسە، بۆ کەس ئەچو بەلایا، هەرچەند عەلی حەسەن مەجید هاواری ئەکردو ئەپاڕایەوە، کورە باوکتان چاک دایکتان چاک فایدەی نەبوو، خواوەکیلە کوردێک تەنەزولی نەکرد بیێتە موستەشار، ئامیری مەفرەزەخاسە ،وەکیلی ئەمن ، جەیشی شەعبی،وەیان ئیمزابکا بۆمەنسەب یان بۆ ئەوەی لە شوێنێکی خوێندن وەربگیرێ. ناچار ڕژێم بۆ ئەوی دوژمن خەنی نەبن و نەڵێن کوا شەعبی کوردیت خۆ لەگەڵ نیە ،خەلکی لە دورگەی هۆنۆ لۆلۆوە ئەهێناو جلی کوردی لەبەرئەکردن و، ئەوئەرکانەی پێ ئەسپاردن . لە هەموشی گرنگتر ئەوانە ڕاستە بە زاهیر بەعسی دیاربوون بەڵام لە ئەسڵا و عەیب نەبێ ژێر بەژێر خەت مایلی ئەوحیزبانە بوون کەلە شاخ خەباتیان ئەکرد، هەریەک لەوانە ناوێکی نهێنی ، لەتۆماری ئەو مەنسولەی کە ئەڵقەی وەسڵ بوو ، لە مابەینی ئەمانە و سەورەوەدا هەبوو، فەمادامەکی ئەمانە پەیوەندیان لەگەڵ فرانە بەرپرسی بوو فرانە بە پرسیش پەیوەندی لەگەر قیادەی خۆ هەبوو. قیادەش هەموو کەسانی نیشتمان پەروەرو درسۆزن بۆگەلونیشتمان .کەواتە ئەمانەش هەروەکی ئەوان درسۆز بوونە، ئەوە لەبەر هێندی ئەو قانونەی لەلای ئەنگۆ تەتبیق نەبو. ئاخر پێم نارێی لەسەرکێ تەتبیقی کەین، ئادەی بەعسیەکم لەو عەردەی بۆدەربێنە بزانم ئەتوانی.



تێبینی : برایان ئێمە زۆر غەدارین، ئەزانن ئەو هەموو هات و هاوارەی کە لەسەر شێخ جافری کۆنە محافیزی سلێمانی کرا ناهەقیەکیەکی زۆری تیابوو، دەرکەوتووە ئەوبەڕێزە لە تۆماری شۆرشگێرانا، ناوە نهێنیەکەی پەلامار بووەو. شەوانە ئەو مەفرەزانەی کە ئەهاتن لە بنکەکانی دوژمن بەن لە ماڵی ئەو نان و چایان خواردووەو هەربەسەیارەکەی خۆشی لەشار دەربازی کردوون!!بیرم نەچێ ناوە نهێنیەکەی دکتور ئومێدیش دکتور ئەمەل بووە.

2005

www.pertwk.com

## مەبدەئی

کابرا ئەوەندە مەبدەئی بوو ،ناخۆشی کردبوو، هەروەکو کۆنگرەی سێ ((نا)) کە ، کەکاتی خۆی لە خەرتوومی سودان دوای سەردانەکەی سادات، بۆ تەل ئەبیب بۆ سەرکۆنە وموقاتەعەی ئەو کابرایە بەفیتی بەعسیەکان بەسترا ، ئەم کابرایەی لای خۆشمان وەکو ئەوان سەری زمان و بنی زمانی نا بۆ دەنگ دان بۆ پەرلەمانی عیراقی ،نا بۆ فیدرالی ،نا بۆ چوون بۆ بەغدا ، بەڵێ و هەزار بەڵێ بۆ دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی ،و تف و نەعلەت لەو ملهوڕانەی کە ئەچنە بەر سندوقەکانی دەنگدان ،و پەنجەیان بە مەرکەبی خەیانەت شین ئەکەن. ئەمان گووت باشە کاکی برا تێگەیشتین ،نەختێک لەسەر خۆ هاوار بکە  کەڕبووین ، نەخێر فایدەی نەبوو ،نازانم چ عەبقەریەک پێش دەنگدانەکە بە دوورۆژ، قاوی ئەگەرەکونێ چوونەوە کوردستان ،لەوێندەرێ دەسەڵات داریی کورد داوای پسوڵەی دەنگ دانەکەتان لێ ئەکەن ،و ئەوی لەبەرکی نەبێ، مەنفەعەتەکانی  لۆرایی ناکرێ بڵاوکردبۆوە ؟ و بەرگوێی کابرای مەبدەئی کەوتبوو، یەکسەر بۆ ئێوارێ  هاتەوە سەر سەکۆی ئازادیی و ئازایی ،و فەرمووی بەرێزان ئەوە من دووشەوە هەر بیرئەکەمەوەو ئەی هێنم و ئەی بەم، وئەڵێم  ئایا من راستم یان ئێوە ؟ ئەو نیوەرۆیەی لێم مەعلوم بوو، کە من هەڵەم ،و گەیشتمە ئەو هەقیقەتەی کە ئەڵێ: دەنگ دان نەک



هەرباشە، بەڵکو ئەرکێکی پیرۆزی سەرشانیشمانە ،ئەوەشی دواکەوێ لێی، نەک هەرخۆی خزمانیشی خائین و حەرام زادەن، بۆیە قەرارم دا، منیش بەیانی لەگەڵ مەلابانگدانا بچم خۆم ناو نووس بکەم ،و دواتریش دەنگی خۆم بدەم بە قایمەی کوردوستانی رۆحم بێ بە قوربانی! بەڵام ئەوەی کە باسی نەکرد، ئەوەبوو ئەگەر کار هاتە سەر ئەوەی سەرپشکت کەن ،لەمابەینی مەنافیعی شەخسی و ئوموری مەبدەئیدا ،کامیان دەکەی ؟ وابزانم بەگوێی ئەم پەندەی کردووە کە زۆر پێشینیان نیە ،کە ئەڵێ مەنفەعەتەکەی بگرن پێشان ، مەبدەئەکە پاشی وی خۆ راناکا.

شوباتی2005

www.pertwk.com

# کڵاوچی

خوا پێم نەگرێ  لەو هەندەرانە پان وبەرینەی، کە قوڕنەیەکی نەماوە ئەگەر بۆ خوێی چێشتیش بێ، قاچاخچی وەیان وی ئێن ( یو ئێن) کوردێکی بەدیاری بۆ نە بردبێ،  بڕەک لەو کوردانەی کە چالاکن، وەیان ئەوانەی کە ئەلعان خۆیان بە سیاسەت مەدارو سوورەوەبووی ناو کورەی خەبات ئەزانن ،و ماشائەڵلا ئەوەندە بەنەشاتن لەم تەیارە دائەبەزن سواری ئەو ئەبن ،ئەو قیتار بەجێیان دێڵێ ،ئەم قیتار دێ بە پیریانەوە، ئەم هەموو هاتوو چۆیەش هەرلە بەر خاتری کوردایەتیەکەیە ((هـــا)) .وپێیەکیان لە کوردستانە و پێیەکیش لە هەندەران  ،و مەسەرەفی ئەوجرتو فرتانەش هەر لە تکتەکانەوە وە بیگرە ،تا وەکونێ پارەی تەلەفون و عەیب نەبێ چوون بۆ دەست بەئاو گەیاندنەکاشیان لە تەرمیناڵ و شوێنە گشتیەکان، لەسەر حیسابی ئەو گەلەیە کە دەقیقەیەکیش لە خەباتکردن   بۆ ئیستقیلالی و گەیاندنی داواکانی و خۆشگوزەرانیی ،بۆ قاوە خواردنەوەیەکیش بێ نەوەستاوون، وئەوەندەش پەرۆشین  لە خەویشا هەر ئەڵێن کوردوستان گەلی ستەم دیدەمان  . بەندە  هەرچەندی ئەکرد تێ نەئەگەیشت ئەوزاتانە چۆن ئەتوانن لەهەمان کاتدا لە ئەوروپا و لە کوردوستانیش بن ؟ ئەم گووت ئەی چۆن پێیان ناڵێن ئەبێ ئیش کەن خۆ ئەوروپا سێبەری بن ئەشکەوت نیە ساڵێک دوان سیان لەسەر یارمەتی فەقیرو هەژاران دواتر ئەڵێن فەرموون برادەران



هەر لەگسک دانەوە تا کرێکاریمان هەیە هەڵبژێرن بەدڵی خۆتان(چوونکە هیچ شەهادەیەکی ئەو وولاتەیان نیە بۆ ئەوەی ئیشێکی باشتریان چنگ کەوێ) ؟ برادەرێک ووتی کاکە دیارە تۆ لە گوێی گادا نووستووی، ووتم چۆن! ووتی گیانەکەم هەندێکیان بەبەهانەی نەخۆشی نەفسیەوە، ماوەیەک هاتوو چۆی دکتۆری شێتەکانیان کردووە ،و فەترەیەکیش لە خەستەخانەی تایبەت بەو نەخۆشانە خەوتوون و دەرزی ئەعسابیان وەرگرتووە پاشی وی حکومەتی ئەو وولاتانە بەشێت ناو نووسی کردوون تەقاوەیتیشی لۆ بڕیونەتەوە، ووتم بڵێی؟ ووتی ئەرەوڵڵا لێشیان بۆ پارلەمان خۆی پاڵاوتووە، ووتم بۆ، پارلەمان شێت خانەیە؟ ووتی کورە شێت نین نا بەساختەو فرۆفێڵ خۆیان وا لێ دەکەن، ووتم ئەگەر وابێ من دەنگ بۆ ساختە چی نادەم ،ووتی ئەرێ تۆ هەر بە زگماکی ئەقلت خەفیف بووە یانەکی تازە؟ ووتم بە خودای جاران دەیان گووت باشی بەڵام دەمێکە فەحسیان لێ نەیاوم بۆیە نازانم، بۆ ؟  ووتی کاکە کێ گوو بەکڵاوی دەنگەکەی تۆ ئەپێوێ ووتم ئەی بۆچی ئەم کڵاوەیان داوینەتێ ووتی بۆ ئەوی بیکەینە سەرمان ووتم کەنگێ ووتی پاشی هەموو دەنگ دانێ، ووتم دانی ئێواران لەسەر سەرانوێلکەکەی بەرماڵی ئەو کچەی دڵم ها پێوە ؟ یانەکی جەژناو جەژن ؟ووتی مەترسە هەموو دانێ ،چوونکە لە هەڵبژاردنی ئاییندە کڵاوی تازەمان ئەدەنێ، ووتم من حەزم لێیە گوڵ گوڵی بێ ووتی لە ئێستەوە ئەبێ پێیان بڵێی ئەگینا هەر هی سادە وەر ئەگری.

مارت 2005

www.pertwk.com

## گوێ ئاگردان....

ووتیان ئەی ئافەرین، بەخوا چاک قۆڵی مەردانەت لێ هەڵماڵیوه ، بەرانبەر ئەو عەرەب و تورکمانە رەگەز پەرستانە دەخوێنی، کورەخۆ خەریکە بمانخۆن ،بزانە چیمان پێ ئەڵێن ووتم ئەی چۆن خۆشەویستان، ئەوە ئەرکی سەرشانمانە،وسوپاس و شاباشیشی پێناوێ، ئێمە نەیکەین و ئەو نەیکا ئەی کێ بێنین داکۆکیمان لێ بکا،وەدەنگمان بگەیێنێ؟ دواتریش بەندە یەکەمین و دوایین کوردیش نیە، لەم مەیدانەیا زۆری تریش هەن، کە لە ئێمە باشترو جوانتریش ئەو مەسەلەیە ئەگەیێن، ئەگەر سوپاستان کەمە هەڵیبگرن بۆ وان چوونکە ئەوان لە براتان موستەحەق دەستڕەنگینترن .ووتیان کورە پێمانە، زۆرە مەترسە بەشی ئەوانمان بەزیادەوە ناردووە، ووتم ماڵتان ئاوابێت .هەبەوەشەوە نەوەستام کە وەڵامی ئەو دژ بەکوردانە لە جێگەی خۆی بدەمەوە، نوسخەیەکیشم بۆ سایتێکی لایەنێکی خۆشەویستیش لەبەر ئەوەی لاپەرەی عەرەبیان هەیە ئەناردو تا ئێستاش بەردەوامم . یەکێک لەو ووتارانەم، وەڵامێکی قانوونی بوو بۆ ووتاری کابرایەکی عەرەبی عێراقی ، کە سەرۆکی محامیە بێ سنوورەکانە، و تیادا باوەری بە وە نەبوو کە کورد بتوانێ خۆی خۆی بەرێوە بەرێ، گەرچی بەشێوەی فیدرالیش بێ، و نەشم بینیووە رۆژێک لە رۆژان



وەکو محامیەک کە خۆی دەڵێ سنوورمان بۆ نیە، و لە هەرکوێ یەک مەزلومیەت هەبێ لەوێین ،داکۆکیەک لە مافی رەوای کورد بکا، نە ئێستاو نە لەکاتی ئەنفال و جینوسایددا. بەڵام کاتێک کە کە وەزیری دیفاعی عیراق، لە یەکێک لەو وولاتە ئەوروپیانە بەتۆمەتی بەشداری لە تاوان دژ بە ئینسان دەست بەسەر کرا، جەنابی بەپێی پەتی وسەری قوتیەوە، بەرەو پیری رایکردوو، بەچل گەز عەریزەی داکۆکی لێ کردنەوە بۆ لای داگای ئەو وولاتە ملی شکان ،نەوەکا لەدەستیان دەرچێ و مافە بنەرەتیەکانی حەزرەتی جەنرەاڵی ئەنفال پێشێل کەن ،ئەم بەرێزە لەو ماوەیەدا ووتارێکی نووسی کە مەبەستی ئەو زاهیرەن پشتگیری کردن بوو، لە مەسەلەیەک کە کورد تەرەفێکە تیادا، بەلام لە باتیندا پشتگیریەکەی بۆ ئەوەبوو، کە سەرگرتنی ئەو مەسەلیە لەنەزەری ئەوا یەکگرتوویو مەرکەزیتی بەرێوە بردن لە عێراق ئەسەلمێنێ ! ئەوەی سەیرە ئێمەی نووسەرانی کورد، هەموو ووتارەکانمان لە دەوری کورد ئەگەڕێ، و هەمووشیان لایە. بەڵام ئەو عەرەبە بە تەنها ووتارێک لاپەرەیەکیان لە سایتەکەدا بۆ کردەوەو ناویان لێنا سەفحەی شەخسی ئوستاز (....... ) ئەرێ بەرێزینە کورد ئەڵێن خزمی گوێ ئاگردان قەدریان نیە، تو خوا وانیە؟ یان ئەگەر لە هەوەڵەوە بمان نووسیایە ئەلکاتب ئەل عەربی حەوت زەمان بوو سەفحەی شەخسیان بۆ نەئەکردینەوە ئەگەر بشمانوویستایە بچینەوە کوردوستان پارەی سەفەرو هۆتێل و خواردنەوەو کەبابەکەشمان نە ئەکەوتە سەر ئوخوە ئە لئەکراد و بە هەزار

ئوستاز و تەفەزەل تەفەزەلیشەوە لە زیهابو ئیبابمانەوە( چوون و هاتنەوەماندا) بەدوامانەوە نە دەبوون یان من هەڵەم؟

مایس2005



www.pertwk.com

## شۆڕشگێڕ.....

لەسەر ئشاشەی ئەو تەلەفیزۆنەوە ،بەشێوەیەک مافەکانی گەلی کوردی شیتەڵ ئەکردەوە،و پێی لەسەر دوایین بستی خاکی کوردستان دائەگرت، ودەسەڵات داری هوشیار ئەکردەوە، لە مەغەبەتی مساوەمە لەسەر حقوقی کورد ، لێرە نابێ ئەم مادەیەی دەستوری عێراق وابێ، و ئالێرە ئەم بڕگەیە خەتەری هەیە بۆ سەرمان، و ناکرێ چاوپۆشی لێبکرێ، و ئەبێ چاوێکمان بکەین بەسەد چاوو گوێیەکیش بە هەزار، تاوەکو هەموو حەرەکات و سەکەناتی بەرانبەرەکەمان ئاگاداربین ، بەتایبەتی ئێمەی گەلی کورد کە ساڵەهای ساڵ، بەدەست رژێمێکی توتالیتاری قەومیەوە ئە مان ناڵان، و نەک هەموو وولاتەکەی وێران کردبووین، بەڵکو کەرامەتی بەشەریشی بۆ نەهێشتبوینەوە ،بۆیە ناکرێ و نابێ جارێکی تر دەسگا ئەمنی و عەسکەریەکانی عەرەب بەهیچ شێوەیەک لە کوردوستان تەواجودیان هەبێ، و ئەگەر بۆ مانۆریش بێ، ئەبێ رەزای پارلەمانی کوردستانی لەسەر بێت، ئەگینا بۆیان نیە پێ بخەنە ناو خاکی ئازیزی وولاتەوەو، بەشێوەیەک باسی لە مەغدوریەتی کوردی ئەکرد بەردی ئەکرد بە ئاو ، مەگەر کەسێک مسقاڵە زەڕەیەک رەحمی خواو هەستی کوردایەتی لەدڵا نەبوایە ، ئەگینا ئەوەی گوێی لێ بوو چاوی پر ئەبوو لەئاو، بەتایبەتی بەندە چونکە ئەوەم بیرکەوتەوە کە چۆن برادەرە

www.pertwk.com

خۆشەویستەکەمیان لەبەر چاوی محافیز ( ئەوەی لەبەر مەعیشەت ببو بەمحافیز و هەرلەبەر ئەو مەعیشەتەش چەپلەی بۆ تفەنگ چیەکان لێ ئەیا و ئافەرینی دەست راستی و نیشان پێکاندنی لێ ئەکردن) گوللەباران کرد و خوشکودایک باوکە پیرەکەشیان رەوانەی بەندیخانە کرد ، هەڵسام بچم ماچێکی ئەو گوپەجوانانەی بکەم، کە لەژێر ڕووناکی پلاجکتوری ستودێوکەدا شەوقی لە روومەتی هەموو شۆرشگێران بریبوو، لەوەدا بووم بگەمە لای شاشەکەو بیرم کەوتەوە کورە خۆ ئەمە بەعسی بوو، لەوشەوەوە و تا ئێساش هەر لەبیرکردنەوەدام ، ئەم لەبز شیرینە کورد پەروەرە ئەگەر وەتەن حەڵوایە و کوردیش ئەوەنە هەق خوراوەو ،لە ئێمەش زیاتر ئاگای لەو تاوانانەیە کە بەرانبەری گەلە ستەم دیدەکەی کراوە ، ئەی چۆن 20ساڵ بەعسێتی قبول کرد!

ئەیلولی 2005



## ڕیزی پیێشەوە....

سالأنێک لەمەو بەر مەسئولی دائیرەیەک شەش مانگی ڕەبەق پاش ئینتیافزە وێنەکەی بابا سەدام کە پێش قڵپ بوونەوەی بارودۆخ بە ژوور سەریەوە ئەبێ هەر لای نابا، پێیان ووتبو جەناب دام و دەزگا شڕەکەی سەرکردەی مێژوویی لە کوردوستان شاربەدەر کرا، ئەڵێی دڵت نایە عەکسی وەلی نیعمەتەکەت لابەری.ووتبووی هێشتا رەبتمان بە مەرکەزەوە ماوە وکێ ئەڵێ بەیانی نایەتەوە ؟ کاتێک کۆمەڵێ گەنجی گومرا لەپێشنیوەڕۆیەکی خۆبەسەری و لام سەلایی دا بێ سەلام و ئیکرام و بێ پرسی جەبهەی کوردوستانی، خۆیان ئەکەن بە ژوورەکەیاو بە قۆنەرەکانیانەوە ئەکەونە سەرمێزەکەی و وێنەکەیی سەقر ئەلعروبە رائەکێشنە خوارەوە، ئەوبزمارەی وێنەکەی پێ هەڵواسرابوو ئەکەوێتە خوارەوەو بە رگوێچکەی ئەکەوێ جەناب لەترسی ئەو رۆڵە لاتولەوارو شۆرشگێرانە تەنها ئاخێک نەبێ هیچی تری نە توانیبوو هەڵبکێشێ . بەڵام پاش رۆشتنی "تاوان باران" ئەیکاتە هاتو هاوار و دادو بێداد لەو بێنیزامی و فەوزایەی کە راپەرین دروستی کردوە ،و ئەڵێ دە فەرموو وێنەی سەرۆکیان بردو تەبعی جوتێ بنە پاتەیان لەسەر مێزەکە بۆ بەجێ هێشتوم، کوانێ رێز ،کوانێ ئیحتیرام، سەد خۆزگەم بە جاران؟هەر ئەو

www.pertwk.com

مەسئوولە کاتێک کە هەموو شار ڕێپوانی ئەکرد بۆ پشتگیری لەمانگرتووەکان ،دایەرەکەی ئەویش بەهیمەتی چەن بێ گوێیەک تێکەڵ بەو ڕێپێوانە ئەبن، ووتیان جاسوسی خوی دواخستون تابزانێ کێ موزەفە گوێ ڕایەڵکانی هان داوە و لەخشتەی بردوون ،تاوەکو بچن بۆ ئەو ڕێرۆیشتنە، هەر بۆ بەیانی دوان لەو گێرەشوێنانە بە بەرچاوو گوێی بەرەی کوردوستانی ئەوعانەوە نەقڵ ئەکا. پێیان ووتبو گوناحت ئەگا ئەوانە خۆ بۆ دزی نەچوون، فەرموو بووی کونیەی خۆم  لای حکومەی مەرکەزی بۆ ئەم گاڵتە منالانەیەی کەناوتان لێ ناوە کوردایەتی پیس ناکەم.

لەم ماوەیەدا ئەو مەنسوولەم بینی لەسەر شاشەی ڕەنگاو ڕەنگ لە تەک کۆمەڵێ لە مەنسولینی ترەوە ،لەوریزە دانیشتبوو کە عادەتەن بۆ موحتەرەمەکان تەرخان ئەکرێ، چەپڵەی بۆ ووتارێکی پر لە کوردایەتی و شەرەف و خۆ بەخت کردن ئەکوتی، ووتم عەجەب! ووتیان کاکی برا ئیشی باشە بۆ نەیکوتێ چەنی لە نیزامی بائید وەرگرتووە چوار ئەوەنەش لەمان نەک هەر ئەوە بەڵکو چەن دەرەجەیەکیشیان بۆ هاویشتۆتە سەر ئەو دەرەجانەی کە پێش ئینتیفازەی موبارەک هەیبووە . ووتم دیارە مورتاحە بەم وەزعەی ئێستای کورد ، وتیان ئەی بێ قەزابی ئەلعان یەکەمین مودافیعە لێی! پێش ئەوەی بچمە ناو جێگاوە ووتم نەوەکا ئەم شەو لەداخا بتۆپم، دووکەلیمە وەسیەتم بۆ مناڵکان نووسی، تیایا فەرمووم: کورە شیرینەکەم کچە جوانەکەم ئەگەر جارێکی تر



کورد پێویستی بە شۆرش بوو گەردنتان ئازا ناکەم ئەگەر لەریزی پێشەوەی خاینان و وەتەن فرۆشانەوە نەبن.

تەموزی2005

www.pertwk.com

## برای شەهید......

سەرەتای نیوەی دووەمی حەفتاکانی قەرنی پێشوو بوو، کاتێک دەیان گووت شوکور بۆ خوا پێشمەرگە سەری هەڵاوەتەوە، و مەفرەزەیان لەزۆر شوێن ئەگەرێن .جەناب ئەوعانە برایەکی هەبوو، لەزۆر شتا لەیەک نە ئەچوون تەنیا لەیەک شتا نەبێ، کە خۆێندنەوە بوو چوونکە هەردوکیان شەیدای بوون ، ئەمیان موجەلەی مەوعید و شەبەکەی لوبنانی، کە تازەترین هەواڵی فەنانین و فەناناتی عەرەبی بە جلی درێژو کورتەوە بڵاو ئەکردەوە،ئەویان بەخوێندنەوەی بیرو باوەڕی سیاسی شۆرشگێرانە. ئەمیان مووەزەفی دایەرەبوو، لە مێبازیشا بەنامێ بوو، ئەویان ماڵ ئاوایی لەشارو دڵداری کردوو کەوتە شوێنی کوردایەتی، و مەقوولەی کەم بژی و کەڵ بژی. کاتێک ئێمەی ئەوسای مێرد منداڵ ،لە کابرای شەیدای هەواڵی سەباح و ڕوشدی ئەبازەمان ئەپرسی، ئەرێ جەناب هەواڵێکی براکەت؟ ئەی ووت برای چی من حاشام لێکردووە ،جارێکی تر ناوی بێنن تول ئەلعومر قسەتان لەگەڵ ناکەم . ئەمان ووت جەناب براکەت کەسێکە شانازی پێوەبکەی، بۆ وا ئەڵێی لەوعانەیا یەکێک لە گەورەکان سیخورمەیەکی لەمن یا ووتی ئەرێ تۆ سەلکی سیری قنچکی پیازی، بۆ ئەوەنە درێژ دادڕی ، هەڵسە بچۆ ئەودیو لێرە دامەنیشە، ئێرە شوێنی مناڵ نیە بۆ ناچی دووکەلیمە سەعی بکەی



ئینتیحانتان نیە؟ دوای رۆشتنی جەناب پێم ووت من هیچ ناماقوڵیەکم لەحوزوری ئەوجەنابەیا کرد، بۆ ئاوا پیاما هەڵشاخان ؟ ووتی کاکە ئەو لە لای سوڵتاتی موختەسیش خەبەری دواوە کە براکەی رۆیشتووە،و حاشانامەی خۆشی لێ نووسیوە، و ووتوشیەتی کە ئامادەیە بۆ هەموو تەعاونێک دەرباری هێنانەوەی حەیەن ئەومەیتەن بۆ سەفی وەتەنی .ووتم بۆیە ئەو رۆژە جەناب بەمنی ئەوت بەسەری خۆم هەمووی فشەیە، حکومەت کەروێشک بە عارەبانە ئەگرێت ،ئاخر قەت دیوتانە بەعسێک بەو هەموو زەبەلاحیەوە بەو قسە قۆڕانەی ئێوەو ئەو دووتفەنگەی بەو شاخەوەیە بروخێکێ.رۆژان هات و رۆژان رۆین، بیستمان برا پێشمەرگەکەی جەناب شەهید بووە ،ووتمان ئەی جەنازەکەی ووتیان لەناو دەغڵێکا بەجێ ماوە، دواتر خەڵکو خوا ناشتویانە، ووتمان نەچین بۆ سەرخۆشی لە جەناب ووتیان تەعزێی بۆ دانەناوە، ووتمان ئەبێ وەزعی چۆن بێ ووتیان بەخەیاڵیشیانایە بەعکسەوە لەخۆشیان پێی لەعەرزی ناکەوێ ووتمان بۆ؟ ووتیان نەجاتی بوو لەوەی ئیتر پێی بڵێن براکەی موخەریبە ، ساڵان هاتوو رۆیشت ئینتفازە داهات ،و حیزبە شۆرشگێرەکان مەعاش وعەرزەیان بۆ کەسوکاری شەهیان بڕیەوە، ئەڵێن رۆژێک جەناب لە دایەرەی شەهیدان ئەبێ ئەپرسن خێرە لێرەی ئەفەرموێ وەڵڵا هاتووم بۆ هینەکەی جوانەمەرگی برام بەقوربانی بم ،پێی ئەڵێن هینی چی؟ ئەڵێ ئەرزەو شەهیدانەکەی. ئەڵێن بۆچی ئەییەن بەبرا؟ ئەڵێ محاوەلەیەکەو ئەیکەم . ئەڵێن ئەی کەسی تری نەماوە

www.pertwk.com

بێجگە لە جەنابتان ئەڵێ نەوەڵڵا خۆم تاقە واریسیم.
ئەشهەدو "وەنیعمە ئەلواریس".

ئەیلولی2005



# ئیجتیساس کردنی بەعس

دوای ئەوەی لیژنەی کیتابەتی دەستور، ڕێک کەوتن لەسەر ڕەشنووسی (واتا پرۆژەی) دەستوری هەمیشەیی بۆ عێراق. سوننە مەزهەب هاتنە سەختەتی خەتی تەلەفۆن، و فەرموویان عەفوەن، ئەو گەڵاڵەیەمان قبول نیە. یەکێک لەو بەهانانەی کە گرتویانە ئەوەیە، کوردو شیعە ئەیانەوێ قانونی ئیجتیساسی بەعس ،واتا لە گرێژەنە دەرهێنانی ئەو حیزبەی کە لە 1963 وە عێراق بە ئاگرو ئاسن بەرێوە ئەبا، لەدەستوری هەمیشەیی عێراق دا ،وەکو مادەیەکی قانونی نوسرابێ. ئەوان ئەڵێن بەعس وەکو فیکر شتێکی خراپ نیە ڕاستە لەممارەسەیا برەک خراپ دیار بوو، بەڵانەکی ئەویش بەهۆی سەدام حوسەینەوە بوو .ئەگینا خۆی لەخۆیا پەیڕەوێکە نەک هەر بۆ عەرەب، بەڵکو بۆکوردیش کە لەگەڵمان لەم وەتەنی عەرەبیە گەورەیا ئەژین کەڵکی زۆرە. دوای مشت و مڕێکی زۆر ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە تەنها بەعسی سەدامی قەیەغە بێت . تائێرە شتێکی ئاساییە مادامێکی ئێمەی کوردو شیعەو سوننە واڕێک کەوتوین، کە هەموو بڕیارەکان ئەوەی پەیوەندی بە

www.pertwk.com

دروست کردنەوەو موستەقبەلی دەوڵەتی عێراقەوە هەیە، بە شێوەی کۆمپڕۆمایز واتا تەوافوق بێت، فەلەبەر ئەوە ناکرێ نوێنەرانی کورد لەسەر ئەو کۆمپڕۆمایزە سەرکۆنە بکرێن، چونکێکم لە هەوەڵی دەقینەوە ئیتفاقەکە واکراوە، وەکو هێمنی شاعیرش ئەڵێ لەناو کوردا نەبووە ئیتیفاق شکێنی ،جائیتر هەر چیەک لەوبارەیەوە بڵێین زیادەیە . بەڵام بەڕێزان ئایا کورد وەکو عەهدو پەیمان نەشکێنە ،ئەی توخوا لەشەرم و حەیایا چۆنە ؟ پێم ناڵێن بەچ روویەکەوە وەفدی کوردستان لە لیژنەی دەستوور داوای ریشەکێش کردنی بەعس ئەکا ، ئەوە ئێمە نیین نەوەک هەر عافوی عاممان بۆ بەعیسان و ئەنفال چیان دەرکرد ،بەڵکو نەشمان هێشت هیچ دەم ڕووتێک لە عایلەی قوربانیانی دەستیان، لە گوڵ کاڵتریان پێ بڵێ، نەخێر باشترین ئیش و باشترین مڵک و بەرزترین مەنسەبیشمان پێ داون. و خۆ ئەگەر عەرەب لەبەر ئەوە ببوون بە بەعسی و موخابەرات و ئەمن چوونکە ئەوحیزبە شیعاراتی بریقەداری لەمەر بەرز ڕاگرتن و سەعادەتی نەتەوەی عەرەبی هەڵبرِیبوو، هەر بۆیەش ڕێی تێ ئەچێ ئەوان بڵێن بمانبوورن هەڵخەڵتابووین ، ئەی جاش و خۆ فرۆش و بەعسیە کوردەکان پاساویان چی بوو؟ خۆ بەعس بە شیعارو بەعەمەلییش کوردی بەچەن پلیکانەیەک لە خوار حەیواناتەوە دانابوو، ئەی بۆ ئەم حیزبانەی کە وەکو خۆیان ئەڵێن ڕیشیان لە کوردایەتی و سیاسەتا سپی کردووە. لە پێشا لە کوردوستان ریشەی فیکرو ڕەفتاری بەعسیان نەکێشا، تاوەکو دواتر بەدنگێکی دلێرەوە بیان



توانیبا نەسیحەتی جیران و میرانیان لەو بارەویە بکردایە ، هەرچەندە حەدم نیە نەسیحەتی منداڵێکیش بکەم ، بەڵام وەکی دەرێن ئەگەر ماڵت لە شووشەبوو باش نیە بێ حیساب بەردان بهاوی، لەکوێش لەناو دەستووری!

ئەیلولی2005

www.pertwk.com

# خۆپیشاندان .....

لەهەموو ئەو وولآتانەی کە ئیحترام گرنتی مافەکانی مرۆڤ لایان وەکو فەرزەکانی ئایین وایە و سەرپێچی کەری ئەکەوێتە بەر لەعنەتی رۆژنامە ودەزگا راگەیاندنە حورو سەربەستەکانیان و تاسیری عاقیەبەتەکەشی بەگوێرەی پلەو پایەی سەرپێچی کەر ئەگۆڕێ ئەگەر وەزیر بوو لەباشترین حاڵتا ئەبێ بەبێ چەن و چوون دەست لەکار بکێشێتەوە ،ئەوە ئەگەر سەری هەموو وەزارەتیش بەخۆیەوە نەبا بەقوڕا . ئیتر تاوەکو ئەگاتە پۆلیسێکی بەسیت ،چوونکە زەمانەتی سەربەستی بیرو را دەربڕین کە تەزاهور یەکێکە لە تەرحەکانی ،لە دەستووریشدا وەکو نەخشی سەر بەرد کێشراوە ، واوەیلاش بەحاڵی ئەوەی خۆی لێ غافڵ ئەکا .لەگەڵ ئەوەشا ئەگەر کۆمەڵێک وویستیان ڕێپێوانێک بۆ گەیاندنی داوا رەواکانیان بکەن، ئەبێ سەرەتا ئەرزوحاڵێکی جوان تەقدیمی سوڵوتاتی موختەس بکەن کەتیایا مەبەست لە رێپێوان و ئەو شەقامانەی کە بەنیازن خۆیانی تیا نیشان بەن لەگەڵ تاکید کردن لەسەر هێمنی و سەلامەتی رێپێوانەکە . ئینجا دەسەلآت داری ناوخۆش هۆردویە پۆلیسیان بەکوتەک و قەڵغانەوە شوێن ئەخا بۆ دڵنیابوون لە پابەند بونیان بەو بەڵێنانەی کە لە ئەزروحاڵەکەیانا داویانە و ئەگەر خوانەخواستە موشاغەبەو سەرپێچیشی تێکەوت ، بەتێلآکانی دەستیان یان بە لولەی ئاو تەفرەقەیان پێ ئەکەن و



چەند دانەیەک لە هەرە سەرچڵەکانیشیان بەپاڵ ئەخەنە ناو ئەوموسەلەحانەی کە بەفسکە فسک دوای رێپێوانەکە بۆ ئەو مەبەستە کەوتوون . ماوەیەک لەمەو بەر ئەهالی کەلار لەتاو بێ کارەبایی و ئاو وخەدەماتی حەیاتی و چاوچنۆکی هەندێک لە مەسئوولین ئەگاتە تینیان و تەبعەن بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت ئەرژێنە سەر جادەی رەئیسی شارو لەگەڵ تەرح کردنی داوا رەواکانیان ئەڵێن هەندێک دامەزراوەیان گرتێبەرداوە و کەلوپەلی هەندیکی تریشیان بردووە . زۆر لەقەڵەمی راستو چەپ و نەتەوایەتی پشتگیری خۆیان بۆ ئەو جۆرە خۆپیشاندانە خستە سەرسایتەکان، و هەندێکیش بە چاوی نووقاوەوە رەحمەتی خوایان بۆ سوڵوتاتی ئیقلیم ئەنارد و پاساویان بۆ هەمووشتێک ئەهێنایەوە، دیارە ئەوەش بێ موقابیل قەت ناکرێ. بەڵام ئەوەی بەبیری هەردوو تەرەف دارەکەیا نەهات (حکومی و شەعبی) ئەوە بوو ،کە ئێمەی کورد نە دەستەودایەرەیەکی مەزبووت و تەمام دەست پاکمان هەیە کە وا لەو خەڵکە نەکا لەباتی ئەوەی لەم رۆژەیا پشتی بگرن ، لێی هەڵبگەرێنەوە، ونە شەعبێکی مۆدێرنیش کە پەروەردە وتەندروستی کەلوپەلی دایەرەکان بەموڵکی خۆی بزانێ و لەوپەری توڕەبوونیشیا ئەوەنە هوشیار بێ بزانێ ئەوە بەپارەی خۆی کڕاوەو مڵکی ئەو حکومەتەنیە کەئەو لێی ناڕازیە و لاقەیان نەکا.

ئوکتبەری2005

www.pertwk.com

# ماف پارێزراو

هەروەکو کەناڵە عەرەبیەکان لەساڵێکا یانزە مانگی رەبەق بەرنامەی هەمەڕەنگ و زنجیرەی تەلەفیزێونی خڕ ئەکەنەوە و ریکلامی بۆ ئەکەن بۆ ئەوەی پاش ئیفتار کردنەوە دیدەی ئیمانداریانیان پێ رۆشن بکەنەوە. تەلەفیزیۆنە کوردیەکانی لەمەر خۆشمان شوێن پێی هەمان داب و نەریتیان هەڵگرتووە. ئەوانیش وایان لەبینەری کورد کردووە یانزەمانگ دەم بەقووتەوە بگرێ تاوەکو تەپڵی خۆشی دەرکەوتنی هیلالی ڕەمەزان لەسەر منارەی مزگەوتەکانەوە لێ ئەدرێ. ئیتر بینەرانی بەرۆژوو نابەرۆژوو خۆتان بگرن بۆ ئەو زنجیرانەی کە نوسەرو سیناریست و دەرهێنەر هەریەک داهێنەرە و حیوار نووسیشی بەتاکید نیە یان ئەگەر هەشی بێ هەر دەر هێنەرەکە خۆیەتی.چوونکە ئەو ئیشە بەقەولی عارەبان لەکن ئەوان زەڵاتەیە! راوبۆچونی خۆمان لەمەڕ هەوەڵین موسەلسەلەی رەمەزانی کاتی خۆی دەربڕی هێژایان ووتیان کاکی برا نەختێک لەسەرە خۆ هێواش ئەوە یەکەم دەستیانە کەسێکت دیوە لەپرێکا بووبێ بەکوڕێک. منیش ئەوعانە ووتم لەسەرێکیشەوە هەقیانە دیارە نەختێک پەلەبووم. بەڵام ئەگەر ئێستا حیسابی بکەی ئەوە خۆی دا لە پێنجهەمین رەمەزان واتا پێنجهەمین دەست و بەڵام مستەوای ئیشەکان هەر سەرولێژە وخراپتر بووە باشتر نەبووە. بۆیە ئەگەر خۆشەویستان



لەوەزیاتریان پێنیە و بەقسەی بەندەی بێ سەوادی خۆیان ئەکەن واز لە هونەری نواندن ئەهێنن و ئەچن ئیشێکی کە ئەکەن. ئەگەر هەر حەزیشتان لێ بوو دوای ئیفتار کردنەوە بەرۆژوان ئەڵقەیەکی بکەن بەسەرا بۆ ئەوەی رەحمەتی خواتان بۆ بنێرن چونکێکم رەحەتی بینەر شوعاری هەموو تەلەفیزیۆنێکە. ئەوا چی زۆرە ئەڵقەی بێیانی کە هەم تەمسیل ئەزانن و هەم دەرهێنەرێکشیان هەیە کە هەموو شتەکان هەر خۆی نایکا. تەنها دۆبلاجێکی کوردی ئەوێ ئەگەر ئەوەش ئەتوانن بکەن. لە هەمووشی سەیرتر نوسینە لە پەستاکەی دامێنی شاشەکەیە کەلەکاتی عەرزکردنی زنجیرەکەیا دەرئەکەوێ و ئەڵێ ( مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە بۆ تەلەفیزۆنەکەمان ) بۆ ئەگەر پارێزراو نەبێ تەلەفیزیۆنە ئیقلیمی و عالەمیەکان ئەم شاکارانەمان ئەدزن؟ ڕەمبێکم. بۆیە حەزەر واجیبە.

نوفمبری2005

www.pertwk.com

## مەرحوم.........

تا ئەورۆژەی سەری لەبەردی ئەلحەدی کەوت، ئیعتیقادی وابوو کە ئایین ئەفیونی شعوبە، و کاتێکیش کەموهەندیسی حوکمی زاتی و جەبهەی وەتەنی نائیبی پێشکەوتوخواز سەدام حوسەینی برادەری گیانی بەگیانی شۆرشگێری کلتوری فیدل کاسترو، فەرمانی ئیعدامەکەی ئیمزا کرد، هەرلەبەر ئەوە بوو کە شویعی بوو، منداڵەکانیشی بەتایبەتی کوڕەکەی هەمیشە شانازی و فەخریان بەوەوە ئەکرد، کە باوکیان لەبەر پەتی قەنارەکەیشا یەک زەڕە لە باوەڕی توندی خۆی، بەورێگایەی کە هاوڕێیان فەهد و سەلام عادیل کێشاویانەو پیا رۆیشتوون نەهاتۆتە خوارەوە، ( لەراستیشدا وابوو)، بۆیە وەعدیان وابوو ئەمانیش هەرگیزاو هەرگیز ئەورێگەیەی باوکیان چۆڵ نەکەن، نەک هەرخۆیان لەسەری بڕۆن بەڵکو بەشەرح کردنی ئەو رێبازەو ئیستیفادەکەی بۆ فەقیرو فوقەرا، وای لێ بکەن لە ئێوارانی جادەی سەهۆڵەکە قەرەبالغ تر بێت ... ساڵان هاتن و چوون ئینتیفازەی تێکەوت ،پاشی وی سەدام کەوت، و داهاتی نەفتی عیراق لە سەدا حەڤدەی بۆ کورد تەرخانکرا، ئیدارەی کوردیش کەوتە دابەشکردنی ئەرزەو شەهیدانەو تەقاویتی ،گاهێ بەسەرموستەحەقین و چەن گاهێکێش بەسەر ناموستەحەقینا، ئەویش وەکو وەسیلەیەکی قەدیم، و نوێ هەم بۆ دڵ راگرتنی کەسو کاری شەهیدان و پێشمەرگەکان (کە



ئەوان هەقی خۆیانە)، و هەمیش بۆ کەسبی وەلائی ئەوخەڵکو خوایەی کە بۆ رۆژی هەڵبژاردن، و مەسیرەی نیشتیمانی و سوێند خواردن بەسەری قیادەی سیاسی زۆر لازمن .بەڵێ سەرتان نەئێشێنم ئەڵێن کەسو کاری ئەم شەهیدە، ئەبیستن لە لای برایانی ئیسلامیش ئیکرامیەو تەقاویتی و ئافەرینانە بۆ ئەو خەڵکەی خۆیان ئەبڕنەوە، بۆیە ناوی خوای لێ ئەهێنن مەرحوم بە شەهیدی ئیسلامی ناو نووس ئەکەن! .من بیستوومەو دیومە خەڵکانێک لەحاڵی حەیاتیانا کاسپیان ئەوەبوو سەنگەریان ئەگواستەوە، و لە درێژەی هەواڵەکانیشا لە تەلەفیزۆنە ئاسمانیەکانەوە وەکو دەست کەوتی خۆیان و خەسائیری ئەولا باسی لێوە ئەکرا. بەلاّم ئەوەی نەم بیستبوو قەبر گواستنەوە بوو .بۆیە بۆ تەسهیلی حەرەکەت، و بۆ ئەوەی وەرەسەش غەرقی رەحمەتی خوات کەن، وبوونی پەنجا نەوع شەهیدانە وا چاکە پیاو وەسیەت بکا لە پاش مەرگی لەسەر عارەبانە بینێژن.

دیسمبری 2005

## کرێکار....

دەوروبەری ساڵی 1979 لەبەغدا خوێندکاری زانکۆ بووم دوای ئەوەی ئەوساڵەم بە سەرکەووتویی کۆتای پێهێناو، عەتەلەی هاوین دەستی پێکرد، نەچووم یەکسەر بگەرێمەوە بۆ شاری هەڵمەت و قوربانی بۆ تەمەتوعکردن بە پشووی هاوینەوە ، بەڵکو ووتم با جارێ بەدوای ئیشێکدا بگەرێم، تاوەکو هەندێ پارە پاشەکەوت بکەم، بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ ساڵی ئایندە. بۆیە لەبری ئەوەی منیش وەکو برادەران جانتاو بەتانی و پێداویستیەکانم بدەم بە شانما،و رووەو نەقلیاتی نەهزە بکەومە رێ، رووم کردە مەنتیقەی سەناعی، لەوێ کارگەیەکم دۆزیەوە کرێکارەکانی هەموو کورد بوون، هاتبوونە بەغدا و لەوێ بەبەردەوامی ئیشیان ئەکرد .کاتێک چوومە لای خاوەن کار، کابرایەکی عارەب بوو، وەزعی خۆمم تێگەیاند ،کە خوێندکاری زانکۆم و ئەمەوێ پشووی هاوین ئیش بکەم، ووتی باشە بەڵام ئیشەکەی ئێمە قورسەو مانگی تەموزو ئابیش لە بەغدا پلەی گەرمی لە پەنجا تێپەر ئەکا، تەحەمول ئەکەی ؟ووتم بەڵێ چارم نەبوو ئەبوو ئیش بکەم .. ناوی خوامان لێهێناو بۆ بەیانی کەوتمە ئیش دوای چەندرۆژێک لەگەڵ کرێکارەکان ئاشنایەتیمان زیاتر پەیا کرد، کە نزیکەی 15 کەسێک ئەبوون هەموو نەخۆێنەوار بوون، هەر لە کارگە کەش نانمان ئەخوارد،و ئەخەوتین پاش تەواو بوون لە ئیش بەو رۆژە گەرمەی



بەغدا و چوونکە هەموو کوڕی لادێ بوون و ماندووبونیان نەئەزانی، دەستیان ئەگرت قەیرێک هەڵئەپەرین، و زانیبوویان من ئەزانم بنووسم و بخوێنمەوە یەکێکیان دەفتەرێکی دووسەد لاپەرەیی لەگەڵ قەڵەمێک کریبوو، ئیتر دوای ئیشکردن کاری من نامە نووسین بوو بۆ ئەوان، ئەیاننارد بۆ بەرنامەی گۆرانی داواکراو لە ئیستگەی کوردی لەبەغدا، کە تیادا داوای گۆرانی کوردیان ئەکرد، دوای ریز کردنی ناوی هەموو کەسو کارو خۆشەویستانیان، ئەبوو ناوی منیشیان بهێنایە وەکو نووسەری نامە، و بەرێزەو گۆرانیەکەیان پێشکەشی منیش ئەکرد، زۆرم لێ ئەکردن کە پێویست ناکا ناوی بەندەی تیابێ، بێ فایدە بوو، منیش دڵم نە ئەشکاندن وابزانم ئەو ماوە کەمە 20 جار گۆرانی ئامان میم گورجیان پێش کەش کردم .بەهەر حاڵ دەرۆژێکم ئاوا بەسەر برد لەگەڵیان، تاوەکو ئێوارەیەک ووتیان: کاکە ئێمە بەیانی ناچینە سەرکار، ووتم خێرە ووتیان ئیزراب ئەکەین، ووتم بۆ؟ ووتیان رۆژانەکەمان کەمە، لەدڵی خۆما ووتم ئەم بەدوا چوونی مافی تەبەقەی عامیلەیە هەر ئەبێ لەو مانگەیا بێ کەمن ئیشی تیا ئەکەم، و پێویستی زۆرم بە پارەکەیەتی، ناکرێ تاجیلی کەن!؟بە هەر حاڵ خوا هەڵناگرێ ئەوان هەرچەندە خەڵکءکی سادە بوون بەڵام هەستیان بە مەوقیفی من ئەکرد ،داوایان لێکردم کەمن هەقی ئەوانم نەبێ ،و کاری خۆم بکەم، چوونکە من بۆماوەیەکی دیاری کراو کارم ئەکرد ،واتا سیفەتی کرێکارم بەسەرا تەتبیق نەئەبوو، بەڵام نە لەرووی عەمەلیەوە مومکین بوو، چوونکە کارگەکە بە

www.pertwk.com

یەک کەس موستەحیل بوو بکەوێتە ئیش، نە لەرووی ئینسانیشەوە بۆمن جوان بوو، ئەو خەڵکە مان بگرن و من بەتەنیا بکەومەکار، بۆیە منیش بەناچاری کەوتمە مانگرتنێکەوە کە نە پێم خۆش بوو لەوکاتەیا بکرێ، نە لەبەرژەوەندیشم بوو، نە ئاگایشم بەتەواوەتی لە ئەسبابەکانی بوو، بەهەرحاڵ بۆ بەیانی خاوەن کارگە بەخۆیی و ئۆتۆمبیلە موکەیەفەکەیەوە خۆیکرد بە مەعمەلا ، بینی بێ دەنگە ووتی بۆ کار ناکەن، کرێکارەکان ووتیان رۆژانەکەمان کەمە، تەلەفونی کرد شەریکەکەشی هات کابرایەکی عەگال بەسەری پارەداری تکریتی بوو، و بەهۆی بوونی سەدام بە سەرۆکی عێراق بەرژەوەندیە کانیان رۆژ لەدوای رۆژ لە هەڵچووندا بوو. سەرتان نەئێشێنم پاش کۆبوونەوەیەکی موغلەق لەمابەینی هەردوو شەریکدا، ناردیان بەشوێن بەندەدا ووتیان تا جەنابت نەهاتبووی ئەم کرێکارانە عەیبیان نەبوو ، ئێمە بەخێرێ ووتمان خۆێندکارەو فەقیرە با ئیشی بدەینێ ،کەچی کەوتیتە تەحریز کردنی کرێکارەکان لێمان ،دیارە شتت زۆر لەژێر سەرایە، فەرموو شتەکانت بپێچەوەو برۆ ملت بشکێنە ، شوکری خواش بکە ئێمە ئەو چاکەیەشت لەگەڵ ئەکەین، کە سوڵوتاتی ئەمنت لێ ئاگادار ناکەینەوە ، خۆت قانون ئەخوێنی و ئەزانی سزای تەحریز کردنی خەڵک لەدژی سوڵتەی وەتەنی چیە، من دەرکرام و کرێکارەکان مانەوە! جار جار ئەو ئیزرابەم بیر ئەکەوێتەوە ،کە بە تۆپزی پێم کرا، لەدڵی خۆما ئەڵێم تۆ بڵێی ئەگەر چینی کرێکار هاتنە سەر تەخت، و پێی موبارەکیان خستە سەر فەرشی سوور، ئەوەم بە خەبات بۆحلێب نەکەن؟ یان



ئەڵێن قانوون حیمایەتی پیاوی موغەفەل ناکا تۆیەک کرێکار نەبووی هەقی ئیزرابت چی بوو.

دیسمبری2005

www.pertwk.com

## باحیس...

کاکی نووسەر کە لەدیراسەی سێ و چوارو پێنج بەش کەمتر بڵاو ناکاتەوەو واتا باحیسە لە ئوموری کوردیدا و ماشاللە قەڵەمەکەشی ئەوەندە بەبرشتە شوێن نەماوە مەقال و بەحسی ئەوی لێ نەبینرێ، ئیعتیرافیش بەو سەرچاوانە ناکا کە نەختە نەختە شتیان لێوە وەر ئەگرێ، بەڵام بە سایتی ئەلکترۆنی ئەڵێ سایدی ئەلکترۆنی.

دیسمبر2005



## دیعایەی ئینتیخابی.......

ئەوەتەی ئینتیخابات داهاتووە، لەگەڵیشیا دیعایە بۆ کەس یان حیزب یان قایمەی پاڵێوراوی لەگەڵدا لە دایک بووە ،چوونکە ناکرێ ونابێ تەسەوری هەڵبژاردنێک لەکەش و هەوایەکی دیموکراسیدا بکرێ،و رێگە نەدرێ بە لایەنە موباریزەکانی ناو ئەو پرۆسەیە، بەکەیفو زەوقی خۆیان و چۆن ئەقڵیان ئەیگرێ و بەچ رێگەیەک ئەچنە ناو دڵی دەنگدەرانەوە پروپاگاندە بۆ خۆیان بکەن .کەواتە هەمووما‌ن کۆکین لەسەر شەرعیەتی و ئەو وەسائیلە شەریفانەی کە لەو پێناوەدا بەکار دێت. دیارە ئێمەی کوردیش بەدەر نین لەو حاڵەتەو هەقی خۆشمانە باشترین و ئاسان ترین رێگا بەکار بهێنین بۆ هاندانی ئەهالی، بۆ ئەوەی لە واجیبی نیشتیمانی دوانەکەون ،و رۆژی دەنگ دان تێکرا ئەوەی مافی دەنگدانی هەیە نێرو مێ بەرو سندوقەکانی دەنگدان رێگە بگرن ،و پەنچەیان لە مەرەکەبی وەنەوشەیی بە بەڵێ هەڵکێشن .چوونکە داهاتووی کوردی لەسەر وەستاوە ،بەڵام ئەمرۆ لەیەکێک لە کەناڵە ئاسمانیەکانەوە تەبعەن بەسوپاسەوە بینیم گۆرانیبێژەکە قۆڵی مەردانەی لێ هەڵماڵیبوو گۆرانیەکی بۆ هاندانی خەڵک بۆ دەنگ دان چێ کردبوو ئەو بەرێزەی ئەی فەرموو دەنگ بدەن بۆ ئەنفال دەنگ بدەن بۆ کیمیا باران! ئەتوانین بڵێین گۆرانیبێژو موزیک سازەکان نەخوێنەواریەکەیان شەفاعەتیان بۆ ئەکا. ئەی دەزگاکەی کە

www.pertwk.com

پەخشی ئەکا ئەویش نەخوێنەوارە ئەی ئەو هەموو پسپۆرە فەنی و ئەدەبی و فەلسەفیە لەکوێندەرێن؟ ئەم خەڵکە دەنگ بۆ دووبارە نەبوونەوەی کیمیا باران و ئەنفال ئەدەن یان بۆ دووبارە بوونەوەی؟ ئەوەش دیعایەی ئینتیخابی کورد.

دیسمبری2005



## سێ شاعیرو یەک شیعر.....

. برای شاعیر و هەست ناسک لەیەکێک لەسایتەکانا ئەڵێ:( ناویان لێنام بەبێ ئەوەی لێم بپرسن بۆچی هاتووی ..بۆچی دەژی و.. بۆکوێ دەڕۆی ئای ئاستەمە.. نەدەزانین بۆچی هاتووین... نەدەزانین بۆچین دەژین... نەدەزانین بۆچی دەمرین).. محمد عبد الوهاب لەگۆرانی مین انا کە ساڵی 1973 بۆ عبدالحلیم ی چێ کردو نەگەیشت بەشێوەیەکی هونەری تۆماری کا ئەڵێ :(مین انا ..عایز اعرف لیه انا.. عایز اعرف ..اختار الدنیا المعاد .. واختارو اسمی فی المیلاد ..ماکان بیدی بیدایتی ..ولا بیدی نهایتی ..) (ایلیا ابو مازی) یش کە لە 1957 چۆتە جێی هەق هەمان شتی ووتوە کە ئەڵێ :(جئت لا اعلم من این ولکنی اتیت)... ئیتر نازانم ئێستا سێ شاعیرو یەک قەسیدەمان هەیە ئەبێ هی کامیان بێ؟ ئەگەر بەهەستە نەتەوایەتیە حەیاتەکەی بکەین ئەوان ئیلهامەکەیان لەشاعیری ئێمە فڕاندووە ئەبێ بماندەنەوە.

دیسمبری2005

www.pertwk.com

## ژوره عەلمانیەکە.....

برِێکی زۆر لەم کوردە کەهەندێکیان نەوەی کۆنە پێگەیشتوون، بەڵام پێشکەوتوو خوازن وەیان تازە پێگەشتوون، و پێویست بە ئایدولۆجیا ناکا خۆیان وادروست بوون ئۆتوماتیکی هەر بەرەو پێشەوە ئەچن. کاتێک باس دێتە سەر باسی ئەو عامیلانەی کە کوردیان بە قورێدا بردووە، و نەیان هێشتوە قولانجێک لە دونیای مەدەنیەت نزیک ببێتەوە، وەیان دەوڵەتی قەومی خۆی درووست بکا، ئەڵێن هەرە گرنگەکەیان ئەو ئیسلامەیە کە شەهییەتی عارەبی سەحرای بەرەو شیمالی بە پیت، و بەرەکەت جووڵان، و خاک و بونیادی قەومیی کورد، بوونە قوربانی ئەو هەڵمەتە حەلالانەی کە سەرو ماڵی کردینە غەنیمەو خستنیە سەر مومتەلەکاتی ئیمپراتۆریەتی خەلیفەی عەرەب . بۆیە قەت نەبووەو ناکرێ ئێمەی کورد، لە نەورۆز زیاتر موناسەبەیەکی دیمان هەبێ ،و لە هەی رەقیب بەولاوە، کیتابێکی تر برِوامان بێ ،لە هەموو بابەت و نووسین و موناقەشەکانیشیانا ،هەمیشە پی لەسەر ئەو سەوابیتانە دا ئەگرن. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج بوو لای بەندە، ئەم جەژنی قوربانە ئێوارەیەک رێم کەوتە ژورێک، لە ژووره عەلمانیەکانی پاڵتولک، بینیم لە نێوچەوانی ژوورەکە نووسراوە، ئازیزان جەژنی قوبانتان لێ پیرۆز بێت، ئەوشەوەش تەرخان کرابوو، بۆ دەربرِینی خۆشی و سەعادەت بەبۆنەی ئەو موناسەبەیەوە ،ئیتر زۆر لەو



بەرێزە هەمیشە کورد و کوردستان پەرستانەش، ریزیان گرتبوو بۆ دەربرِینی شادی و سروری بێ سنووریان، سەرەتا بە قسەو پاشان بە هەدیە کردنی گۆرانیەکی پر جۆش و خرۆش، بە دانیشتوانی ژوورەکە و شاعیران و خوێنەرانی شیعریش، بە مۆسیقای دڵتەزێنەوە قسوریان نەئەکرد، لە خوێندنەوەی قەسیدەی نەرم ونیان ، دەم خۆشی و دەست خۆشی و تکایە دووبارەی کەرەوەی ئەو خەڵکە،و لە پەستا چکلێتی جەژن خواردنیش وای لێکردم ، بە قەناعەتێکی واوە لەو هۆدەیە بێمە دەرەوە  کە کورد بۆخۆی بووە بە ئیسلام، و درۆیە قەتاو قەت زۆری لێنەکراوە ،ئەگەر باوەریش ناکەن ساڵ پێچی مێزەرێکە و جەژنی رەمەزانی داهاتوو بەرِێوەیە بۆ خۆتان بچنە ژورێ.

کانونی دوومی2006

www.pertwk.com

# ریکلام......

لەم هەندرانە دووساڵ لە کتێبخانەی زانکۆ کارم کرد، ڕۆژێک بەرێوەبەرەکە ووتی: خالید ئەمڕۆ میوانت هەیە بەراستی حاڵی نەبووم، ووتم کێن؟ ووتی ستافێکن دێن لە بەشەکەی تۆیا ریکلامێک بۆ فلانە کەناڵ دروست ئەکەن، ووتم بەخێر بێن ئەوەنەی نەبرد نزیکەی هەشت کەسێک لە دەرهێنەرو یاریدەدەرەکەی و کامیرامان رووناکی تەکنیکارو کارەباییو یاریدەدەری هونەری، بەخۆیان و باری پیکابێکەوە لە ئامێرو کامیرا و پێداویستی کارەکەیانەوە هاتنە هۆڵەکەوە. ئەوەی سەرنجی راکێشام ، بەشی سێ ژەم خواردن و خوارنەوەیان پێ بوو، ئەوان سەرقاڵی کاربوون، بە دافیعی فزووڵ لە کارەباییەکەم پرسی ئەم ریکلامەیەی ئێوە خەریکین ماوەکەی چەنە لەسەر تەلەفزیۆن؟ ووتی: لە حدودی هەژدە سانیە، ووتم بەس ووتی بەس، ووتم ئەو هەموو خواردنە بۆ هەژدە سانیە! هیچ تەعلیقێکی لەسەر پرسیارەکەم نەبوو، پێکەنی. من ماوەی کارەکەم هەشت کاتژمێر بوو، ئەوان هەر خەریکی ریکلامە بۆر بوون، من ڕۆشتمەوە ئەوان هەر خەریکی پاڵ پێوەنانی کامیرای سەر سکەکە بوون، لەڕێگابووم بۆ ماڵەوە لەبەر خۆمەوە ئەم ووت ئەمە بۆیە ئەوەنە زەخیرەیان خستووە، نا هەقم نەبوو ئاخر من بە ئەقڵی ریکلامەی شەربەتی خەیاڵ و وەرنەوە بۆ لۆقنتەی (سکی ڕەوان)، شازی برنجی کوردی



بە رۆنی خۆمان، نیشتبوومە هەڵسەنگاندنی ئیشەکەی ئەوان .

ـ دوای ئەوەی ریکلامەکەی کوردسات لە گەرم و گوڕی و جوانی و ئیقتیسادی لە نەوت سەرف کردنەکەی زۆپای پۆلار ئەبێتەوە، ئەڵێ پۆلار بەهاوبەشی لەنێوان ئێران و یابانا دروست ئەکرێ، ئەگەر ریکلام خوێنەکە نەڵێ ئەوشتە زۆپایە، بینەر وائەزانێ تونێلێکی تر لە ژێر بەحری مانش دروست ئەکەن، بەڵام ریکلامەکە پێمان ناڵێ ئایا دروست کردنی زۆپایەک دوو دەوڵەتی بۆ چیە؟ ئەگەر واشبێ ئەبوو بزانین ئەم زۆپا نێو دەوڵەتیە چەنی یابانیەو چەنی ئێرانی؟

ـ ریکلامێکی تر ئەڵێ :خەباتەی ئۆرسۆی چیمەنتۆ بە بەکارهێنانی تازەترین تەکنەلۆجیای سەردەم ئەگرێتەوە. هەندێک زانیاری هەیە خۆی تەحصیل حاصڵە و پێویست بە شەرح و تول ناکا، بە تایبەتی لە ریکلاما، کە ماوەکەی نابێ لە بیست سانیە تێ پەر بکا، بێگومان ئەبێ ئۆرسۆی ئامێرێکی مۆدێرن بێ ،قابیلە خەڵک بەدوای خەباتەیەکا بگەڕێ ،کە بە شێوازی سەدەکانی ناوەڕاست چیمەنتۆ بگرێتەوە؟

کانونی دووەمی2006

www.pertwk.com

## حاجی........................

جەناب چارەکە سەدەیەک ئەبێ لەخاریجە ،و خەڵکانی ناحەز ئەڵێن ئەوعانەی پەنابەرێکی کورد ئەگەر سەیارەیەکی سەفارەتی عیراقی بە ڕێکەوتیش بەلایدا ڕۆشتبێ، ئەوشەوە لەبەر غایلەی بڵێی نەم فرێنن و نەم بەنەوە بۆ بەر دەستی ئەبو عودەی، خەوی لێ نەکەوتووە. ئەم جەنابە عیلاقاتی کۆمەڵایەتی و توجاری، لەگەڵ سەفیر زۆر خۆش بووە، هامشۆو ڕەفتیش لەمابەینا هەبووە، بەعزێک بوختان چی ئەڵێن سیادەتی سەفیر چەندجار چۆتەماڵیان، و بەچێشتی دەستی براژنیشا زانیویەتی کە خواردنی کوردی چەن بە لەزەتە(ئەوەش ئەگەر جوان زەینی بەیتێ ئەتوانی بەکوردایەتیەکی خەفیف حیسابی بکەی). ئەم جەنابە وەکو بزنس مانێکی سەرکەوتوو ، بۆ نان پەیا کردن و مەعیشەتی ماڵ و مناڵ، و پێداویستی زەروری حەیات، لەوکاتەی کە سەدام سەفەری لە بەڕو بەحرو ئاسمانەوە لەعێراقیەکان مەنع کردبوو، ئەم پێ یەکی لە بەغدا ئەبێ و پێ یەکیش لە خاکی غەریبی، سەیرەکە لەوایە ئەم بەرێزە سەرەڕای ئەوهەموو مەشغەڵەتەی ، ئیماندارێکە لە ریزی پێشەوەی خوا پەرستان ،تەنها حوبی وەتەنەکە نەبێ کەقەت نەیزانیوە بەری بەکوێ وەیە، ئەگینا لەوەتەی باڵق بووە ئەشهەدو مابیللا نە ڕەمەزانێکی خواردووە نە نوێژێکیشی هێشتووە بگاتە ئەوەی کە بە قەزا بگێرێتەوە . خەڵکی بێ ئیش ئەڵێن لەم حەجەی



دوایدا لەناو ئاپۆرەی حاجیانا جۆش و خرۆشێکی وا ئەیگرێ،پەلاماری مۆبایلەکەی ئەیاو بە ماڵەوە ئەڵێ ئەلعان لەو جەوە ئیمانیەیام کە خۆت حەزت لێ یەتی، سەد خۆزگە ئەم دەقەیە لە گەڵم ئەبووی، ئەڵێ بۆ گەیشتنە کوێی؟ ئەڵێ هەموویمان تەواو کردووە، هەر شەیتانی لەعین ماوە ئەوە خەریکی رەجم کردنین.

کانونی دووەمی 2006

www.pertwk.com

# پاشایەتی

کوردەکان ئەڵێن لەلیستی هاوبەشی کوردستانی ناوی بەعزێ جاشی تیایە وتکایە لایبەرن، چونکێکم ئەوانە ماوەیەکی دورودرێژ خەیانەتیان لەگەلی خۆیان کردوە، و مەحاڵە بێنەوە تایم و بکەونە سەر سکەی کوردایەتی. رای پێچەوانەش ئەڵێ نا ئەوانە لەم مەرحەلەیەدا پێویستن، و ئەو بڕیارەی سەرکردایەتی کوردەواری حیکمەتەکەی لەوایە، کە ئەمانە وەکو ئەوانەی سەرەتای ئیسلام، کە باوەریان پێ نەبوو خەتەریشیان بۆ سەر ئیسلام هەبوو راگیراون. ناچار ناویان لێنرا( الموئەلەفە قلوبەهوم) و بڕێک لەو پارەیەو ماڵەی کە لە غەزاکانا چنگیان ئەکەوت ،ئەدرا بەوان . بەڵانەکی ئەوە بۆ ماوەیەکی کەم بوو، دوای ئەوەی بەهێز بوون شەقیان تێ هەڵدرا .ئەڵێن ئێمەش ئەو سیاسەتە لەگەل (الموئەلەفە قولوبەهوم )ە کوردەکانا بەکاردێنین، دواتر ئەڵێین یان بەدڵ کوردایەتی یانەکی ئیتر یەک فلسی سوور لەئێمە نابینن. کورسیەکانیشیان کە بەناوی کوردو خوێنی کوردوستانەوە لە پارلەمانی عیراقی وەریان گرتووە، لەژێر قوونیان دەرئەهێنین و، ئەیدەین بە کوردێکی دڵ ساف و بە شەرەف وماڵ کاول لە رێگەی کوردایەتیدا ، وەڵڵاهی ئافەرین ،تاکتیکی چاکە بەڵام کورینە بڵێی دوای دووسەدەی تریش هێشتا هەر جەماعەتی مۆئەلەفە بەهۆی شەری ساردی ناوخۆوە لازم نەبن بۆ راگرتنی هاوسەنگی هێزەکان



،وئەوانیش بەوزیرەکیە خۆرسکیەی کە هەیانە ،ئیستیغلالی ئەو ململانێیە نەکەن ،و کام جێیەی لەوەرگەکەی خۆش بێ هەواری خۆیان و عەشرەتیانی لێ هەڵنەدەن ؟ دواتریش خوا بەو رۆژەی نەکا ئەگەر لێمان بقەومێتەوە و بکەوینەوە شەری دیفاع کردن لە خۆ، ئەمەش ئەعمالمان بوبێ، لەگەڵ کوردستان فرۆشان. ئیتر چۆن بتوانین بە خەڵکو خوا بڵێین مەبنە جاش، و خۆفرۆش، و سیخور، ئەوە ڕسوایی لەبەردەمی گەل و نیشتمانەوە لە دواوەیە .ئەوکاتە ئەوانیش ئەڵێن نا بەرێزم جاشیەتی سەرەرای ئەوەی لەئاکامی سەرکەوتنی شۆرشگێرانا لێبوردن، تورەکەی پر لەپارەی حیزبەکانت بۆزامن ئەکا ، لەپارلەمانیش کورسیەکت ئەداتێ کەواتە کامیان باشترە کوردایەتی یان پاشایەتی ببورن جاشایەتی؟

کانونی دووەمی2006

www.pertwk.com

# فشەکەر.....

- لەناوشارەوە سواربووین ووتی روخسەت هەیە جگەرەیە بکێشم ووتم فەرموو، سەیری کرد جێگەی جگەرەدانانە کە پاکە ،ووتی خۆت جگەرەکێش نیت؟ ووتم گوێ مەیەرێ ، کەوتینە سەر ئۆتۆبان ووتی ئەم جادەیە دەشتێک پانە کەچی 120 ئەڕۆی! ووتم قانون ئەوەنەی رێگەیاوە ، ووتی دەی سا بەتەلاقم لەجادە خراپەی وولاَت لە ولا سلێمانیشەوە بە 3 سەعات چوومەتە بەغا. بەخێرایی بەینی بەغاو شوێنی دەچوونی برادەرم حساب کرد لانی کەم ئەی کردە 450 کم واتا ئەم خۆشەویستە سەعاتی 150 ی لێخوڕیوە ،حسابی سەیتەرەکانیشم بۆ نەکردبوو چوونکە ئەبێ رایان نەگرتبێ! ووتم باشە لە وولاَت کەسێک هەبوو لە تۆ سەریع تر بێ ووتی بڕوا ناکەم و دوابەدوا یەکسەر ووتی ئەستغفیروڵلا یەک کەس نەبێ ووتم کێ بوو؟ ووتی خەزورم ، لەدڵی خۆما ووتم تەبعەن ئەم زاوایە هەر ئەبێ ئەو خەزوورەی هەبێ.

- ووتی جارێک لەو بەغایە پاسێکم پێ بوو پر بوو لە نەفەری عەرەب، ووتم ئێ ووتی سودفە ئەو ڕۆژە جادەکەیان قەتع کردبوو چاکیان ئەکرد، مەجبوور خۆم کرد بە فەرعێکاو



پردێک هاتە ڕێمان چارم نەبوو ئەبوایە لە ژێریەوە بڕۆم، بەلاَم سەیرئەکەم پاسەکە چەن سانتیمەترێک لەپردەکە بەرزترە و پێوەی ناچێ، ووتم خوایە ئەم بیتاقەیە چی بوو بۆم دەرچوو . وەڵا عەرەبەکان هەموو هاواریان لێ هەڵسا های شلۆن موشکیلە ئێمە لەدەوام دوا ئەکەوین، ووتی پێم ووتن بەسیتە (لەدڵی خۆما ووتم منیش بەشی خۆم زیرەکم ئەگەر من بوومایە لەبری ئەو ، پاسەکەم چەور ئەکرد، مەعلوم ئەویش وای کردوە) بەلاَم نەرمەکۆکەکەی سیلسیلەی ئەو تەفکیرەی پچڕانم و فەرمووی دابەزیم و هەوای هەرچوار تایەکەم داگرت و بەسەری تۆ سلفم لێ یا وەکو گوڵ لە ژێر پردەکەوە دەرم کردن ووتم ئەی نەفەرەکان مەوقیفیان چی بوو ووتی یایان لە هاڕەی چەپڵەو بارەکەڵلا بۆ زیرەکی کاکە ، ووتم جا ناهەقیانە.

- باوکم بۆی گێرامەوە ووتی نزیکەی نیوسەدە لەمەوبەر ڕۆژێکی هاوین، جەماعەتێک لەژێر سێبەری دارێکا مۆڵیان خواردبوو، گوێم لێبوو باس باسی ڕاو و تفەنگچی مەزبووت بوو. یەکێکیانم ئەناسی و ئەم زانی کە ئەم کابرایە فڕی بەسەر دەست و تفەنگ و ڕاوەوە نەبووە، کەچی ئابەم نەوعە باسی خۆی ئەکرد : کاکە ڕۆژێک ساچمەزەنەکەو برنەوە وەستەکەم کردە شان و ڕوەو ئەو

www.pertwk.com

کێوەی لای خۆمان ناوی خوام لێهێنا، ئەورۆژە سوودفەی هێچ نێچیرێکم نەکرد ووتم وەڵلا من قەت لە حەیوانێک کەمترم ڕاو نەکردووە چۆن ئەم جارە بەدەستی بەتاڵ ئەڕۆمەوە، سەرتان نە ئێشێنم بڕیارم یا ئەو شەوە لەوێ بمێنمەوە. لە نیوە شەوا بوڵە وگرمە پەیابوو تێم خوڕین زەلام کێن دەنگ نەبوو، نەخێر زیاتر روویان بۆلای دنگەکەی منەوە ئەنا، وەڵڵا منیش میلی پیرە بڕنەوم هێنایەوە ئەشەم بیللا یەک فیشەکم کرد بەناویانا لە بۆڵەم خستن. جەماعەت هەموو ووتیان باوکم بەخوا جەنابتان کردە بوون، ئەگینا زەلامێکی کە بوایە زەفەریان پێ ئەهێنا. ووتی ئەوشەوە لێی نووستم بەیانی هێشتا تاریک و ڕوون بووهەڵسام ،ووتم بابزانم چیم کردووە کاتێک سەیر ئەکەم بەو فیشکەی کە شەو هەر بەتاریکیش تەقانم حەوت وورچم کوشتووە. باوکم ووتی خۆم پێ ڕانەگیرا ووتم ڕاوچێ چاکی لەسەر سەرم، تفەنگەکەت بڕنەو بووە ئەویش بە هەر سوورەت، بەڵام حەوت وورچ بە یەک فیشەک! بۆ وورچەکان عەسکەر بوون و لەسەر یەک خەت بە یەس یەم ئەڕۆشتن وا ئەم فیشەکەی جەنابت هەر حەوتیانی سمیوە! پێم ووت وەڵڵا خۆراست ئەکەی ،ئەی کاکی ڕاوچی جوابی چی بوو؟ ووتی لەوکاتەوە تا ئەمڕۆ کە ئەکاتە زیاتر لە پەنجا ساڵ قسەم لە گەڵ ناکا، ووتم جا نا هەقیەتی تۆ نەبوویتایە حەوت زەمان بوو ناوی چووبووە ناو



مەوسوعەی گینسەوە لە ژێر ناوی ئەوکەسەی حەوت دانە وورچی هاروهاجی بەیەک فیشەک کوشت و تابەیانیش خەوت.

شوبات2006

www.pertwk.com

## هەرزانجان.......

نەنکم بەرەحمەت بێ زۆر شتی  نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمی شاری سلێمانی  بۆ ئەگێرامەوە، هەر لە شۆرشەکەی شێخ مەحمودەوە، تا دەشتی تەیارە خانەکە،و بۆردورمانی سلێمانی، تا ئەگاتە کوشتنی جەمال عیرفان، بە تەحریزی شێخان لەبەر ئەوەی فەیلەقوز بووە(فەیلەسوف)، ووتویەتی باران لە هەڵمی ئاو پەیدا ئەبێ، و هەورە تریشقەش قامچی مەلایکەتان نیە، بەڵکو لێک دانی دوو هەوری ساردو گەرمە. بێ گومان گرانی گەورەو بچکۆلەشی لەبیر بوو، بۆیە هەر پارەی چنگ کەوتایە لەپێش هەموو شتێکەوە گەنمەکەی ئەبوایە بکریایە. یەکێک لەوشتانەی کەسەرنجی ئەوکاتەی منی راکێشابوو، باسی مریشک دزەکانی ئەو عەیامە بوو . دزی کردن خۆی لە خۆیا شتێکی سەیرو سەمەرەنیە، چونکە رۆژانە هەزارەها نەک مریشک بەڵکو پاپۆریش ئەدزرێ . بەڵام سەیرەکە لە وەسیلەکەیا بوو ئەی ووی ئەو دزانە سەرو ریخۆڵەیان هەڵئەگرتوو ئەکەوتنە کۆڵانەکانی سلێمانی، لام سەیر بوو ئەم ووت  باشە مریشک دزین ریخۆڵەی بۆ چیە! ئەی ووت چۆن بۆ چیەتی، سەرێکی ریخۆڵەکەیان بۆ مریشکەکە فڕێ ئەیاو سەرەکەی تریشیان ئەگرت بە دمیانەوە، هەرکە مریشکی بەستەزمان سەری ریخۆڵەی بەدەنووک ئاو دیوو ئەکرد، ئەمان فوویان پیا ئەکردو ریخۆڵە لە قورگی مریشکا ئەبوو بە میزەڵان، و



قیرەو حەرەکەی لێ ئەبری. ئابەو نەوعە مریشکیان ئەخستە بن دەستیان، بێ ئەوەی فرکە فرک لەم سەر بۆ ئەوسەر راوی نێن و ساحێب مریشک بۆیان دەرپەڕێ، و قاچێکیان بکەن بە هەزارو تا شیوی جولەکان ئاور نەیەنەوە. ئەم نەقڵەم بۆیە هێنایەوە تابگەمە سەر ئەو کابرایەی کە چوو بۆوە بۆ وولآت داوای کردبوو بیکەنە مامۆستای زانستە سیاسیەکان لە یەکێک لە زانکۆ کان. ئەڵێن بۆچی برادەر خۆ لە **CV** کەتا تیا نیە بڕوانامەی زانستە سیاسیەکانت هەبێ، چۆن ئەبیتە مامۆستای ئەو بەشە، ئەڵێ ڕاستە بەڵام ئەوە سێ ساڵە لەسەر پاڵتالک هەموو شەوێک لە هەر ژوورەی سێ چارەک موداخەلەی سیاسیم هەیە، و شەوی زیاتر لە دووسەد دەم خۆشیشم بۆ ئەنووسن، بێجگە لەوەش دەیان ووتاری سیاسیم لەوسایتە ئەلکترۆنیانە بڵاو کردۆتەوە. ئەم بەرێزە راست ئەفەرموێ هاتوو هاواری زۆر بوو، لە کوردستانی سەربەخۆی کەمتر نەئەویست، رەخنەی زۆری لە حیزبەکان هەبوو، بەڵام لەناکاو لە قیرەیان خست ئەم لا ئەو لا دواتر دەرکەوت، کە سەرێکی ریخۆلەکەی بردووە بەدەما،و دەسەڵات داریش نەی کردۆتە نامەردی، و فوویەکی  کوردانەی پیا کردووە، ئەڵێن ئێستاکانە لە کوردستانە راستە قیڕەی نەماوە ،و بە سیعری مریشک دزراوە ،بەڵام بەدەردی مریشکەکانی ئەوسای سلێمانی نەچووە باش ئەژی.
شوباتی2006

www.pertwk.com

## سەرخۆش......

مەراسیمی خواردنەوە لای ئەهلی سلێمانی وەکو هەموو شتەکانی دیکەیان لێی نووسراوە (مەید ئین سلێمانی) و تایبەت مەندیەکی ئەوشارەی پێوەیە. قەدیمیان ئەیان ووت ئارەق خۆرەکانی ئەوسا هەر ئێوارەی لێ ئەهات سەرو پیاڵەیان ئەخستە گیرفانی شەڕواڵەکەیان، و هەندێکیشیان بەجام ئەیانخواردەوە، و هەرکەسەش لەگەڵ ئەربابی خۆی نەبوایە نە ئەچوو بۆ دەشت. ئیتر لای کارێزی وەستا شەریف بوایە ، یان قۆریە شکاو( ئەکەوێتە دامێنی ئەمنە سوورەکە) ، یان سەر چنار و باخی بەختیاری و قلیاسان و باخی مەلا عوسمان (شوێنی ئێستای خەستەخانەی جامیعەکە) ، و کانی ماسی و دەشتی مەولانە ،و خوار شیوی قازی، و چەق چەق، وخانەکەی عەبەی شاە محمەد نزیک قرِگە. هەندێکیشیان سەرەو خوار ئەبوونەوە بۆ گوێ چەمی تانجەرۆ لەوێ سەری خۆیان گەرم ئەکرد. خۆ ئەگەر دەنگ خۆشێکیشیان لەگەڵ بوایە ئەوە ئیتر پێڕەکەیان پێرفێکترن پێر ئەبوو، دەنگ خۆشیش چنگ نەکەوتایە پەکی خۆیان نە ئەخست خۆیان بە کۆمەڵ فاتمە دووچاوی مەست یان کراسەکەی بەرت گیانە چیتی شیرکەتی و کەتان کەتانە و هەتا دواییان بە سەرکەتوویی ئەوت. مەزەش سەرەڕای قسەی خۆش و مەقام و بەستەی سلێمانی ،بەزۆری پاقلەو لەبلەبی بوو . ئەوکاتە وەکو ئێستا نەبوو خەڵک



نەی ئەتوانی هەموو جارێک گۆشت ببرژێنی. شەوانەش لە چاخانەکانی کانیسکان و مەڵکەنی و سەرکارێز کۆڕیان گەرم ئەکرد، سودفەشی ئەکرد و لەپڕ دایک یان باوکی یەکێک لە سەرخۆشەکان خەبەری بۆ ئەچوو کە کوڕەکەی خەرکی مونکەراتە، ئەهات بۆئەوەی دەستی خۆی سەوز بکا و بە شەق بەر ئەبووە پیاڵەکان مەجلیسەکەشی بە کوڕەکەکەی خۆیەوە هەمووی حەرامزادەو کافری موتڵەق ئەکرد. دواتریش نادی موەزەفین بووە شوێنی رەسمی و عەلەنی ئارەق خۆرەکان و هەرکەسەی ماڵی لەو گەرەکە بووبێ قەت بۆنی کەبابەکەی ئێوارانی دوای عومرێکی درێژیش لە لووت نابڕێ . ئیتر هەبوو بە سلوکەت ئەی خوادەوەو هەشبوو ئەڕشایەوە ،هەشبوو دوای قاپێک کە هەڵئەسا چارەکێکی سەفەری داوا ئەکرد ئەیان ووت خێرە ئەی ووت بەخوا هێشتا هیچی لێ حاڵی نەبووم! قەحتان و هادیش دووکەسایەتی خۆش مەشرەبی ئەو بەزمە بوون ئەڵێن داوی ئەوەی لە لای دارە کانی دامێنی ئەزمەڕ بە سەرخۆشی دێنە خوارەوە ،هادیان ئەو تاقە هەڵوژەیەی کە بۆ مەزە لە گیرفانی شەڕواڵەکەیا هەڵیگرتبوو ئەی یا بە مناڵێک ئەڵێ بە قوربان ئەوە بۆتۆ . تومەز ئارەقەکەی بێ مەزە فڕ کردووە. کاکی براش دوای ئەوەی خەمی دڵداری لە کەلەی ئەیاو (جوابی لەن تەرانی) قەتعی وەرئەگرێ. هەر چەن ئەکاو تێش ئەکۆشێ لەبیری ناچێتەوە، و ئەبیستێ ئەگەر بخۆیتەوە ئەچیتە ئەو شوێنەی کە هەم کەیفت ساز ئەبێ و لانی کەمیش بۆ چەن ساتێکیش بێ لە داڵغەی بەژن باریک ئەکەوی. یەک دانە بیرە

ئەکرێ و ئەوجا ئەکەوێتە مەزە حازر کردن مەنجەڵێک نۆکاو لەگەڵ تەشتێکی بچووک خەیارو ماست تێکەڵ ئەکا،و نیو کیلۆ بستەش لەبەردەمی خۆیا دائەنێ. پێکێک پڕئەکاو قومێک هەرچۆنێک بێ ئاو دیوو ئەکاو نایکاو ئەکەوێتە گیانی مەزە لەو کاتەیا برابچکۆلەکەی یاری ئەکاو تۆپەکەی ئەکەوێتە ناو جاجیکەکەوە ، ئەڵێ وەڵلاهی فوڵ سەرخۆش نەبوومایە بچویتایە حەوت تەبەقەی ئاسمان ئەهاتم بە دواتاو ئەم هێنایتە خوارەوە سەد جارم ووت مەکە جەوەکەم لێ تێک مەیە، ئاخ بڵێم چی ئێستا خەیاڵم .

شوباتی 2006



# فلیمی هیندی

لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوا هەموو شتێک بۆن و بەرامەی خۆی هەبوو. لە شاری سلێمانی دوو سینەما هەبوون سیروان کە خاوەنەکەی کاک برایمی سنگەر بوو و ڕەشیدیش کە کاک ئەکرەمی سالحی رەشە بوو. ئەو حەلە بە دوو ڕێگا ریکلامیان بۆ فلیمە تازەکانیان ئەکرد یەکەمیان دەهۆڵ کوتێک و زوڕناژەنێکیان سواری عارەبانەیەکی دووئەسپی ئەکردو بەگەڕەک و کۆڵانەکانی شارا ئەیان گەڕانن و بە تێکەڵ کردنی دەنگی تەپڵ و زوڕناکە ئەو خەڵکەیان ئاگادار ئەکردەوە کە ئەمجارە بەهێزترین فلیمی سکۆب ملەوەنیان هێناوە( سکۆب واتا هەموو شاشەکەی ئەگرتەوە) شایەنی ئەوەیە ببینرێ. ئیتر مناڵ دوای عەرەبانەکە ئەکەوتن هەنێکیان هەر چەنە بەینی تایەکانی دواوەی  تەلی دڕکاویان پێوە کردبوو ، گوێیان نە ئەیایە و خویان هەر پیا هەڵئەواسی، خێرەومەندێکیش لەولاوە بۆ ئاگادار کردنەوەی عارەبانچیەکە هاواری ئەکرد قامچیەک بۆ دواوە ،ئەویش تێ ئەگەیشت و یەکسەر لەسەر سەری خۆیەوە قامچیەکەی ڕەوانەی پشتەوە ئەکردوو ئەچزا بە پشتی مناڵی لاسارا و لەتاوا خۆی فڕێ ئەیایە خوارەوە. هەندێکی تریش  بەڕاکردن بۆ ئەوەی دیعایەیەکی ئەو فلیمە وەرگرن کە بڵاویان ئەکردوە دوای ئەکەوتن. دووەمیشیان کابرایەک لەوحێکی تەختەی پێبوو دارێکی بارێکی لە ناوەڕاستەوە پیا

www.pertwk.com

داکوترابوو و  خستبوویە سەر شانی، دیعایەی فلیمە تازەکەی بە گەڕەکەکانا ئەگەڕان و هەمان دیعایەشی بە قەوارەی بچوک پێ بوو ئەی یا بەو خەڵکە بۆ ڕاکێشانیان بو بینینی فلیمەکە.  سینەمای ئەوکاتە کۆمەڵی کردبوو بە سێ چینەوە بۆژواو وەسەت و فەقیر بۆ نمونە قاتی سەرەوە کە مەوقیعی مومتاز بو بە حەفتاو پێنج فلس بوو لۆجی خێزانیشی لێبوو ، ناوەراست بە حەفتا فلس بوو چینی چەوساوەش لە خواری خوارەوە لەبەر دەمی پەردەکا (سکرین) لەسەر کورسیەکی ڕەق بە چل فلس ئەیان هێشت فلیمەکە ببینن، بۆیە هەر کە گڵۆپ ئە کوژایەوە هەندێکیان بەسەر ئەو پەرژینە ئاسنینەی کە سەرەکانی وەکو ڕم وابوون بازیان ئەدایە حەفتاییەوە بەڵام بێ شانسەکان ڕمە تیژەکان شەڕواڵەکانیانی شیڕ دا ئەدڕیە خوارەوە . هەندێکی تریش دوای ئەوەی کە محلەبیەکەیان قوزەڵقورت ئەکرد دەوریە فافۆنەکەیان وەکو سەحنی تائیر بەسەر ئەو خەڵکەیا هەڵئەفڕان ئەڕۆی تاخۆی نە کێشایە بە پەردە کەیا نە ئەگیرسایەوە. گۆرانیەکانی پێش دەست پێکردنی فلیم بە زۆری حەسەن زیرەکو ئوم کەلسوم و نازم غەزالی بوو  لە جەژنانیشا لەبەر ئەوەی خۆشی و شادی بوو سینەما رۆژانە لانی کەم حەوت کەڕەت ئیشی ئەکرد عەبەی سەیزایەو جەماعەتەکەی کە پۆستەو ئیدارەیان پێ ئەوتن پێش دەست پێ کردنی فلیمەکە گۆرانیان ئەوت. فلیمەکانی جەژن بەزۆری هەرقل و عەبە خڕەی هاو پەیمانی بوو، هەروەها ماشستی و ئۆرسۆز و حەوت بەتەڵەکە . ئەوەی سەیر بوو (



لەکاتێکا کە هەرقل ئاوزەنگی لە ئەسپەکە ئەیا بو هێنانەوەی دەنکەکەی کە غاینەکان فڕاندبوویان سینەما گەورەو بچوک ئەیکرد بە چەپڵە رێزان و بە یەک دەنگ ئەیان ووت زۆر جوانە هەرقل! هەر وەها تەڕەزان و مەیمونەکەی کە ناوی شیتا بوو (ئەو عانە ئەگەر یەکێک ناشرین بوایە پێیان ئەوت ئەڵێی شیتەی تەڕەزانە) ئەو تەڕەزانە کە جونی سمولەر ی پاڵەوانی مەلەی ئەوکاتە  دەورەکەی ئەبینی، بەوە ناسرابوو کە لەکاتی تەنگانەیا هاوارێکی ئەکرد هەموو حەیواناتەکان بە کۆمەکیەوە ئەهاتن، بۆیە فلیمەکە تاهاواری زیاتر تیا بوایە برەوی زیاتر بوو. بە گوێی خۆم جەژنێک گوێم لێ بوو جامانە بەسەرێک بە یەکێکی تری ئەوت کە تازە لە بینینی فلیمەکە ئەهاتە دەرەوە چەن هاواری تیایە؟ ئەویش ووتی حەوت ئەمیش ووتی ئەی بە قوربانی خوای بم و وەک تەڕەزان و ئازاتریش لەو بەسەر ئێمەی منالی ئەوکاتەیا خۆی هەڵدا بۆ بەردەمی کونی بلیت بڕینەکە وبلیتی خۆی بڕی. تەرەزانی هیندیش دارا سەنگ بوو عاجباتیەکەی لەوا بوو نیوەی فلیمەکە ڕەش و سپی بوو نیوەکەی تری رەنگاو ڕەنگ ،  ئێستاش نازانم حیکمەت لەوە چیبوو؟.

ئەویش هەموو حەیواناتەکانی هیندستانی کردبوو بە موریدی خۆی و پێی بووتنایە بمرن ئەمردن، ئیشەکەشی پاککردنەوەی دارستان بوو لە ناپاکان . هەر لە جەژنانا لگاوچیەکان لەدەوروبەری سینەماکان و بەر تەربیەی کۆن کە ئەکەوێتە ئەوبەری مزگەوتی گەورەوە مشەمای لگاوەکانیان کە رەسمی تاج و قەرەو لەنگەرو

www.pertwk.com

سینەک و کوپ و دیناری لەسەر کرابوو را ئەخست و عورفی ئەویاریەش ئەوە بوو ئەگەر مۆرەکان هەرسێکیان لەسەر یەک رەسم بکەوتنایەتەوە بۆ نموونە لەنگەر هەر دوقات پارەی بۆ دائەنای بەڵام هەندێکیان کە بۆ راکێشانی مشتەری هاواریان ئەکر سێ دەبڵ ئەخوا. هەندێ جاریش ئەیان ووت فلاّن لگاوچی مۆرەکەی سەر ئەکا واتا بەیەک رەسما زۆر ئەکەوێتەوە بۆنمونە (قەرە) ئیتر خەڵک پارەکەیان لەسەر قەرە دائەنا . ئەگەر پۆلیسیش بهاتایە تەنها پەلاماری مۆرەکانی ئەیا ئیتر لگاوچیەکە چەک ئەبوو چوونکەبێ مۆر لگاو نەئەکرا . کاک چڵیتی مەحمو دەلیش سینیەکی خڕی لە تەختە دروست کردبوو لە مەرکەزەوە بۆ دەرەوە دابەشی کربوو بەسەر چەن خانەیەکا خانەکان پاکەتی جگەرەی تیا دانابوون لەوانە، گریڤن، ڕۆسمان، کۆنسلێت، دیمۆری، و هەتا دوایی گەزێکیشی لەناوەڕاستا کون کردبوو لەسەر دارێ کە بزمارێک بەسەرەکەیەوە بوو لەناوەراستی سینیەکە جێگیری کردبوو سەرێکی مورویەکی پیا شۆرکردبۆوە خەڵکیش پارەیان لەسەر پاکەتەکان دائەناو ئەویش گەزەکەی یەک جار با ئەیا مورووەکە لەسەر هەر خانەیەک بگیرسایەتەوە ئەگەر پارەی لەسەر بوایە ئەوکەسە پاکەتەکەی ئەبردەوە . هەر لە شتە خۆشەکانی جەژن نان و هێلکەو ترشیاتەکە بوو کە سەرەڕای ئەوەی هەموو یەکەم ڕۆژی جەژن سەر لەبەیانی تێرمان نان ئەخوارد بەڵام ئەبوایە پاروە هێلکەکەشمان لەلای سینەماکان لە مام برایم بکڕیایە. ئەوکاتە خێزانیش ئەچوون بو بینینی فلیم بەتایبەتی



فلیمە هیندیە رۆمانسیەکان وەکو سەنگام وئارەزو و ئوم ئەلهند و زۆری تر لەو فلیمانە کەتراژیدیا سیمای دیاریان بوو ، بۆ یە بەدەگمەن یەکێک هەبوو بتوانێ خۆی ڕابگرێ و هۆن هۆن ئاو بە چاوەکانیا بۆ مەزڵومیەتی کوڕەکە یان کچەکە یان خەسوو یان خەزوری یەکێک لەو دوانە نەیەتە خوارێ. هەموو فلیمەکانیش ئەسپ و قیتارو جێبە ئەمریکەکەو موساعیدی کوڕەکە کە کابرایەکی بەحساب قسەخۆش بوو بەڵام زیاتر وەکو تەرتور بەکاریان ئەهێنا ئەبوایە تیا بوایە. ئەو ساڵانە فلیمی هیندی وا دەماخ و ئەقڵی ئەو خەڵکەی پێچابوو گۆرانی بێژ هەبوون میلۆدی گۆرانیە هیندیەکانیان هێنابوو بە هۆنراوەی کوردی ئەیان ووت و نەگبەتێکیش هەبوو ئەی ووت من لە گۆپاڵ ئەچم و خۆشی ئاگادارە و دیاریشی بۆ ناردووم ئیتر لەو ڕۆژەوە دەم ڕووتەکانی سلێمانی ناویان لێنا حەمە گۆپاڵ ئێستاش هەر بەو ناوە مەشهورە. یەکێکی تر ئیکمال ئەبێ و ئاخر چانسیشی ئەبێ ئەو ڕۆژەش ئەو فلیمە هندیەی کە ئاشاپاریخ و دارامەندەری تیایە ئاخر ڕۆژی نیشاندانی ئەبێ دا ئەمێنێ خوایە کامیان هەڵبژێرێ ئینتیحانەکەی یان فلیمەکە ئاخرێکەی حەدێک بۆ دوو دڵی دائەنێ و نایکاتە نامەردی عیلمەکە ئەکا بە قوربانی ئاشاپاریخ. دیاربوو هیندوستانیش ئەی زانی حاڵی تەماشاکەرانی فلیمەکانی لەڕۆژ هەڵاتا ئاوا شڕەو لەو مەیانەشا گرەوی لە هۆلیود بردۆتەوە بۆیەی ساڵی شەش سەد فلیمی بەرهەم ئەهێنا . بەندە و کۆمەڵێ خەڵکی تریش هەبوون حەزمان لە فلیمی هیندی نەبوو بەڵام کاتێک

www.pertwk.com

ئەکەوتینە موناقەشەوە لەگەڵ ئاشقانی هندو فلیمەکانی ئەوان یەک لەدوای یەک ئیستیفادەکانی چوون بۆ ئەو فلیمانەیان بۆ ریز ئەکردین، لە سەرووی هەموویانە باسی کوڕێکیان ئەکرد کە هەر لەڕێگەی سەیرکردنی ئەو فلیمانەوە فێری هیندی بووە، ئەمان ووت گوێتان لێ بووە بە هیندی قسە بکا؟ ئەیان ووت ئەی چۆن ئەمان ووت چیتان گوێ لێبووە ئەیان ووت ئەوڕۆژە لە جادەی مەولەوی ئەو لەبەری مەکتبەی گەلاوێژ ئەبێ برادەرەکەشی لەبەری بازاری عەسری بەهیندی سڵاوی لێ کردووە ووتویەتی هێ دۆست.

شوبات 2006



## توڕەبوونی ئێمەی موسڵمانان .....

دوای ئەوەی موسڵمانانی دونیا لە ڕێگەی راگەیاندنی ڕەسمی وولاتەکانیانەوە زانیان بڵاوکراوەیەکی دانیمارکی لەڕێگەی کاریکاتورەوە سوکایەتی بە قودسیەتی پێغەمبەری ئیسلام ئەکات. هەموو بەیەک دەنگ، و بەیەک ڕەنگ، ڕژانە سەرجادەکانی بەغدا،و دیمەشق، و ئیسلام ئاباد، و تاران،و زۆربەی زۆری پایتەختە ئیسلامیەکان تەنانەت هەولێرو سلێمانیش، بۆ مەحکوم کردنی ئەو کارە،و هەتا موقاتەعەکردنی پەنیرو شیری نیدۆ،و هەموو مەنتوجاتێکی تری ئەو وولاتەش، بوو بەشوعاری رەسمی خۆ پیشان دەران. ناهەقیشیان نەبوو ،چوونکە سەرۆک بۆش و تۆنی بلێری گاوریش نەیان توانی ئیدانەی ئەوکارەنەکەن، مەلاو شیخەکانیش، هەرچی علومی شەرعی و ئیلاهیان لابوو، و چەند ساڵ لەمەو بەر خوێندبوویان، هەموویان وەبیر خۆیان هێنایەوەو بەهێزترین ووتاریان لە نوێژی جومعەیا بۆ ئەو خەڵکە ئەخوێنەوەو هانیان ئەدان بەجۆش وخرۆشتربن تاوەکو نیشانی بەن کە یاری کردن بە موقەدەسات ئاگرێکە ئەگەر بکەوێتەوە ئاوی دونیا نای کوژێنێتەوە. لە گەرمەی ئەو خۆ پیشاندانانەیا کەلە دژی دانیمارکی کافر ئیجرا ئەکرا . ئیسلامی سوننی گومەزی دوو پیاوی موقەدەسی شیعەی بە تی ئێن تی بەسەر چەند دانەیەک لە کتێبی خوایا لە هێنایە خوارەوە. ئیسلامی شیعیش لە تۆڵەی ئەوا سی چل مزگەوتی سوننە

www.pertwk.com

مەزهبیان، لەگەڵ دەیەها کتێبی ئاینی موقەدەس، لەسەرو هەموشیانەوە کە قورئانە، روخان و گڕ تێ بەردا ،و چەن دانەیەک لە مەلا کانیش لەوانەی کە بەردەست کەوتن کوشت. ئەوەی سەیرە ئەگەر لە مەرتەبەی تەقدیسا سەیری بکەین، ئەبێ قورئان و ماڵی خوا لە هەموو شتەکانی تر باڵا تربن. بەڵام لە هیچ شوێنێکی عالەمی ئیسلامیا ،چوارکەسمان نەدی بێنە سەر جادە بو ئیدانەکردنی ئەو بێڕێزیە، کە موسڵمان خۆی بە موقەدساتی خۆی ئەیکا. تۆ بڵێی هەر کۆمەڵەیەکی ئاینی بۆی هەبێ چەندی بوێ بێ حورمەتی بە موقەدەساتی خۆی بکا مادام بەرژەوەندی سیاسی خۆی وا ئە خوازێ؟ بەڵام واوەیلا بە حاڵی غەیرە دینێ ئەگەر بەرێبواریش توخنی یەکێک لەو موقەدەسانە بکەوێ. بڵێی سوننەو شیعە موقاتەعەی پەنیری یەکتریان نەکردبێ؟

مارت 2006



## بێویژدان..

ڕۆشنبیرە ڕاستەقینەکەی سەر پاڵتاڵک، و ناو سایتە ئەلکترۆنیەکان، و دانیشتووی هەندەران، دوای ئەوەی بەدەنگی دلێری، و کیبۆرە بوێرەکەی، پەردە لەسەر هەموو خەوشەکانی قیادەی سیاسی کوردی هەڵئەماڵێ ، نیشانەی ڕاستو چەپیش بەسەر هەموو کارەکانیان هی ئێستاو ڕابوردوویانا ئەهێنێ، چوونکە لەو قاڵبە شۆرشگێریەی ئەوا جێگەیان نابێتەوە کە لەم دوورە وواڵتە بە ئەرک و ماندوبوون و شەو نخونی خۆی نەخشەی کێشاوە. پاشان ئەکەوێتە سەرکۆنەو نەسیحەت کردنی ڕۆشنبیرەکانی ناوەوەی وواڵت، و بەم شێوەیە گوڵاو پرژێنیان ئەکا ،هەق بێژنین ، نەتەوەیی نین، ترسنۆکن، دەروێشی دەسەڵاتن، ماستاوچین ، ملهورن ئیتر برۆ تائەگەیتە بنی قاموسەکە. بەڵام ئەوەی ئەو جۆرە گووتار بێژە باسی ناکا، ئەو حەقیقەتەیە کە نووسەری ترسنۆک لە وواڵت ئەبێ کرێ خانوو بات، مناڵەکەی بنێرێتە مەکتەب، جلو بەرگیان بۆ بکرێت، قوتی ڕۆژانەیان بۆ دابین کا ، مشوری نەوتی زستان هەر لە هاوینەوە بخوات، پارەی موەلیدەی گەڕەک بات ، ڕۆحیشی دەرئەچێ تا بوتڵێ غازی بە دوو قات دەست ئەکەوێ. مریشکەکەش هەبوو هەرزان بوو مونافەسەی گۆشتە سوورە گرانەکەی ئەکرد، خوا ئەنفلەوەنزایەکی وای بۆنارد هەرکەسێ بیگرێ یەک جار ئەڵێ ئای. ئەمانەش هەرهەمووی هەر لەو نەختە

www.pertwk.com

مەعاشەیە کە مانگانە وەکو فەرمان بەر لەو دەسەڵاتە وەری ئەگریّ، کە برای هەق بێژ هیچ مساوەمەیەکی لەگەڵ ناکا،و ئەیەویّ ڕۆشنبیرەکەی ناوەوەی وولاتیش وەک خۆی ئازابیّ ،و ئاویان لیّ نەخواتەوە،و ئەوەی لەبن بەڕەیە بۆیان بێنێتە سەر بەڕە! ئەمانە هەمووی شیرینن، بەلاّم تاڵە کە ئەوەیە کە قەڵەمە ئازاکەی هەندەران باسی یەک ڕاستی ناکا ئەویش ئەوەیە خۆی لەڕووی ئیقتیسادیەوە منەتی بە دەسەڵات داری کوردستان نیە، چوونکە هەتا ئەگەر بە حیلەو حەواڵەش خۆی لە ئیشیش بدزێەوە ئەوەندە یارمەتی کۆمەلاّیەتی وەر ئەگریّ، خۆیی و ماڵ ومناڵی پێویستان بەو دەسەلاّتە نەبیّ کە بوێرانە هیچی تیا نە هێشتۆتەوە لە گەڵی .

مارت 2006



# بەڕێز زوحاک....

سەدان ساڵە لە فیکری جەمعی ئێمەی کوردا، کاوەی ئاسنگەر پاڵەوان و ڕزگار کەری کەللەی ئەو گەنجە کوردانەیە، کە زوحاکی لەعین مارەکانی سەرشانی پیّ دەم کوت ئەکردن، تاوەکو پێرێش کە هێشتا مام شەریفی مێژووناس نە هاتبووە سەر بڵندگۆ ئازادەکەی پاڵتاڵک ،و بی پەردەو پێچ و پەنا نەی ووت برادەرینە ئێوەی غەفڵەت زەدە ساڵەهای ساڵە لە وەهمێدا ئەژین، و جگەرگۆشە نێرینەکانتان بەناوی ئەو حەرام زادەیەوە ناو ئەنێن.

دەبا مژدەتان بەمیّ هەر وەکو من بەلێکۆڵینەوە مێژووییە قوڵەکانم بۆم هەڵهێنجاون، زوحاک کوردێکی فەرمان ڕەوا بووە،و دوژمنانیش وەکو عادەتی هەمیشەییان بۆئەوەی کورد دەوڵەتی نەبیّ، هاتوون چیرۆکی ئەو دوو هەژدیهایەیان بۆ هۆنیوەتەوە، و کاوەی نەفس نزمیان بەپارە لەخشتەبردووە، و کردویانەتە جاش و زوحاکیان پیّ کوشتووە. لەدڵی خۆما ووتم ئیف ئەوە من دوو ڕۆژە لەداخی ئەوەی کە جوولەکەکان ئەوا بۆ حەفتا ساڵ ئەبیّ لەسەر ریکلامی هۆلۆکۆستی خۆیان ئەژین، کوردە حەیاتەکەی خۆشمان مونۆمێنتی هەڵەبجە کە تاقە ئاسەواری هۆلۆکۆستی کوردە، بەدەم ئەڵلاهو ئەکبەرەوە لەبەر چاوی دۆست و دژمنەوە سووتان، خەوم لیّ نەکەوتووە. جار جارە دڵخۆشی خۆم بەوە

www.pertwk.com

ئەیایەوە، مونۆمێنت ڕۆیشت، هێشتا کاوەو نەورۆزمان ماوە ئەوە خۆ مام شەریف ئەمیشی بەجەڕڕەی قەڵەمیک فت کرد. بۆ ئەوەی ئەو شەکرە تەسریحە لە بیر خۆم ببەمەوە، پەنام بۆ خەو برد، بۆ نەگبەتی لەوێش ئەو غایلەیە هەر بەدوامەوە بوو، لەخەوما خوا بەخێری بگێڕی دەسەڵات داری کورد بڕوای بەو تەرحەی مام شەریف هێنابوو، و لە بڵندگۆکانی مزگەوتەکانەوە لە تەلەفیزێون و ڕادیۆ کانەوە هاواری ئەکرد و ئەی ووت :ئەی گەلی کوردی قارەمان زۆر شوورەییە ناوی جاشیک لە خۆمان بنێن، لەوەش شورەیی تر سەدان ساڵە زوڵمێکی گەورەمان لە پیاو چاک و کورد پەروەری دێرین، زوحاک کردووە، بۆ ئەوەی ئەو هەڵە مێژووییە ڕاست کەینەوە، تکایە هەر ماڵێ کاوە ناوی هەبێ، با بیهێنی بۆ دایەرەی نفوس تا بۆی بگۆڕین بەزوحاک . ئیتر ئەوخەڵکەش لەپەستا بەدەم بانگەوازە کەوە ئەچوون، لەو خەوەما ئەوە شمولی منیشی کە ناوم کاوە بوو ومەنسوولێکی گەورەو بەهەیبەت بووم ئەکرد، بۆیە یەکەمین بۆ هاندانی ئەو خەڵکە دووەمین بۆ ئەوەی نمونەبم بۆ فێر کردنیان کە ئیتاعەتی قانوونەکانی هەرێم بکەن،

بەباشم زانی یەکەم کەس بم لە ئیقلیمی کوردوستان کەناوی خۆم لەکاوەی زۆڵە کوردەوە ئەکا بە زوحاکی کورد پەروەر. سەرتان نەئێشێنم یەکێک لە حیمایەکانم نارد و دوو ڕەسمم یایە، بە پێنج دقە لە نفوس هەوێیەکی تازەو نفت و نوێی لەبری کۆنەکەم بەناوی زوحاکەوە بۆ هێنامەوەوە، هەر دوابەدوای ئەوە وا ڕێکەوت



موناسەبەیەکی جەماوەری گەورە بە ئامادەبوونی هەموو لایەنە کوردیەکان رێکخرا ،منیش لەلایەن حیزبی خۆمەوە ناوزەنەکرام بۆ خوێندنەوەی ووتارەکەمان، هەرئەوەنەم خۆش بوو کەسەرەی حیزبە تێکۆشەرەکەی ئێمە هات. بۆ کاکی موزیع فووی بە میکرۆفۆندا نە کردوو بەدەنگە زوڵاڵەکەی تێی نە چریکان ئێستاش نۆبەی خەبات گێڕی ماندوو نەناس نوێنەری حیزبی (فیدات بم خاکی کوردستان) بەڕێز کاک زوحاکە، با تەشریف بێنێت بۆ خوێندنەوەی ووتارە بە پێزەکەی، کە بەم موناسەبەیەوە نوسیویەتیەوە، ئیتر جەماوەر هەموو لە پێکەنینا لەسەر گازی پشت کەوتبوون. سەرم سوڕما ووتم چما زوحاک رەمزی کوردایەتی نیە؟ ووتیا ئەدی ووتم ئەی هەست ناکەن ئەو پێکەنینە بێ سەبەبە لە کەمی ئەدەبەوە بێ؟ ووتیان قوربان ئەویش بێ هۆ نیە ووتم چۆن ووتیان ئەی نازانی لە کولتوری کوردەواریا سیفەتی زوحاک بۆ ئەوکەسانەش بەکار ئەهێنرێ کە چاویان بە هیچ پڕ نابێتەوە،

ووتم وەکو چی ووتیان مەسەلەن سەر بۆیاغ کردن و مارەکردنی کچۆڵان ووتم ئێ! ووتیان خڕکردنەوەی پارەی موسڵمانان لە ناو سندوقان ووتم ئێ! ووتیان ستارەی فەقیران بە هاوین و زستانان لەبن کەپران ئێوەش باڵەخانەتان لێ بردیتیە حەفت تەبەقەی عاسمان ! لەداخی ئەو ناو گۆڕینەم وەخت بوو شێت ئەبووم ئەوندە بەتووندی دەستم ئەکێشا بە مێزەکەی کە ووتارەکەم لەسەر دانابوو بیخوێنمەوە،و هاوارم ئەکرد، دایکی مناڵەکانم

www.pertwk.com

لەشیرن خەو ڕاپەڕان ،ووتی چیبووە خەریکە وورگی خۆت ئەدڕی هێواش ( تومەز بە بۆکس کەوتبوومە وورگی خۆم) ئەوجا زانیم خەوم بینیوە، وسەد هەزار جار شوکری باری تەعالام کرد کە خۆمم کاوەی مەنسول نیم .

مارت2006



## دوانزە عیلم.......

ئەوساڵە لە سلێمانی موسڵمانێک عەمری خوای کرد، ئێمەش هەموو بۆ بەجێهێنانی مەراسیمی ناشتنکەی چووین بۆ سەرقەبران. دوای ئەوەی مەلا لە خوێندنەوەی تەڵقین بۆوە ،هەموو بەرەو خواربووینەوە بۆ ناوشار . سودفە من لەو سەیارەیا بووم کە مامۆستای تیابوو ، هەستم ئەکرد ناڕەزایی بە دەم و چاوی ودانیشتنەکەیەوە دیار بوو، پرسیم قوربان بێتاقەت دیاری؟ فەرمووی بۆ برا شتێک ماوە دڵی پێ خۆش کەین؟ ووتم یاساتر ئەبێ چی ڕووی یابێ؟ ووتی تۆ بزانە نەعوزوبیللا فەرقی نێرو مێ ئەکەی؟ کوڕ ئەڵێی کچە عازەبن ئەگریجەو یاڵیان لێ بەریاوەتەوە. کچیش پانتۆڵی پیاوانەیان لەبەر کردووەو جانتاکەیان کردووە بەلایەکی شانیانا و نەشەرم و نەحەیا کەوتونەتە سەرجادەو کۆڵانەکان سەد حەیف بۆ ئەو داب و نەریتە جوانەی جاران. ووتم مامۆستا ئەوە سونەتی پێش کەوتنە جاران دەورو زەمانێک بوو ئێستاش دەرو زەمانێکی کەیە. ووتی گووم کردە هەزار پێشکەوتنی وا، داخی ئەو مناڵ و مەزمانەش کە ئێستا لەگەڵمان بوون لەسەر قەبران و قژیان نیوەی بەلای چەپ و نیوەکەی تری بەلای ڕاستا داهێنابوو قۆپچەی کراسەکانیان تا سەر ناوکیان کردبۆوە لەوێ بوەستێ ئاخر پێم ناڵێن بۆچی هاتبوون؟ خۆ ئەوان نەدوو کەلیمە فاتیحایان دایاو نە تۆزێکیش لە خوا پاڕانەوە لە

www.pertwk.com

گوناهی مردووەکە خۆش بێت . ئا ئەمە هەمووی بەشارەتی ئاخر زەمان نیە؟ لێیان گەڕێ با چۆنیان پێ خۆشە ئاوا لێخوڕن ، خوا کەریمە هاکا جەجاڵ هەڵساو فووی بە زورناکەیا کرد، ئەوجا با بزانین ئەمانە کاتێک لە یەومول حیساب بە گیریان ئەهێنن جوابیان چی ئەبێ ؟ ووتم مامۆستا عیللەتی ئەوە ئەبێ چی بێ؟ ووتی بۆ نازانی؟ ووتم نەوەڵڵا ،ووتی هەمووی خەتای ئەو دیگلۆمەیە نەعلەتیەیە کە بەناخێریان دوای تەواو کردنی دەرسی شایەتینی وەری ئەگرن. لەدڵی خۆما ووتم تۆیە بە دوانزە عیلمەوە بە دیبلوم بڵێی دیگلۆم قوڕ بەسەر ئەو ڕەحمەتیە نەخوێنەوارەی نەختێک لەمەو پێش تەڵقینت دایا واتا ((کەیست بۆ دانا)) ، لێت مەعێن بێ یەک مەلائیکەت باوەڕ بە نیو کەلیمە لە قسەکانی ناکا.

نیسانی 2006



# فیدڕاڵی....

ووتم خاڵۆ مەشغوڵ دیاری؟ ووتی ئەرەوەڵڵا، ووتم خێرە؟ ووتی بەخوا نیازی ڕۆشتنەوەم هەیە ، دەی خێری پێوە بێ توخوا ئەگەر لەوێ لای یەکێ لە حەڵواچیەکانی بازاڕی عەسری قوتویە گەزۆم بۆ نەهێنی، ووتی وەی بەسەرچاو، بەڵام نیازی گەڕانەوەم نیە، ووتم ئەم جارە بەیەکجارەکی، ووتی بەیەکجارەکی، ووتم چۆنە ئاوا کوتو پڕ ؟ووتی نەوەڵا دەمێکە بەنیازم، بەڵام تازە لەگەڵ ماڵەوە گەیشتینە نەتیجە، ووتم کام نەتیجە ؟ ووتی کە خۆم بڕۆمەوە ئەوانیش لێرە بەجێ بێڵم، ووتم ئەی نایانبەیتەوە؟ ووتی بەخوا حەزناکەن، دواییەکەشی لێرە لەکرێکاری زیاترم نایەنێ لەوێ قیادەی ڕەشیدە لە خوابەزیا بێ ئەوەنە بەرز دای ناووم معاوینیشم هەیە. ووتم یاڕەبی موبارەک بێ مەعلوم ئەمانیش مەعاشەکەی خۆتو خۆشیان بەبێ دەنگ وەر ئەگرن، ووتی بەخوا تەرتیبێکمان کردووە. ووتم باشە خەڵک چەند ساڵ ئەژی؟ بۆ ئەو نەختە تەمەنە جوانەی کەماوتە لەگەڵ مناڵەکانت بەسەری نابەی، یان کە ئەزانی لەوێ ئیشت ماشیە، ئەی بۆ بەیەکجاری ئەوانیش نابەیتەوە ؟ برادەاران ووتیان کاکە ئەم هەموو تەحقیقە چیە لەو زەلامەی ئەکەی ، تۆ نازانی بۆ ئەڕواتەوە یان خۆت غەشیم ئەکەی؟ ووتم نەوەڵڵا، ووتیان کاکە ئەم کابرایە بە گەیشتنەوەی بۆ ووڵات بۆ خۆی فیدڕاڵیەکەی لێ وەرئەگرێ ووتم فیدڕاڵی ؟ ووتیان

www.pertwk.com

بەکوردیەکەی ئەکەوێتەوە بەڕەڵاییەکەی جارانی ووتم چۆن؟ ووتیان ئەی بێ قەزابی ئەو جاران ژنوماڵیشی لەگەڵ بوو خەڵاتی رۆح سوکترین مێباز کەسەد جاریشی بشکێننەوە تەڕنابێ، بە ئیتیفاقی تێکڕای لیژنەی تەحکیم بردەوە . نابینی لە خۆشیا پێی لە عەرزی ناکەوێ؟ ووتم یەکێ ماڵو مناڵ بەجێ بێڵێ هەڵئەپەڕێ؟ ووتیان بەقوربان ئەوە لەبەر ئەوەی لەوێ ئەم جارە ژن و مناڵیشی لێ دیار نابێ، ئیتر بۆ خۆی بەئەمان و زەمانەوە بەلەسەی ئەو سەحرایە ئەبێ . برادەرێکی تازە لەووڵات هاتبوەوە دیبووی، ووتم وەزعی چۆنە؟ ووتی وەڵڵا کۆڵێ بە ڕەنگ و ڕوو بووە و تەئسیراتی حوڕیەتیەکەی وەکو مانگ لە سەر جەبینی پاکی هەر لەدورەوە ئەدرەوشێتەوە. ووتم ئەو هەمووە فەقەت بە ئازادی؟ ووتی فەقەت بەئازادی ووتم ،بەس، ووتی چی بەس؟ووتم ئێستا حاڵیبووم، ووتیان چی حاڵی بووی؟ ووتم ئەوە بۆیە ئەورۆژە لەبازاڕ سودفەی کچەکانیم کرد هەر بەسەرو سیمایانا دیاربوو که فیدراڵیەی باوکیان کردووە بەدوان ئەویان لە کوردستان و ئەمان لە هەندەران.

نیسانی2006



## کورد پەروەر ...

هەندێک هەتا بڵێی هەستی کوردایەتیەکەیان بەرز و بلند راگرتبوو هەرئەوەش بوو وای لێکردبوون ماوەی چوار ساڵی خوێندن لەزانکۆی بەغدا بەسەر بەرن بێ ئەوەی بتوانن چوار وشەی عارەبی بخەنە ڕستەیەکەوەو لای کەم بتوانن وەڵامی عارەبێکی فەلەستینی یان ئەردەنی پێبدەنەوە. کە ئەوانیش لەو زانکۆیە ئەیان خوێندو ئەیان ووت عێراق خاکی عارەبانەو کوردیش نەک هەر قەوم نین بەڵکو لەجنسی ئینسانیش نین ئەوانە جنۆنەکەن هاتوون شیمالی عێراقیان داگیرکردووە و ئەبێ بڕۆنە دەرەوە. ئەمان ووت خۆتان فێری زمانەکەی دوژمنەکاتان بکەن و وەڵامی ئەو توڕڕەهاتانەیان بدەنەوە ولانی کەمیش بۆ ئەوەی تێبگەن چۆن بیر ئەکەنەوە ئاخر چۆن بتوانین بەرەنگاریان ببینەوە ئەگەر نەزانین پلانی چیان بۆ داڕشتووین .ئەیان ووت زمانی حوشترەوانمان ناوێ بەوەشەوە نەئەوەستان سەرزەنشتی ئەوانەشیان ئەکرد کە قسەیان لەگەڵ عەرەبەکان ئەکردو لەهەوڵی فێربوونی زمانەکەیانا بوون. یەکێک لەو کوردپەروەرانە بیستبووی کچە کوردێک لەگەڵ کورە عارەبێک قسەی کردووە دیارە قسەکان لەبواری دەرسەکان تێپەڕی نەکردبوو بەڵام کاکی کوردی بێ غەلەو غەش خۆی لێ ئەکا بە نەسیحەت کەرێ کە خواشاهیدە بۆ کوردایەتیەکەی نەبێ بۆ هیچی تری نیە . ڕۆژێک ئەچێ لەو پاسەی کە ئەڕواتەوە بۆلای

www.pertwk.com

بەشی ناوخۆیی قوتابیان لەتەنیشتیەوە دا ئەنیشێ و دەست ئەکا بە باسکردنی زەرەرو زیانەکانی قسە کردن لەگەڵ عارەبەکان و سوودە لەبن نەهاتووەکانی دوور کەوتنەوە لێیان قسە کردن لەگەڵ کوڕە کورد . کچەش ئەڵێ بەڵێ قسەکانت تەواون منیش نەم ویستووە قسەی لەگەڵ بکەم بەڵام ئەو پرسیارێکی دەربارەی دەرسێک لە دەرسەکان لێکردووم و منیش تەنها وەڵامێکی کورتم داوەتەوە و هیچی تر. کاکی کورد پەروە ئەڵێ ئەو وەڵامەش باش نیە ئەڵێ بۆ؟ ئەڵێ هەر وەڵامێکەو ئەو ساختەچیانە ئیستغلالی ئەکەن و دواتر داوای پەیوەنی خۆشەویستی لەکچان ئەکەن .کچەش ئەڵێ ئافەرەم وەڵڵاهی راست ئەکەی بەڵام خۆمن ئەزانم ئێمە کوردین و ژێر دەستەی عارەبین چۆن ڕێگە بەخۆم ئەیەم شتی وابکەم لەگەڵ ئەوەشا بەقسەت ئەکەم ببڕای بڕای جارێکی تر ئەو وەڵامەشی نایەمەوە .کاکی کورد پەروەر ئەڵێ ئەلحەمدولیلا ئێستا دڵم رەحەت بوو .کچە ئەڵێ بۆ خوانەخواستە چیبووە؟ ئەڵێ نەوەڵڵا هیچ کچە ئەڵێ کەوتمە شکەوە توخوا چیبووە ؟ ئەڵێ ئەوەی راستی بێ تۆزێک خۆم حەزم لێکردووی .ئەوجا کچە تێئەگا کوڕان هەزراو یەک ڕێگایان هەیە بۆ نزیک کەوتنەوە لە کچان و هەڵخەڵەتاننیان بە قسەی قەڵەو و ساف و لوس یەک لەو ڕیگایانەش ئەمەی ئەم برادەرە بوو کە بە ئەی کوردینە ئەی مەردینە دەستی پێ کرد.

نیسانی 2006



# ئەنفالچی ...

ئەوەی گوومانی تیانیە کە جاشە ڕەسەن و ئەسڵیە کوردەکان ڕۆڵێکی موشەڕیفیان هەبوو، لە گرد کردنەوەی کوردە دێهات نشینەکان ،و راپێچکردنیان بەوەر دۆزەخی ئەنفال . ئەو پیاوە موحتەرەمانە بە چاوی خۆیان هەموو شتەکانیان بینیوە، تەعدای نامووس، کووشتن سەرو ماڵ بە تالان بردن، ئەو شەریف و ئابروو مەندانە بە هەناسە برکێ و بە عەرەبیەکی موکەسەرەوە، وەکو مەردی مەیدان، لە ریزی پێشەوەی ئۆردووی ڕێزدار عەلی کیمیاویەوە بوون، و نەیان هێشتووە تەنیا کیژۆڵەیەکیش لەبەر حەملەی ئیماندارن بۆ سەر کافرستان تەنانەت بەناموسی خۆشیەوە هەڵبێت. ئەی چۆن مەگەر ئەوە موقەدەسترین واجیب نە بوو لەجەیشی خەیرو ئومەتین ئوخریجەت للیناس ؟ مەگەر کچ و ژنانی ئێمەی بێدین، تەسخیر نەکرابوون بۆ دامرکاندنەوەی حەزە موبارەکەکانیان، پاشان قەت بیستووتانە ئەنفالی بێ غەنیمە! قەت بیستووتانە ئەوانەی چاو ساغی ئۆردوی موسڵمانان بوون پێش مردنیان خەڵات نەکرابن و پاش مردنیشیان دوای تەمەنێکی درێژ، گۆرەکانیان نووری لی هەڵنەسابێ ؟ ژنانیش بۆ حاسڵ کردنی مورادیان بە دەستی بە دەسنوێژەوە نە چووبنە سەریان سەد هەزار جار بە قوربان و بەساقەیان نەبووبن تاوەکو دوعاکانیان بۆ بگەێننە ئەوجێگەی کە گیرا ئەبێ؟ خۆ ئێمە

حەسادەتی ئەوەمان بە ئێوەی ئیماندار ئەبرد، کە لەناو هەمووماناتەنها ئێوە هەڵبژێران و ئەو شەرەفە گەورەیەی ئەنفالیان پێ بەخشین، کەواتە ئەبێ هەروەکو وەکو لە ئاینەکەیا ئەمری بە ڕاست گوێی فەرمووە و هەڕەشەی توندیشی لە درۆزنان کردووە، ئەبێ وەکو شایەدی عەیان لە دادگاییەکەی سەدام و عەلی ئامادەبن. نامانەوێ بوختان بەو زاتانەیا بکەن چوونکە ئەوانە ئەوەندە پاکن حەتا حوشترەکانیشیان کە جاران ئەهاتنە کافرستانەکەمان خورماو خوێیان بۆ ئەهێنانین، ئەچووین چەن دانەیەکمان لە تووکەکەیان بەدزیەوە، بۆ مووفەڕک، بۆ بەرەکەت، لێ ئەکردوەو لە جێگەیەکی بەرز لە ماڵەکان بە مەمنونی دامان ئەنا ، هیچ مان لە ئێوە ناوێت، تەنها ئەوە بگێرنەوە ،کە بەچاوی پر لە نووری ئیمانی خۆتان بنیوتانە و بەدڵی پڕ لەغیرەتتان هەستتان پێکردووە ، لەوەش دڵ موتمەئین بن کە ناتان خەنە قەفەزی تاوانباراناوە، چونکێکم قیادەی سیاسی لەقسەی خۆی قەت پاشگەز نابێتەوە، ئەو ئێوەی عەفوو کردووە، عەفوو.

نیسانی 2006



www.pertwk.com

## مجەور

ساڵانێکی دوورودرێژ ئیعتیقاد وابوو، کەئەوە جنۆکەی بێدینن کەڵەکەترێ لەسەر یەکتری بەرانبەر بەمانگ ئەکەن، و نایەڵن ڕۆشناییەکەی بگاتە لای ئێمەی بەشەری ئیماندار، بۆیە دەروێشەکان ئەوانەی تەپڵ و دەفیان هەبوو ئەوانەشی نەیان بوو تەنەکە شکاویان بەهێزو قووەتی خۆیان ئەکوتی، بەهیوای ئەوەی کە جنۆکەکان لەترسان سەریان لێ بشێوێ و بکەونە خوارەوە، و بەری مانگ بەرەڵاکەن. پێم وابێ لە کۆتایی شەستەکانا بوو ،ئەمەریکا سێ زەلامی بە سواری ئەپۆڵۆ بەرەو مانگ بەرێخست، و هەموو رادێوو تەلەفیزۆنەکان، و کۆڕی کۆڵان و ماڵەوەو هەتا مزگەوتەکانیش، هەر باس باسی ئەو رووداوە سەر سوڕهێنەرەبوو. ڕۆشنفکرەکان ئەوانەی چەپ نەبوون، وەیان چەپ بوون و بەویژدان بوون دەستخۆشیان لە ئەمەریکاو زانستە فەوقولعادەکەی ئەکرد ،و خەڵکە سادەکەش، هەندێکیان واقیان وڕمابوو ،هەندێکی تریشیان دوعا لەسەر دوعایان ئەکرد کە ئەوڕاکێتە لە ئاسمان ببێتە کۆی زوخاڵ، ئاخر مانگ لەکن ئەوان زەوی نەبوو ، ئەو شتێکی گەلێک موبارەک بوو ،لەهەموشی سەیرتر ئەوەبوو ،کە شیوعیەکانیش هەمان دوعایان هەبوو ،بەڵام سەبەبیان جیاواز بوو ،ئەوان ئەیانزانی کە مانگ هەرەوکو زەوی وایەو هیچ فەرقیان نیە، بەڵام داخیان ئەوەبوو، چۆن وەکو ووتە

www.pertwk.com

بەنرخەکە ئەفەرموێ ئیمپریالیست بەرزترین قوناغەکانی سەرمایەداریەو دونیا لە ئینسان ئەکا بە دۆزەخ، وشیوعیەتیش دوا قۆناغی (بەختەوەری) سۆسیالیزمە، هینەکەی ئەوان ،پێش هینەکەی ئەمان بگات. بەڵێ سەرتان نەئێشێنم ساروخ گەیشت ،ودوانیان بەبەر چاوی هەموو دونیاوە پێیان خستە سەرمانگ، و سێهەمیشیان کە سایەقەکەیان بوو بەدوەری مانگا ئەخولایەوە ،کەتەواو بوون هێنانیەوە سەر زەوی و بۆ درۆو ڕاستیس هەمووی بە تەلەفزیۆن پیشاندرا. ئیتر ئەوەی باوەڕی نەبوو باوەڕی هێنا. بە مامۆستای مزگەوتەی کۆڵانەی ئێمەشەوە تەنیا مجەورە سەرسەختەکە نەبێ کە لەبەرەی موعارەزەی دۆڕاوا مایەوە، ئێوارەیەک حیرس گرتبووی ،هاتبووە سەر بەرزاییەک لەکۆڵان ،وهاواری ئەکرد ،گوویان خواردوە ئەوکەسانەی کە ئەڵێن بەشەر چۆتە سەر مانگ. لێرەوە کارمان بەسەر مامە حەمەی نەخوێنەوار و کڵۆڵە وە نەما، بەتایبەتیش دەمێکە ئەو هەژارە ماڵ ئاوایی لەدونیا کردوە، بەڵام کارەساتەکە لەو خوێنەوارانایە کە بە ئەقڵی ئەو مجەورە بڵاو کراوەکان بەڕێوە ئەبەن، لە یەکێک لەو بڵاو کراوانەیا هاتووە (لانەی تەمەن دوو ساڵ دادگایی ئەکرێ) ئاخر بەپێی یاسا مادەی 64 لە قانونی عقوبات، ئەوەی حەوتساڵی پڕنەکردبێتەوە بەهیچ جۆرێک دەعوای جەزائی لەسەر قەید ناکرێت . باشە ئەو بڵاو کراوانە لانی کەم خۆ ئەبێ رێز لە ئەقڵی خوێنەر بگرن، و پێمان بڵێن چۆن لێکۆڵینەوە لەگەڵ لانە کراوە، ئایا لانە چی ووتوە، و بەپێی کامە مادەیەش ئەوە کراوە؟ یان بەڵگەو ئیسپاتی ناوێ



ئەوەیش ووتی وانیەو لانە چۆن دادگایی ئەکرێ پر بەدەمی گووی خواردووە. باشە ئەم ڕۆشنبیریە لەگەڵ ئەوەی کاکە حەمەی مجەور چ فەرقێکیان هەیە؟ ڕەنگە یەکێ بڵێ ئۆ هو هەمدیسان دیفاعیان لە دام و دەزگای سەر کوت کەر بە پارە کردەوە،.وەڵڵاهی من ئەو نەسیحەتەم بۆ رێزی ئۆپۆزیسیونەو بە خۆڕاییش، چوونکە رەخنە ئەگەر لە مەنتیق دەرچوو، ئیتر کەس باوەڕی پێناکا ،و میسداقیەتی بڵاو کراوەکەش ئەکەوێتە بەر رێژنەی پێکەنین. لەوەش گەڕێ نووسەرێک لەوەڵامی نووسەرێکی تردا ، کە پێشتر رەخنەی رەقی تێگرتووە، ئەنوسێ وەڵڵا بشمرێ وەڵامی نادەمەوە ، بەڵام هەر لەدوای ئەو بشمرێیەوەی زیاد لە بیست دێڕی وەڵام پڕ لە قسەی مەستەکی تێسرەواندووە.

نیسانی 2006

www.pertwk.com

## حەیاو حورمەت

چواردە سەدە زیاترە عولەماکانمان لە مالیزیاوە بۆ ئێران و ئەفغانستان و عەرەبی سعودیە تا ئەگاتە مەغریب، ملیۆناها ووتاری پر لە بانگەشە لەسەر مینبەرەکان بۆ موسڵمانان ئەخوێننەوە، و داواو رجایان لێ ئەکەن کە لەسەر سیراتی موستەقیم بڕۆن، و نەخەڵەتابن بکەونە داوی هەواو نەفسی ئەمارە بە بەدخویی، بڕواش ناکەم هیچ ئاینێکی دیکە چ ئاسمانی و چ ئەرزی ئەوەندەی ئەم ئاینەی ئێمە ئیهتمامی بە مەسەلەی ئەخلاق دابێ و هەڕەشەی بەئاگر سووتان بۆ سەرپێچی کەران و سوپاس و پێزانینی خۆشی بۆ ڕەوشت بەرزان ناردبێ، جگە لە وەعدو بەڵێنی شیرینیش بە ناردنی ساڵحان بۆ بە هەشتی بەرین. بێگوومان هەوڵدانی شەیتانیش بۆ لە خشتەبردنی ئیمانداران وهەڵگێرانەوەی کۆمەڵگای داوین و دەروون خاوێن بۆ مێگەلێکی پر لە فیسق و فجور لەدێر زەمانەوە بەردەوامە، لە جوملەی ئەو فاجیرانەش خوشکانی موسڵمانن کە بە لیباسی ناموحتەشەم وا لە برای موسڵمانی خۆیان ئەکەن بەچاوی ئیشتیهاوە سەیریان بکەن، ئەگەر خوانەخواستە دوو گرام لە گۆشتی باڵیان یان قاچیان یان لایەکی ڕوومەتیان دەرکەوێ. ئەوەی تەواو بێ ئومێدی کردم لە ئیستیفادەی ئەم هەموو نوسح و تەمبێ کردنەی کە هەزار ساڵ زیاترە بەگوێی موسڵمانانیا ئەدەن، ووتارەکەی مەلایەکی کوردستانە کە لە یەکێک



لە سایتە ئەلکترونیەکان لێ ئەدرێ، و تیایا زۆر بەجیدی ژنان و کچان ئاگادار ئەکاتەوە، لە مەغەبەتی دوور کەوتنەوە لە لیباسی ئیسلام کە حیجابە و مەبعەسی فوڵ حەیاو حورمەتە، چوونکە بەوە گەرای فەسادی ئەخلاقی لەناو کۆمەڵگا ئەچێنن. هەروەکو بیەوێ بڵێ حیجاب چارەسەری هەموو نەخۆشیەکانی ئەم قەومەیە و بەلەبەر کردنی، هەژرای و نەخوێنەواری و نەخۆشی و ناعەدالەتی ئیجتیماعی و گەندەڵی و رەشوەت و شیربایی و ژن بەژن ومێبازی و نێربازی، تێکڕا هەموو ئۆتۆبوسێک بەکرێ ئەگرن و بەرەو ووڵاتانی خۆرنشین ملیان ئەشکێنن و ئەڕۆن و ببڕای ببڕای چاومان پێیان ناکەوێتەوە. لەدڵی خۆما ووتم ئەی ئەو هەموو وەعزو ئیرشادو فتوحاتە کوێوە چوون؟ ئەی ئێمە هەموو شانازیەکمان ئەوەنیە کە کۆمەڵگاکەی خۆمان نمونەی فەزیلەو جوانی رەفتارە؟ ئەگەر وایە بۆ خوشکی موسڵمان نابێ سەری پەنجەیەکیشی دەرخا، لەترسی ئەوەی نەبادا برای دینی خۆی لەدین وەرگێڕی و بیداتە بەر قەپاڵ ! باشە ئەگەر خوشکی موسڵمانی خۆمان بەو دەردە بەرین، ئەی چی لە خوشکی کافر ئەکەین ئەگەر خوا سەری لێ بشێوێنێ بەڕاگوزاری بەیەکێک لە کۆڵانەکانی ئێمەیا عبور بکا؟ لە هەمووشی سەیر تر ئەوەیە خۆشمان بە نایاب ترین ئۆمەت ناو نووس کردووە !

مایس 2006

www.pertwk.com

## خازوقی سوڵتان ...

لەسەردەمی فەرمان ڕەوایی عوسمانلیەکانا، سوڵتانەکان لەبری ئەوەی وولآت ئاوەدان بکەنەوە و فابریقەو هێڵی شەمەنەفەر و مەکتەب و بیمارستان و قەزاتە* ، کەلەو دوای دوایەی حوکمیانا داهات، بێننە مەملەکەتەکەیانەوە، چاری نەخۆشی و بێکاری و جەهالەت بکەن ،و دڵی ڕەعیەت ببەنە ئەوجێیەی کە هەزاران شوکورو حەمدو سەنایان لەبۆ ڕەوانە بکەن، بە پێچەوانەوە ئەوان خەریکی دۆزینەوەی کاریگەرترین ڕێگابوون ،بۆ دەم و قوون کوتکرنی نەیارەکانیان. یەک لەو ئیختیراعانەی کە تۆماری گینس ئەگەر ئەوکاتە هەبایە بە ئاوی ئاڵتون لەسەر کەشخەترین لاپەڕەی خۆی بۆی ئەنەخشاندن ،خازوق تێبڕین بوو ،کەتەنها بەیەک داری نوک تیژ زیاتر نا، هەم ئەو موعاریزەیان لەقونەوە دەم کوت ئەکرد ،هەمیش ئەیان کردە عیبرەت، بۆ ئەوکەسانەی کە بێ عارن و ڕێزی مەقامات ناگرن ،دیارە مەقاماتی جاران بەواسیتەی ئەوەی خوێنەوار کەم بوون و شەهادەی تەزویرش هێشتا دانەهاتبوو ،لە هی ئەم عەیامە کەم تربوو ،لە ئاواییەکەی



ئێستای ئێمەیا ئەوەنە زۆرن لە حیساب نایەن، بۆ نموونە: نوسەری چیرۆکە دزراوەکە ، تۆپەڵە شیعرەکە، رەبابە لێدەرەکە ،عەتابە خوانەکە ، ئەکتەرەکەی کەپەنجا ساڵە سواری تەمسیل بووەو بەهرەی نواندنی لێ دەرچێ ئەگینا هەموو شتێکی تری هەیە ، سیاسەت مەدارە دەست پاکەکە، کەونە بەعسیە فاشیلەکە . ئەمانە هەموو دڵێکیان بە مادەی 433 خۆشە و خۆیان لە پەنایا حەشار یاوە،کە ئێستا جێگەی خازوقەکەی سوڵتانی گرتۆتەوە، ئێمەش ئەمانەوێ هەروا بە ئاسانی بۆمان ئیلغا بکەنەوە ،ئیتر بە هەوەسی خۆمان شیعر لە میعر و دەرهێنانی کاری تەلەفیزیۆنی لە دەرهێنانی ترشیات لە کوپە ،گەندەڵی لەبۆنی خۆش ،نووسەری ووتاری سیاسی لە نووسەری عەبودوجانە، موحەلیلی ئەوزاعی ناوچەکە لە موحەلیلی پیسایی، ئەو ملهوڕە بەعسیەیەی کە بەزەماڵەی بەعس چوو بۆ هەندەران و هەر لەکاتی بەعسیشا گەڕایەوە وولآت ئێستاش بەکۆڵێ ڕێزو مەنسەبەوە لەوێندەرێ دانیشتووە ، پێشمەرگەیەکیش ئێستاش تەماتەی سوورەوەکراو ئەخوا، جیابکەینەوە، ئاخر ئەوە چۆن ئەبێ عەزیزم ،خۆ تۆ لەکن خۆت موسەقەفی ، ئەگەر ئەومادەیە

www.pertwk.com

نەبێ هەر کۆلکە نووسەر چاوی بنیایەم دەر دێنێ و بە نوکی قەڵەمە گوومان لێکراوەکەی، ئەکەوێتە جەستەی ڕابردوو و ئێستای تاهیری هەریەکێک لەو خۆشەویستانە، کە خۆشبەختی خۆیان عەدەدیشیان تا بێت بەرەکەتی تێ ئەکەوێ .بەڕای بەندە ئێمە ئەگەر داوای شتێکی دیکە بکەین باشترە، و ئیحتیمالی تەنفیزکردنیشی زیاترە، ئەویش ئەوەیە ،ئەوخازوقەی جاران کەلەژێر رەخنەگرا دا ئەنرا ، و بە دووکەس ئەچوونە سەر شانی مەغدور ،تا باش بڕوا، ئێستا بچوکتر بکرێتەوە،و ئەگەر مەرحەمەتیش بفەرموون بۆ ئەوەی حەزاریش بێت، و لەگەڵ کۆمەڵگا مەدەنیەکەشا بگونجێ ،با لە ژێر تەئسیری بەنجا تێمان بڕن و دووریش لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن، چوونکە ئەم گەلە ستەم دیدەی ئێمە زۆر بە تەعلیقن و ئەوان عەیب لە چاوی ساغا ئەدۆزنەوە، ئەوجا ناوێرین لە هیچ کۆڕو کۆبوونەوەیەکی ئەدەبی و کوردەواریا ئامادەبین، ئەزانن بۆ ؟ نەبادا مەسەلەن پێمان بڵێن ،ئێستاش با ئەدیبی خازوق تێبڕاوی گەورەی کورد، بفەرموێ بۆ سەر شانۆ بۆ خوێندنەوەی شیعرە ناسکەکەی.

- قەزاتە .... ڕۆژنامە (کۆن کوردەوای وای پێوتووە



کە لە غەزەتە ی تووکیەوە هاتووە).

مایس2006

www.pertwk.com

## شیوعی

لەخەوما نازانم بۆچی چوو بووم بۆ سۆماڵ، بەڵام ئەوەنە ئەزانم سواری پاسێک ببوم بەرەو مەقادیشۆ ئەڕۆشتین، لە ڕێگا سایەقەکە ووتی ئەڵێن چی ئالەم چاخانەیە لابەین؟ ووتمان خۆت ئەزانی . هاتینە خوارە لەسەر کورسیەک دانیشتبووم ،گوێم لێ بوو لە پشتمەوە باسەکە گەرم بوو. یەکێکیان دیاربوو قسە زان بوو، ئەیووت برادەرینە ئەم گەندەڵی سیاسی، و ئیقتیسادی ،و کۆمەڵایەتیەی کە سۆماڵی تێکەوتووە، ئافەتێکی کوشندەیە، و دیاردەیەکی هەرە دیاری کۆمەڵگا دواکەوتووەکانە خەتای حیز بو لایەنێک نیە بەتەنیا. قسەکەی سەرنجی ڕاکێشام، بۆیە لە جێگەی خۆمەوە هەڵم دایە ،و ووتم برادەر جەنابت نیوەی هەقیقەتەکەت بەیان کرد، نیوەکەی ترت چی لێکرد؟ ئەوتەرحەی جەنابت لە کاتێکدا نەخشی سەر بەردە، کە ئاوا حیزبی بۆرجوازی ودواکەوتوو، لەسەر حوکم بێت. بەڵام ئایا تائێستا دەسائیسی ئیمپریالیزم و ڕەجعیەتی ناوچەکە، ڕێگەی داوە حیزبی شیوعی سۆماڵی بێتە سەر کورسی، ئایا خۆتان بەشێک نین لەو کێشەیە؟ ووتیا چۆن، ووتم بۆ پشتی ئەو حیزبە تێکۆشەرە ناگرن بۆ یارمەتی نایەن دڕ بە ئیستیعمارو ڕەجعیەت و گەندەڵی بات و وەتەنێکی حوڕو گەلێکی بەختیارتان بۆ دروست بکات؟ باوەڕم پێبکەن تەنها ئەوانن کە عەدالەتی ئیجتیماعی و سەعادەتتان تێ ئەخەن. ووتیان کورە



حیزبی شیوعی خۆی پێی خۆشە ئەم ووڵاتە دایمە پڕ لە ئاژاوەو ئاوا پەنجاو پێنج کەرت بێت، ووتم چۆن؟ ووتیان لەبەرئەوەی زۆر بچووک بوونەتەوە ئەلعان لە هەموو کەس ئینتیهازی ترن، بۆیە لە هەموو لایەک ئاشیان ئەگەڕێ. ووتم چۆن؟ ووتیان خۆت ئەزانی ئەو سۆماڵە جوانە ئێستا بووە بە دوو بەشەوە، ووتم وایە، ووتیان هەر بەشێک ئیدارەی جیاوازە ووتم مەعلومە، ووتیان هەر بەشێک لەو بەشانە هێناویەتی ئەرزەی بەسەر لایەنگیرانی خۆیا دابەش کردووە، ووتم شتێکی ئاشکرایە، ووتیان حیزبی شیوعیش بە سوء ئیستیفادە لەهەموو لاکان ئەخوا، ووتم چۆن ئەتوانێ خۆ حیزبەکانی تر لە گوێی گایا نەخەوتوون؟ ووتیان کاکە بە هەریەکێکیان بەتەنیا ئەڵێ منیش وەکو تۆ جەرگم کون کونە بەدەست ئەولایەی ترەوە، خەم مەخۆ داخیان لەدڵی منایە. ووتم جوانە، ووتیان لەهەر دوولا زەویان وەرگرتووە ووتم ئەوە دژی پرینسیپەکانێتی قەت نابێ ، ووتیان کورە ڕاوەستە جارێ ماوە، ووتم چی ماوە؟ ووتیان ڕاستە حیزبە بۆرجوازیە دواکەوتووەکان سەرکردایەتیەکانیان دەوڵەمەند بوون ووتم لەپاسەکا هەر باس باسی ئەوەبوو بەلای هەر باڵەخانەیاکا ئەڕۆشتین ئەیان ووت ئەوە هی فلان مەسؤولە،ووتیان دەم خۆش، بەڵام پێشمەرگەو لایەنگیرانیشیان ئەگەر بەکەمیش بێت ڕازی کردووە، ووتم ئەوەش ڕاستە ، باشە ئەی ئەوان چیان کردووە؟ ووتیان سەرکردایەتی حیزبی شیوعی ئێمە، کە حەفتا ساڵە ئەڵێن ئێمە ڕۆحیشمان فیدای چینە چەوساوەکەی ئەم سۆماڵە کردووە، هەموو ئەوە هیچ لە هەردوو لاکە وەریان گرتووە

هەندیکیشیان کە لەوانی تر زۆرزانترە چوار کەرەتیان لە چوار شوێنی جیا جیا وەر گرتووە ، ئەوەشی کە زیاد بووە لەخۆیان بەسەر خاووخێزانی خۆیانا بەشیان کردووە ،ووتم ئەی ئەندامانی خوارەوە ؟ یەکێکیان ووتی باوەڕم پێ بکە من لە پەنجاکانا لە ناو ئەومۆزانەی ئەوبەرەوە شەڕم بۆ ئەم حیزبە کردووە کاتێک چووم بۆلایان ووتیان هاوڕێ کوێراییمان دایە بۆت بەڵام دەسەڵاتمان نیە خۆت ئەزانی حیزبە بۆرجوازیەکان وولاتەکەیان بە تالان بردووە ڕاوە تا خۆمان دێینە سەرحوکم شەرتە هەقێکت بۆ بکەینەوە نەوعی نەبێ.

کوڕەکەم خەبەری کردمەوە ووتی باوکە لەخەوەکەتا قسەت ئەکرد، ووتم چیم ئەوت ؟ ووتی ئەتووت حەیفێکم بۆ ئەو حیزبە جوانەی هاوڕێ لینین.

مایس2006



www.pertwk.com

## زەوق سز .....

برادەرێک بۆ نان خواردنی ئێوارێ، داوەتی کردین بۆ ماڵی خۆیان، خوا هەڵناگرێ، ئەوەندەی لوتف نوان، نەمان ئەزانی چۆن سوپاسی بکەین ،لەئاستی ئەوخوانە شاهانەیەش کە ڕازانیبوویەوە، مەحتەل مابووین ،خوایە چی بخۆین، وچی بخۆینەوە،و لە کوێوە دەست بەخەبات کەین ،لەو خەیاڵەیا بووین ووتی توخوا ئەگەر شەرم بکەن، دەی فەرموون ماڵی برا بچووکی خۆتانە ،بیسمیللامان کردو نەمان کرد، یەکێک کە لەولای منەوە هەڵنیشتبوو ،لێی پرسی، دانیشتنەکەت باش نایەتە بەر چاووم؟ ووتی بەخوا تازە عەمالیاتم کردووە، ووتی چ خێر، ووتی دوور لەڕووتان هی ناسۆر، ئیتر تا دواین پاروو و هەتا سفرەکەش هەڵگیرا ،ئەمە هەر باسی ئەوە بوو، کە چۆن بەزەحمەت دەستی بەئاو گەیانووە،و چۆن دکتۆر فەحسی مەخرەجی کردووە، و میسکی خیتامیشی ،بە پارووەکەی دەستی، کە پری کردبوو لە گۆشت و برنج و فاسۆلیا، ئاماژەی بۆ میقداری ئەو ناسۆرە کرد، کە دکتۆر لە کۆمی موبارەکی کردۆتەوە ئەوەشی لە بیر نەچوو کە بڵێ، پاش عەمەلیات، شاپڵیتەیەکیشان بۆ دانام .

مایس2006

www.pertwk.com

# خۆرهەڵات و دیموكراسی....

كورد ئەگەر بیەوێ گوزارش لە دوو شت بكا، كە زۆر دووربن لە یەكتریەوە، بە حوشترو قاپقاپی ئەشوبهێنێ. یەكێک لە عیللەتە سەرەكیەكانی دواكەوتنی كۆمەڵگاكانی ئێمەی رۆژهەڵاتی، كەنار گیركردنی نیوەی كۆمەڵە، كەژنەو نیوەكەی تریشی هەر خەریكی ئەمسەرەو سەركردنی تەزبیحەكەیەتی، هەركاتێكیش ووتیان ئەرێ سەبەبی دواكەوتنتان چیە، ئەڵێن خەتای ئەمەریكاو سەهیۆنیەكانە ناهێڵن پێش بكەوین، دەنا خۆمان چ عەیبمان نیە، ئەگەر وازمان لێبێنن لە سەعات جوانتر ئەگەڕێین.

دیموكراسیەتەكەی ڕۆژهەڵات، كوتومت وەكو ئەو قاپقاپە وایە، كە ئەیانەوێ بیكەنە پێی حوشترەكە، بۆ نموونە كوەیت لەناو وولاتانی خەلیجا بەوە مەشهورە كەمیرەكەی ئەمری بە ڕەعیەت فەرمووە پارلەمان دانێن، و ئیتر بۆ خۆیان لەناو هۆڵەكەیا، چەندیان بوێ غار غارێن ،و هەڵبەزو دابەز بكەن. ئەگەر عەگالیش كە رەمزی شەرەفە لەكن وان، لەكاتی موناقەشەیا لەسەری یەكتریش بەردەنەوە یان شەڕی پێبكەن، چوونكە حەسانەی پارلەمانیان هەیە موحاسەبەی نیە، ئەو پارلەمانتارانە بەحیساب ئەبێ نوێنەری هەموو كۆمەڵ بن، بە ژن و پیاوەوە، مخابن ئەوانە تەنها دەنگی نیوە زبرەكەین، چوونكە بەپێی كلتوورە جوانەكەیان، ژن گووی خواردووە تەداخولی ئیشی پیاو بكات، یەک لەو ئیشانەش كە هی



پیاوە، بەشداری كردنە لە كاری سیاسی، و ئەگەر بەدەقیقیش ناوی بنێین دەنگ دان ئەگرێتەوە. لەم ساڵانەی دوایدا بەتایبەتی دوای تەحریر كردنی ، و بەتەواوی نزیک بوونەوەی لە ئەمەریكاو رۆژئاوا، بەتایبەتیش كە وولاتانی موسڵمان یان لەگەڵ داگیركەر بوون، یانیش لە جەماعەتی ئەزعەف و ئەلئیمان بوون لە لاحولە ولاقوەتە زیاتریان پێ نەبوو ،بۆ خەلكی موسڵمانی كوەیت ،لە پای ئەو چاكەیە، هەوڵیان دا پیشانی بدەن، ئەوانیش ئەتوانن چیتر سەیری ژن وەكو ئامێرێكی بێ هەست نەكەن ،كە تەنها بۆ گسک دان وەچەی صالح دروست كردن بەكاردێ، بەڵكو وەكو ئینسانێک كە لە سەردەمی نیاندەرتالەوە، تا ئەمرۆی شۆڕشی مەعلوماتی، تاڵی وشیرینی ژیانیان لەگەڵ پیاو بەشكردووە، لێی بڕوانن.

هەندێک لە ناوەندە ئاقڵەكانی ئەو ئەمارەتە، چەند جارێک پڕۆژەی بەشداری ژنانیان خستە بەر دەمی پارلەمان، بۆ ئەوەی ناو خوای لێبێنن و بیكەنە قانون ،و ژنانی ئەوێش وەكو پیاوەكان بتوانن لەبەردەمی سندوقەكانی دەنگ دانا ریز بگرن و بە ئازادی رای خۆیان لەسەر پرۆسەی سیاسی لەوولاتەكەیان دەربڕن، ئەوەی سەیرە پارلەمان، كە ئەبێ دامەزراوەی هەرە دیارو كاریگەری كۆمەڵگای مەدەنی و نوێنەری دەنگی گەل بەرانبەر بە حاكم بێ، رازی نەبوو، ژنەكانی ئەو وولاتە، مافی دەنگ دانیان هەبێ! ناچار میر تەدەخولی كردوو، بە فەرمانێكی ئەمیری ئیجباری كردن، ئەو پرۆژەیە قبوول بكەن ، ( میر لە نوێنەرانی گەل، دیموكراسی تر بوو!) ئێستا بە فەزڵی میرەوەیە نەک پارلەمان ،ژنانی كوەیت

www.pertwk.com

ئەچن بۆ دەنگ دان، بەڵام هێشتا هێزە تاریک پەرستەکان کۆڵیان نەیاوە، و ئەیانەوێ بەهەر کلۆجێک بێت ئەو هەوڵە لەبار بەرن، عالمێکی دینی بە سوء ئیستیفادە لە عەقڵی سادە و فەقیری ئەو خەڵکە ئەڵێ قەیدی چیە با ژنان بچن بۆ دەنگدان بەڵام من فەتوام وایە ، ئەو ژنەی قسەی مێردەکەی بشکێنێ و ، دەنگ نەیا بەو لیستە، یان بەو کەسەی کە پیاوەکەی پەسەندی کردووە، لێی حەرام ئەبێت واتا تەڵاقی ئەکەوێت. ئەم کلتورەیە کەوای کردووە زۆر بەتووندی بەر هەڵستکاری هەر گۆڕانکاریەکی عەقڵی ئەبنەوە، کە سەر چاوەکەی ڕۆژ ئاوا بێت. کوەیت لەو بارەیەوە لەچاو سعودیە، سویدە، چوونکە لەوێ جارێ ژن هەزار ساڵی تری ماوە، بگاتە هەڵبژاردنێک، هەتا ئەگەر لەسەر قیاسات و مەترە کاری ئەو موفتیەش بێت.

ژنانی ئەوێ بە هۆی فەتوای عولەمای بێ ئیشەوە، سەیارە لێ خوڕینیشیان لێ حەرام کراوە نەک هەر ئەوە بەڵکو بەتەنیاش بۆیان نیە بچنە بازاڕ. ڕۆژنامەی ئەلحەیات نووسیویەتی: لەم ڕۆژانەیا پیرەژنێکی حەفتاساڵەی سعودی بۆ شت کڕین ئەچێتە دوکانێک کە کراوەیەو هیچ پێچ و پەنایەکی نیە، واتا ئەوەی لەدەرەوە بێت ناوەوە ئەبینێت، یەکسەر یاساوڵێ هەیئەتی ئەمر بالمعروف و نەهی لە مونکەر ، ئەگەنە سەری و بە تۆمەتی خەلوەی ناشەرعی ڕاپێچی پۆلیسخانەی ئەکەن ،کەسو کارەکەی ئەڵێن ئاخر تەمەن حەفتا ساڵێک لە ڕێی چیا ماوە بۆ گرتووتانە؟ ووتویانە با حەفتاشی تەواو کردبێ ئێوە نازانن ئەگەر ژن بەتەنیا بچێنە بازار ،فەسادمان



تێئەکەوێت؟ ئەوە حاڵی ئەو عارەبستانەیە و هێشتا خەڵکانێکیش هەن ئەپرسن داخۆ ،ئیبن لادن، و زەرقاوی ،و زەواهیری ،و ئەبو حەمزەی میسری، لە کوێوە فێری ئەو هەموو نەرم و نۆڵیە بوون لە گەڵ موخالیفەکانیانا.

مایس2006

www.pertwk.com

## ئێف ئێم......

ـ برادەرێک ووتی ئەزانی ئەم سەتەلیتە (FM) ە کانی کوردستان وەر ئەگرێ ووتم ئادەی خستمانە سەر دانەیاکیان بیلا مانێ گۆرانی بێژەکەی ئیزاعەو تەلەفیزیۆن ئاهەنگە حیزبی و رەسمی جەماوەریەکان و ئەوەی جێگەی خۆی لەدڵی شەیدایانی دەنگە بەسۆزەکەیا جارێک بە خۆشی و سەد جاریش بە تۆپزی کردۆتەوە دەرپەڕی و ئاوا گۆرانی ئەوت :(( گەڕانەوەت ناحەزەکانت تووشی سەد دەردەسەری ئەکا)) زۆر تأکیدی لەسەر ئەوبڕگەیەش ئەکردەوە باشە ئەوە دیارە کە ناحەزان یەک دەردەسەریان هەیە ئەویش گەڕانەوەیەتی بۆ لای گۆرانی بێژ ئە 99 کەی تر ئەبێ چی بێ بڵێی ئەو کچە ئەسلەحەی دەماری شامیلی پێ بێ؟ ئەوە ئەبێ لە گۆرانی بێژ یان شاعیرەکە بپرسین چۆنیان ئەقوڕە بۆ نا حەزان گرتۆتەوە ئەبێ ئاواش وەڵامی ئێمەی شەیدایانی دەنگە زوڵاڵەکەیان بەنەوە.

ـ کاک دیاری قەرەداغی کاتێک سرووده کوردیەکە ئەڵێت ئەوەندە (س) قەیسەریەکە خەست ئەکەیتەوە باوەربکە عەرەبەکانیش خۆیان کە ئەیڵێن و حەرفەکە هی خۆیانە ئاوا بە خەستی نەیان گرتۆتەوە ،برای شیرنم شاعیرەکە کورد بووە و بە کوردیش شیعرەکەی ووتوە کوردیش قەت نەی ووتوە (قە یصە ری) ئێمەهەر ووتومانە قەیسەری ئەگەر باوەڕیش ناکەی سەرێک لە



بەرێزان نەقیب و برایم پاشا بە بزانە ئەوان قەیسەریان هەیە یان ( قە یصە ری).

مایسی2006

www.pertwk.com

## عەقید

لەو ڕۆژانە سەیری کەناڵی ئەلموستەقیللەم ئەکرد، ناو بەناو ریکلامی بۆ چاوپێکەوتنێکی گرنگ ئەکرد، کە لە گەڵ حەزرەتی عەقید دا سازیان داوە،و موژدەی ئەوەی ئەدا کە بەو نزیکانە پەخشی ئەکەن. بۆمن قەزافی زۆر گرنگ نیە چیدەڵێ یان نایڵێ، بەڵام ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام ڕیکلامەکە بوو کە بەردەوام دەیگووت چاوەڕوانی بیرو بۆ چونەکانی برای عەقید بن، سەبارەت بە مۆندیال، من خۆم بەحوکمی ئەوەی ساڵانێکی دوور نەختێک یاری تۆپی پێم کردووە واتا رۆشنبیریەکی کەمم لەسەر ئەو یاریەو جامی جیهانی تۆپی پێ هەیە، ووتم رەنگە ئەویش وەکو من وابێت، خۆ منیش جارجارە راو بۆچوونی خۆم لەسەر یاریەکان دەرئەبڕم، چی تیایە ئەو برادەرەش نەختێک قسەی لەسەر بکا، خۆ کابە کەچ نابێ، بەڵێ سەرتان نەئێشێنم ئێوارەی دیاری کراو موقابەلە پەخش کرا، و دوای ئەوەی جەنابی عەقید فەزیعتێکی باشی بە فیفا کرد،وکردنی بەداردەستی وولاتە ئیمپریالیستیەکان، ووتی من پێشنیازم وایە یاری تۆپی پێ بەم شێوەیەی کە ئێستا ئەکرێ و هیچ لە مەسڵەحەتی وولاتە فەقیرەکان نیە، نەمێنێ، کورد واتەنی لەوغ بکرێتەوە، لەبەر خۆمەوە ووتم ئەڵێن قسە لە شێت یان لەمناڵ، ئەم کابرایە سەرەک کۆماری وولاتێکە و ئێستا هەزارەهای وەک من هەندێک دۆستین و زۆربەی زۆریش دوژمنین سەیری



ئەکەن ،قابیلە چوار موستەشاری وەرزشی لە قەسرەکەیا نەبن، نەخیر تاکیدم لەخۆیەوە قسەناکا، دیارە بەدیلی هەیە ، محاورەکەی موقاتەعەی کردوو ووتی: سیادەتی عەقید تێناگەم مەبەستانە یاریەکە هەر نەمێنێ ؟ فەرمووی نا مەبەستم ئابەم شێوەیەی ئێستای نەبێ ، ئاوا یانزە یاریکەر بەرانبەر بە یانزە یاریکەر، من ئەمەوێ هەموو جەماهیر بەشداربن ریازە جەماوەری نەبێ تامی نیە، کابرای محاور ووتی ئەتوانی روونتری کەیتەوە؟ عەقید ووتی مەسەلەن تیپی ئەملا هەزار کەس و تیپەکەی ئەولاش هەزار، بەڵام جەنابی عەقید باسی ئەوەی نەکرد بۆ ئەو دووهەزار کەسە هەر یەک تۆپیان بۆ هەڵئەداتە ساحەکەوە، یان یان هەر شەست حەفتا کەس و تۆپێک ؟

گەلاوێژی 2006

www.pertwk.com

## ئەزهەر.....

ماوەیەکە دەنگۆی ئەوە هەیە، کە کوردەکان لە ڕێگەی کەناڵە ڕەسمیەکانەوە، نامەیان ئاڕاستەی شێخ محەمەد سەید تەنتاوی گەورە شێخی ئەزهەر کردووە، و تیایا گلەیی و گازندەی زۆریان لەو دامەزراوە ئایینە هەیە، کە ناوی هۆبەی( رواق )ی کوردەکانی گۆڕیوە بە هۆبەی تورکەکان، و رجاو داوایان وایە کە ئەوکارە نەکەن ،چوونکە کورد سەرەڕای ئەوەی زۆر لەمێژەوە بە حوسنو ڕەزای خۆیان ئیسلامیان هەڵبژاردووە، لەسەر ئەو مەزهەبەشن کە ئەزهەر پێی خۆشە، واتا سوونەن ،و سەلاحەدینی کوردیش نەک هەر قودسی رزگار کرد، بەڵکو میسریشی لە چنگی شیعە دەرهێناو و دایەوە بە سوونە، بۆیە جوان نەبوو لەپای ئەو چاکەیە هۆبەی کوردان ناوی لێبنرێ تورکان، تائێرە بۆ خوێنەری سادە ئەوکارەی کوردی ڕەسمی جێگەی حەمدو سەناو، شایەنی هەزار ڕەحمەتە لە گۆری مردوانیان، بەڵام ئەگەر نەختێک ئەقڵی خۆمان بخەینە کار، و بە هەڵوێستەکانی ئەو دامەزراوەیەو و شێخەکانیا بچینەوە، بۆمان دەر ئەکەوێ، کە ئەوێش هێچ فەرق و جیاوازیەکەی لەگەڵ وحیزب و رێکخراوە ناسیوناڵیستەکانی عەرەبا نیە، کە لە عەرەب زیاتر هیچ میللەتێکی دیکە بە بەشەر نازانن، و عروبەی لێ دەرچێ هەر ئیدیعایەکی تر ،بۆ نمونە کوردایەتی ،یان ئەمازیغ چێتی ، بە کلکایەتی و ئەڵقە لە گوێیی بۆ ئەمەریکا



سەهیونیەت لەقەڵەم ئەیەن، ئەگەر وانیە خۆ ئەبوو ئەزهەر وەکو دامەزراوەیەکی ئاینی و مەزهەبی، کە وەکو خۆیان ئەڵێن سەر بەخۆیە، بەیاننامەیەکی نارەزایی، لەسەر جینوساید کردنی گەلێکی موسڵمانی سوننە مەزهەبی وەکو کورد، ئاراستەی جیهانی ئیسلامی و حیزبی بەعس بکردایە، خۆ ئەبوو لەئاست تاوانی فرۆشتنی کچە کوردەکان، کە بەشێک بوون لەو غەنیمانەی کە بەعس لە ئەنفالی کورد چنگیان کەوتبوو، و بە میسری دایکی دونیایان فرۆشتبوو، خۆی کڕ نەکردایە ، لەکاتێکا کە سەدان فەتواو بەیاننامەی نارەزایی بۆ پشتگیری لە گەلی موسڵمانی عارەبی فەلەستینی دەرکردووە. ئەوەی سەیرە ئەوەیە ئێمە بۆ هۆبەیەک، کە گوایا بەناوی ئێمەوە بووەو لەوغ کراوەتەوە،ئەوەنە ئازارمان چەشت ، نەمان هێشت بکەوێتە بەیانی ، کاتیب و ئەلدیوانمان بانگ کردوو ووتمان هەر ئەلعان بنووسە: لە هەرێمی کوردانەوە بۆ گەورە شێخی ئەزهەر ، دوای سەلام و ئیکرام، بەقوربانی ڕیشت بین ،ئەڵێن هۆبەی نەوەکانی سەلاحەدینت زایە کردووە، لەوڕۆژەوە ئەو خەبەرەمان بیستووە ئەوەنە گریاوین ،هەردوو چاومان بووە بە گۆمی خوێن ، خەریکە دڵمان ئەتەقێ توخوا هۆبەکەمان بەنەوە . بەڵام بۆ سەدوو هەشتا هەزار ئەنفال کراو یان ئەو کچۆڵە کوردانەی کە بە دیاری دران بە شارع محمد عەلی* ،یەک دێڕ گلەیمان بەزۆر زانی ئاڕاستەی بێ دەنگی ئەو دامەزراوەیە بکەین و پێی بێژین ئەوەی لە ئاستی هەق بێدەنگە، شەیتانێکی لاڵ نەبێ، هیچی دیکە نیە با ئەزهەریش بێ.

*********************************************
*************

(هۆبەی کوردان موهیم ترە، یان چارەنووسی ئەو کچانە؟ من ئەڵێم هۆبەکە ئەزانن بۆ چونکێکم لەویَ ناوی تۆی کورد ،لەتەنیشت ناوی ئەفغانی، و چیچانی ،وعارەبەوە ئەدرەوشێتەوە).
سیاسەت مەدارێکی محەللی

- شارع محمد علی : شەقامێکی بەناو بانگە لە قاهیرە کە مەلها و شوێنی راقیسەکانی لێبوو ئێستا زۆریان گواستویانەتەوە بۆ شارع الهرم.
-

گەلاوێژی 2006



www.pertwk.com

# بەرنامەی تەلەفزیۆنی

ڕاگەیاندنی بینراوی ئێمەی کورد ،مەبەستم تەلەفزیۆنە ،بەداخەوە لەبری ئەوەی وەکو هەموو راگەیاندراوەکانی تری، ئۆمەتی محەمەد،و عیسا، و موسا، هەتا ئەوانەشی کە باوەڕیان بە ئاینە ئاسمانیەکان نیە، ئامرازێکی مەعریفی بێت، و مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری کۆمەڵایەتی و سیاسی، و ئابووری، و پاککردنەوەی چەژو زەوقی هونەریمان بێت ، بەداخەوە کاریگەریەکی یەکجار سلبیان هەیە، لە دواخستن وەیان لەباشترین حاڵەتدا وەستاندنی عەقڵی جەمعی کوردەواری لە دۆخە دواکەوتووەکەیدا ،ئەگەر وانیە بۆ؟

ـ باشە ئەگەر پێشکەش کەرە نارۆشنبیرە مێینەکەمان، لەبەر جوانیەکەی خستۆتە سەر تەلەفیزیۆن، و خۆمان شتەکانی بۆ ئەنوسینەوە،و ئەرکی ئەویش تەنها حونجە کردنێتی بۆ بینەران، ئەوەش لەبەر ئەوەی لە کلتوری ئێمەیا، سەیارەو ماڵ و خانوو و مناڵ و ژن و هەتا میدیاشمان هەر بۆ مەنزەرە ئەویَ ، ئەی باشە کیژە ناشرینە نەخوێنەوارەکە، چۆن هاتە سەر تەلەفیزیۆن!

ـ زۆر بەدڵ ،چاویشم کردبوو بە گویَ، بۆ بەرنامەی چاوی سێهەم، کە تایبەت بوو بە هونەرمەندان، و تەنها باس باسی دەست

www.pertwk.com

کەوتەکانی هونەرمەندان و هەڵوێستە سیاسیەکانیان بوو، بەڵام نە بەچاک و نە بەخراپ، باس لە دووکاری هونەری نەکرا کە شیاوی 16 ساڵ لە ئازادی بێت، زۆر بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەم گەڕام، ناچار بە مێژووی هەموو گۆرانی و دراما و مۆسیقا و پەیکەر تاشینەکانی ئەو ماوەیەدا چوومەوە، ووتم ناهەقیان نیە ئەوخاڵەیان خستۆتە بن بەڕەکەی،شتێکی وایان نەبوو، ڕووی مەجلیسی هەبێ ، دەنا باسیان ئەکرد.

ـ بۆ تەحلیلی ستراتیژی، ئەگەر پەنا بۆ کەسێکی مەدەنی بەرین ،کەلەڕووی ئەکادیمیەوە ئامادە نەبێ بۆ ئەوکارە، واتا ئیختیساسی لەو بوارەیا نەبێ ،و تەنها خوێنەر یان ووتار نووسی ئەو بابەتە بێت، خوانەخوستە قسەکانی تەرجەمەکەین، بۆ زمانی ئەو بێگانانەی کە ستراتژیەت لای ئەوان زانست و ئیختیساسە، مەعلوم شتی سەیرو سەمەرەی لێ دەرئەچێت، ئەمما بۆ وەزعی ئێستای ئێمەی کورد، کە ئەو پسپۆڕیەمان نیە، لەسەرمانە موساعەدەی ئەو ڕاگەیاندنانە بکەین، کە بەو ئەرکە هەڵئەسن ،و لە توانای خۆیان ومیوانەکەیان زیاتریان لێ داوا نەکەین، بەڵام خۆ بۆ تەحلیلی وەزعێکی ستراتیژی عەسکەری ،زائیدەن سیاسی قەبەی وەکو لوبنان یان عێراق یان ئێران، زۆر گران نیە بانگهێشتنی جەنەڕاڵێکی عەسکەری کورد بکەین، کە دەورەی ئەرکانی بینیبێ ، بۆ ئەوەی لەگەڵ میوانە مەدەنیەکەیا پێکەوە لە بابەتەکە بدوێن، لێرەوەئەوەمان بۆ دەرئەکەوێ ،کە سەرکەوتن یان فەشەل هێنانی هەر بەرنامەیەکی



تەلەفزیونی، رادەی رۆشنبیری و ئاسۆ فراوانی ئەقڵ و سەلیقەی ، تەنها ئامادەو پێشکەش کەرەکەی دیاری ئەکا، نەوەک میوانەکەی کە بیللا تەشبیە کورد واتەنی کەری خانە خوێیە، لە هەر کوێی داینیشینێ رووی نایە ئیعتیرراز بگرێ و بڵێ جێگەکەم لێژە.

تەموزی 2006

www.pertwk.com

# گۆرانی بێژ

ـ ئەگەر کەسێک بۆ ئاڵتون بگەڕێ، تەنها ئەوەی لەسەرە بچێتەکن ئوم کەلسوم، یان فەیروز، یان هایدە ،یان مەهەستی ،وەیان فەتانە، و بە هێمنی گوێ بۆ لەرەی داوەکانی قوڕگیان ڕادێرێ ،ئیتر نەک هەر ئاڵتون بەڵکو گەوهەریشی بەسەردا ئەبارێ. بەڵام ژنە کوردەکە کە وەکو خۆی ئەڵێ بەڕێکەوت بووە بە گۆرانی بێژ، ئەو بەپێچەوانەی ئەوانەوە ، لەکاتێکا کە باری هەموویان ئاڵتوونی ڕاست و چەپ لە خۆی بەستووە، باری یەک لۆریش مسی ژەنگاوی لە گەرویدا کە ئە لێی تونی تیمساحە خەزن کردووە،و غەسبەن لەسەر شواربی بینەرش لەسەر تی ڤی گرمەو ناڵەی دێ ، باشە خۆ ئەڵێن مۆسیقی نابێتە مۆسیقی، ئەگەر گوێکانی مۆسیقی نەبن ،من ئەڵێم یان ئەوەی ئەو قسەیەی کردووە سەهووە ،یان گوێی هەندێ لە موزیک ژەنانی کورد مسی تیایە، یان جار جارە بۆ تەسهیلی ئومور خۆیان مسی تێ ئەکەن.

ـ ژنە کوردێک تەمەنی 35 ی تێپەڕاندووە، کەچی لە گۆرانیەکەیا کە بە کراسێکی سپیەوە بەعەربی ئەیچڕێ، ئەڵێ: (أنا صبية من کوردستان) واتا من کچۆڵەیەکم لە کوردستان بۆ زانین ووشەی صبية لە زمانی عەرەبی دا، ئەکاتە کچێک کە تەمەنی سیانزە یان چواردە ساڵان بێت ، دیارە ئەوەش موجامەلەو خاترو خۆتری



شاعیرە ئەفەندیە، بۆ گۆرانی بێژ ،ئەگینا ئەبوایە بیگوتایە (انا امرأة من کوردستان)، واتا من ژنێکم لە کوردستان .

ـ لەهونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردیا نەم بینی و نەم بیست ڕۆژێک کەسێک بڵێ من ئیختیساسم تەنها ئاواز دانانە، ئەوی تر بڵێ من تەنها مۆسیقا دابەش ئەکەم ، ئەوی تریان بڵێ ئیشی من نووسینی شیعری گۆرانیە، ئەوی تر بڵێ کاری من تەنها گۆرانی ووتنەکەیە ، شەوێک گوێم لە جووکە جووکێک بوو ووتم ئەوە چیە، ووتیان ئەو برادەرە گۆرانی ئەڵێ زۆر سەیرم کردوو لێی وورد بوومەوە هەر نەم زانی کێیە،و بۆ نەگبەتی باسی کۆنسێرتیشی ئەکرد! تەلەفونم بۆ گۆرانیبێژەکەی برادەرم کرد ووتم ئەوبرادەرە بەڕاستێتی ئەڵێ کۆنسێرت ئەکەم؟ ووتی لە ئەسڵا خۆی مۆسیقا ساز ئەکا، ووتم کورە ئەوە گۆرانی ئەڵێ ،ووتی ئاخر خۆی ئەڵێ راستە من دەنگم خۆش نیە، بەڵام ئەزانم گۆرانی چۆن ئەوترێ، ووتم ئەگەر گۆرانی ووتنی ڕاست وابێ ،کەواتە ئەوانەی جووکەیان نایە گۆرانیبێژ نین، ووتی ئیتر بەخوا ئەوە ئاوایە.

گەلاوێژی 2006

www.pertwk.com

# ئەستێرەی کوردستان

دوای ئەوەی موژدەی یەکگرتنەوەی هەردوو لەتەکەی هەرێمی کوردستان پاش چاوەڕوانیەکی زۆر، خۆشبەختانە ڕاگەێنرا، و بۆ دڵ تەئمین کردنی خەڵکی بەشەرەفی کورد، لەناوەوە ،و لە دەرەوەی وولآت، لە بوونی ئیرادەی سیاسی تەواو، بۆ سەرکەوتنی ئەو تێکەڵ بوونەوەیە،و تاکیدەن بۆ ئەو گووتارە تازەیەشی کە شیاوی ئەم مەرحەلەیەیە، و بریتیە لەگیانی پێکەوە ئیش کردن، و یەکخستنی هەموو تواناکان، بۆ بەگژداچوونەوەی ئەو موستەجەداتانەی کە لەسەر ساحەی ئیقلیمی ،و نێودەوڵەتی، روو بەڕوومان ئەبنەوە، هەردوو کەناڵی ئاسمانی کوردسات ،و زاگرۆس تیڤی، بە هیمەتی هیمەت داران ،و بە چاو لێکردن لەو کەناڵە عارەبیەی کە ماوەیەک لەمەو پێش بەرنامەیەکی سەرنج راکێشی بۆ دەستنیشان کردنی تەنها یەک ئەستێرە بۆ هەموو عارەبستان، سەرەڕای بوونی زیاتر لە دووسەد ملیون عەرەب، بە تواناو ئیمکاناتێکی سەروئاساییەوە، لە موزیکەوە بیگرە بۆ ستۆدیۆ و لیژنەی تەقییم ، زائیدەن پێشکەشکەری ڕۆشنبیرو بەسەلیقە، و دەیەها بەهرەمەندی دەنگ خۆش،کە ئامادەی پرۆگرامەکەبوون، و بە ئەدایەکی سەلیمەوە گۆرانی گۆرانیبێژە بەناوبانگەکانیان ئەوتەوە، دروست کردبوو، ئەوەبوو لە ئاکاما و پاش پێش برکێیەکی ماراسۆنی، بە رێژەی پەنجا لەسەد لەدەنگەکان بۆ لیژنەی تەحکیم، و پەنجاکەی تریش بۆ



بینەران، کە بە تەلەفوونی دەستی بەشداریان لە دەنگ دانەکەیا ئەکرد، و ببوە سەرچاوەی داهاتێکی باش بۆ پرۆگرامەکە،و یەک کەس لەوانە تاجە گوڵینەی ئەستێرەی عارەبی وەرگرت .کەناڵەکانی ئێمەش بۆ نزیکەی 6 ملیون کورد، کە لە هەرێمێکی زۆر گچکە لەچاو وەتەنی عارەبیا ئەژین، هەڵسان بە درووست کردنی دوو پرۆگرام ، بۆ دەست نیشان کردنی جوتێک ئەستێرە بەیەکجار، قلێکیان هی شیمالی هەرێمی کوردستان، و قلەکەی تریشیان هی جنوبی هەرێم، ئەوەی جێگەی داخە ئێمە وەکو توانا سەقافی و هونەریەکەمان کزە،و لەبری ئەوەی ئیستیفادە لە هەموو ئەوانەی کە دەست و مێشک رەنگینن پێکەوە بکەین، ئەچین پەرەتەوازەیان ئەکەین، بۆیە ئیشەکەی ئێمە نە لە ڕووی پێشکەشکردنەوە سەرکەوتوو ئەبێ، و نەلەڕووی بەشداربووان و هەڵسەنگاندنیشەوە، لە ڕووی دەرهێنانیشەوە هەرباسی مەکە.
دەمێک بوو پڕ بەدڵ حەزم ئەکرد، ئەقڵی هونەری کوردیش وەکو لانی کەم دراوسێکانیشمان بێت ، بکەوێتە گەڕو، لە پەنجەرەی دۆزینەوەی ئەستێرەی کورستانەوە، بتوانێ گۆڕەپانی گۆرانی و موزیک لەو قەیرانە دەرکا ،کە ئێستا تێی کەوتووە ،و هەرکەسێک پارەی تۆمار کردنی گۆرانیەکی لە گیرفانا بێت، بێ حەسیب و رەقیب ئەبێتە فەنان، بەداخەوە کە ئەو بەرنامەیەم بینی لەو ئاواتەشم پەشیمان بوومەوە، هۆکانم زۆرن بەڵام لەم بزماریا ئەتوانم تەنها دونیان باس بکەم ، یەکەمیان: لە ئەستێرەیەکی موستەقبەلیان پرسی لە گۆرانیبێژە بەناوبانگەکان کێ ئەناسی ووتی

www.pertwk.com

جا چزوانم بەخوای زۆریان دێنە سەنتەر یەک و دوان نینە، لە جێگەی خۆمەوە ووتم ئەوانە شتاقیان نەماون سەنتەری چی هەی (...)! دواتر ئەگەر ماشبن ئەوانە سەید عەلی، و ماملێ، و زیرەک، و تایەر ،ومەردان، و بەرواری و ئەوانی ترن، کاریان بەسەنتەری پێگەیاندنی لاوانەوە چیە؟ دووەمینیان :ئەوەتەی گۆرانی بێژی میللی کورد دوو گوێی لێ ڕواوە گۆرانی بۆ کچ ئەڵێ و ئەڵێ (نارجی کەوتە دەستم) ئەورۆژە کوڕێکی بەشداربوویەکی ئەو پرۆگرامە کە بەگژە گیای سمێڵیا دیار بوو هەرزەکار بوو ئەی ووت (نارجم کەوتە دەستی)! یەکسەر بە میوانەکەم ووت ئەزانی ئەو کچەی ئەم ئەستێرەیە حەزی لێکردووە بەختەوەرە ووتی چۆن ئەزانی؟ ووتم هەموو کچێک دوو نارنجی هەیە وایە؟ ووتی راستە، ووتم ئەو کچە چوار، ووتی چۆن؟ ووتم گوێت لێنەبوو دوانی ئەو ئەستێرەیەش کەوتنە دەستی.

ئابی2006



# بەردە فڕکێی ئیقتیسادی

چەپەکانی ئێران، لەکۆتایی حەفتاکانا، بەڕابەری تودە ،و فیدائی خەڵق ، ئەوانەی لەبەرەی شەڕی موقەدەسدا، لەدژی ئیمپریالیستی جیهانی، و کۆنەپەرستی محەللی دا بوون، کە محمەد رەزا شا،و ئەوناوەندە ئێرانیانەی بەرژەوەندیان لەگەڵ مانەوەی حوکمی شا دا هەبوو نوێنەرایەتیان ئەکرد ، سەدەها ووتاری حەماسی هەڵهێنجراویان لەکتێبە مارکسیەکان، بەکلاسیک و مۆدێرنەوە ئاراستەی ئەندام و لایەنگیرانی خۆیان لەدژی ئەو واقیعەی کە گەلانی ئێرانی تیابوو ئەکرد. لەولاشەوە ئایۆلۆجیا ئیسلامیە رۆحیەکە کە نەقیزی ئایۆلۆجیا مارکسیە مادیەکەیە، خومەینی ئەیکردە ووتار،و لەشێوەی کاسێتی دەنگیدا ،لەپاریسەوە ئاودیوی ئێرانی ئەکردو بە ئیستیلاحی شەیتانی هەرەگەورە بازاڕی ئەوسای ئێران کە سەرمایەداران بوون لەگەڵ جەماوەرە رەش و روت و برسیەکان ، و چینی ناوەڕاست هەتا کرێکارانی نەوتیش ،کە بەپێی کتێبەکان دەبوو لەحسەی چەپ بوونایە، بەجۆرێک ئەبزوان هەموو ساواک و ئەو چەک و جبەخانەیەی ساڵەهای ساڵ بوو، شا هەموو پولی ئێرانی تیا خەرج کردبوون، و خۆی لێببوە پێنج هەمین هێز لە سەر ئاستی جیهان و شەرەفی نازناوی پۆلیسی کەنداویشی وەرگرتبوو نەی توانی خۆی لەبەردەمیانا ڕابگرێ. ئەوە بوو هێزی جەماوەر ،و نەختێک نەرم و نیانی شا، قیاسەن بە سەدام

www.pertwk.com

حسێن ، وای کرد ناچار سواری تەیارە ببێ، و بۆ هەتا هەتایە ماڵئاوایی لە عەرشی ئاریا میهر بکاو لەغەریبی سەر بنێتەوە. پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا میوەی ئەو خۆبەخت کردنەی چەپ ،بە سودفە چووە بەرچنەی ئایەتوڵڵا خومەینیەوە؟ یان توانای ئەوگووتارە ئاینیەبوو کە توانی  هەست کردن بە ناعەدالەتی ئیجتیماعی، کە تەوەرەی  ووتارە تەحریزیەکەی چەپەکان بوو ، لەڕووی ئەهمیەتەوە بخاتە دوای لە خۆدان بۆ بە غەدر کوشتنی حوسیەن، ئایا دەسەڵاتی شا کە شەرعیەتی لە مێژووی بنەماڵەوە وەرگرتبوو، ئامادە تر بوو بۆ ریفورم یان دەسەڵاتی ئایەتوڵڵاکان کە شەرعیەت  لەناو کتێب و حەدیسە پیرۆزەکانەوە وەرئەگرێ ؟بڵێی چەپەکانی کوردوستان بتوانن خۆیان لە دووبارەکردنەوەی ئەو تەجرەبەتاڵەی چەپی ئێران لەکۆتایی حەفتاکان بپارێزن؟ لە کاتێکدا ئەمان توانای جەماوەریان زۆر کەمترە لەو توانایەی کە حیزبی تودەو ئەوانی تر هەیان بوو بڵێی  هەنجیری ئەو خەڵک هێنانە سەر جادەیەی ئەمڕۆی کوردستان سەرلەبەری نەکەوێتە سەبەتەی ئیسلامی سیاسیەوە ؟ ئەوجا نەک هەر دیموکراسی فرە حیزبی بەڵکو ئیزرابی هێمنانە،و دوور لەبەردە فڕکێش، لەباشترین ئیحتیمالدا بەکاری بەکرێگیراوانی شەیتانی هەرە گەورە دائەنرێ، ونەک هەر قبوڵ نیە ،بەڵکو ئەوەی بەردێک لەگیرفانیا بگیرێ حەواڵەی جەهەندەم ئەکرێ. لە هەمووش گرنگتر ئایا بۆ چەپی کوردستان، بەرەیەکی فراوان لە گەڵ هێزە عەلمانیەکانا بەپارتی، و یەکیەتیەوە، باشترە، ئەگەر وەکو تاکتیکیش بێت بۆ بەدەست



هێنانی هەندێک ریفۆرم لەم قۆناغەیا، یان بەردە فڕکێی ئیقتیسادی بە مەبەستی سیاسی،و دووبارەکردەنەوەی ئەو واقیعە تاڵەی ئێرانی دوای شا؟ ئایا ئەگەر ساحەی کوردستانی چۆڵ بوو، بە هێزی ئێستای ئەو چەپە پڕ ئەکرێتەوە؟ یان پێویستە لەگەڵ بەدیلێکی تر دا هاوپەیمان بن .کە ئەویش هێزە ئیسلامیەکانە و بە تاکید ئەمڕۆ لە چەپ بەهێزترن و لەوانیش ئامادە ترن بۆ پرکردنەوەی ساحەکە.

ئابی2006

www.pertwk.com

## فەنان.....

هەموو ئەزانین سالآنێک لەمەو بەر، بەعس حوکمڕانی ئەوەڵ و ئاخری عێراق بوو. ئەو تەنها بەپاوان کردنی سێکوچکەی دەسەلآتەوە (سوپاو ئەمن و موخابەرات) نەوەستابوو بەڵکو پەلی کێشابوو بۆ هەموو کەناڵەکانی تری ژیانی ڕۆژانەی هاو وولآتی، تاوەکو تەوزیع کردنی هێلکەو گۆشت و زۆپاو ڤیدیۆشی، بەیەکێک لە ئەرکە نیشتیمانی و شۆرشگیریەکانی خۆی ئەزانی . یەکێک لەو کەنالآنەی کەبەر رەحمەتی بەعس کەوتبوو، دام ودەزگای پەروەردە بوو، وەکو کۆلیژی پەروەردەو پەیمانگا و ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان، واتا ئەوانەی مامۆستایان پێئەگەیان ، برادەرێکم بۆی گێڕامەوە ووتی ئەوحەلانە برادەرێکی ئەبێ کە هەوای تەمسیل کردن لەکەللەی یابوو، ئەی گووت هەرچۆنێک و بەهەر کلۆجێک بێت ئەبێ لە ئەکادیمیا وەربگیرێم، توخوا حەیف نیە ئەو بەهرە جوانەم لەبەر ئیمزایەکی حیز ببەمە ژێر گڵەوە، پێیان ووتبوو گوێی شەیتان کەڕ بێت، ئینشاألله هەر وەر ئەگیرێی، کێ ئەڵێ بە ئیمزایە؟ ووتبووی بەخوا چوومەتە بنج و بناوانیەوە، ئیمزات نەبێ وەرناگیرێی ووتبویان ئاخر وەڵڵا ئەوەش قورسە، چۆن کوردێک باوەڕ بە پرۆگرمێک ئەهێنێ کەلە(ئەلفیەوە بۆ یا)ی هەمووی هەر بۆ عەرەب تێبکۆشێ ئەی کورد ئیشی چیە؟ ووتبووی ئەوە بەڕاستانە ئەگەر سەرپشکم کەن لە مابەینی ئیمزا



یان وازهێنان لە ئارەزو خەونی هونەریم بە پەنجەیەک نا، بەهەر دەپەنجەکەم لەباتی ئیمزا مۆریشیان بۆ ئەکەم ،گێل ئەو کەسەیە لەقە لەبەختی خۆی ئەیا، بۆمن لە هەموو ژیانما لەهونەر بەولاوە ئارەزوویەکی ترم هەیە؟ ووتبویان نەوەڵڵا، تۆ هەر لە دووررویشەوە بە ڕێو ڕۆشتنەکەتا دیارە کە فەننانی، ووتبووی توخوا وانیە؟ ووتبوویان کورە بەرەوەڵڵا بۆ وانیە، بەڵام ئاخ خۆزگە ئەو ئیمزا نەعلیەتیە نەبوایە . ووتم ئەی دوایی عاقیبەتی بەکوێ گەیشت، ووتی وەڵڵا بەبرای خۆم بڵێم، برادەر لەو جێگەیەی کە خۆی موسیڕ بوو لەسەری وەرگیرا، و تەواوی کرد، ووتم مەعلووم ئەمێستا ئەستێرەیەکی درەوشاوەی نێو هونەری شانۆ و درامای تەلەفیزیۆنی و سینەمای کوردیە ،و دیاریشە وەختی خۆی ئەو تەنازولە گەورەیەی هەر بەتاکتیک کردووە، بۆ خاتری ئەوەی دواتر بەکۆڵێ خیبرەو شارەزاییەوە بگەرێتەوە و تەلەفیزۆن و شانۆو سینەما وا جۆشبدا، هەروەکو حەفتا بار دار بەڕوویان لەژێرا ئاگر دابێ، ئاوا گەرم و گوڕ بێ، دیارە هەر بەوەشەوە نەوەستاوە، بەڵکو تائێستا چەندین قوتابی پێگەیاندووە،و دڵنیام ئەوانیش لە خۆی سەرقاڵترن. ووتی ئەرێ تۆ بەڕاستە یان ڕائەبوێری؟ ووتم ئەستغفیروڵڵا ،بۆ ئەوە لەمن ڕائەبینی! ووتی نەوەڵڵا، بەڵام لام سەیرە، ووتم چی سەیرە؟ ووتی ئەڵێی ئاگات لە هیچ نیە؟ ووتم چۆن ئاگام لە هیچ نیە، ئەوەنیە ئەوبرادەرەت ئێستا لە (هۆڵی وود) هەر پەلێکی بەدەست موخریجێکی عالەمیەوەیە و شەڕە لەسەری، ووتی تۆ مەبەستت کێیە ووتم لیوناردۆ دیکابریۆ ووتی

www.pertwk.com

ئەڵێم ڕائەبوێری، ووتم ئەرێ ئەوبرادەرەت هونەر لەخوێنیدا نەئەگەڕا ئەی بەدە پەنجە مۆری نەکرد؟ بۆ ئەوەی ئەو بەهرە عەزیمەی لەکیس خۆیو گەلەکەی نەدا، ئەی ئەگەر کەسێکی وای لێدەر نەچووە بۆچی ئەو عەیبە گەورەیەیی هێنایە سەر شانی خۆی ، باشە ئەو شوێنێکی بێ ئیمزای تەواو کردایە چاکتر نەبوو ؟ووتی ئەوەش کارەسات نیە، ووتم ئەی چی کارەساتە؟ ووتی کارەسات ئەوەیە تا ئێستا نەخۆی ئەزانێ کە نازانێ تەمسیل بکا و نە دەوروپشتەکەیشی ،ووتم چۆن ئەزانی ؟ ووتی ئەوان پێی ئەڵێن تۆ فەننانی تۆ بەرزی، ئەمیش ئەڵێ ئەی چۆن.

موختەسەری کەلام

......................

پلەی گەرمی کەرامەتی کام لە ئەنفالچیە کوردەکان سەرو کەرامەتی ئەو خەفێ یەوە بووە با دەست هەڵبڕێ........

ئابی2006



## کەرامەتی خەفێ یەک❋

لەناوەڕاستی هەشتاکانا معاون ئەمنی یەکێک لە شارۆچکەکانی کوردستان کە عەرەب بووە، گێرابوویەوە ووتبووی: کوردێکی خەڵکی ئەو ناوچەیە، موعتەمەدی ئەمن ئەبێ لامان،ڕامان سپاردبوو هەواڵی جموجۆڵی پێشمەرگەمان بۆ بێنێ، هەر خەبەرێکیش تەنها پێنج دیناری ئەوکاتە دەست خۆشانەکەی ئەبێ. ڕۆژێک ویستبووی تاقی بکاتەوە بزانێ نزمی کەرامەتی ئەم خەفێ یە تا چ ڕادەیەک شۆڕە، بە پۆلیسەکەی بەردەرگاکەی ئەڵێ ئەگەر کاکە(...) هات تا خۆم پێت نەڵێم مەیکەرە ژوورەوە ، کابرا هەروەکو جاران چنگ لەسەر شان دێ و دیارە هەواڵی پێ ئەبێ، ئەیەوێ وەکو جاران بێ وەستان یەکسەر بچێتە ژوورەوە، پۆلیسەکە هەروەکو ڕاسپێراوە پێی ئەڵێ ها کاکە وێن؟ ئەمیش بەعەرەبیەکی دوکەڵاوی ئەڵێ یروح معاون، پۆلیسەکە ئەڵێ معاون ئیشی هەیە، ئا لێرە راوەستە ئینتیزارکە، بەم شێوەیە تاوەکو دەمی دەوام تەواو بوون، کە ئەکاتە نزیکەی هەشت سەعات راوەستان هەر بەچاوەڕوانی هێشتبوویەوە، ئافەرم کاکە هەر نەڕۆی، ئینتیزار بکەی بۆ چەن بۆ پێنج دینار، بۆچیش خەبەر لە قەومەکەی خۆت بدەی، سەییدی لێ ناپرسێتەوە هەتا بەتەواوەتی ئاوی قاچی دایەت ، ئەوجا بانگی ئەکا ئەڵێ ها کاکە شنو ئەلئەخبار ، کاکە ئەڵێ سەیدی ئەربعە موخەریب نام فی بیت کاکە حەمە بیل قەریە. معاونەکە ئەڵێ بەوا

www.pertwk.com

بۆم دەرکەوت کاتێک ئەتوانی بەپارە، هەموو شتێک بەو ئەوجۆرەکەسانە بکەی ، کە رادەی کەرامەت و عیزەتی نەفسیان وەکو کاکە هەزار پلە لەژێر سفرەوە بێت.

ئابی2006



## لاپەڕەی تەعاروف

ساڵانێک لەمەو بەر دوو موجەللەی لوبنانی بەناو بانگ هەبوون ناویان مەوعید و شەبەکە بوو  کاریان بڵاو کردنەوەی وێنەو هەواڵی هونەرمەندەکانی ئەوسای عەرەب و غەیری عەرەب بوو، ئەوکاتە ئەهاتنە سلێمانیش، خەڵکانێک کە خولیای بینینی ئەو کچە هونەرمەندانە بوون کە زۆربەیان بە مینی جوبەوە یان لەسەر بەحر وێنەیان گیرابوو ، بۆ دڵنەئمینی ئەوەی حەفتانە چنگیان کەوێ، ئیشتراکیان تیا کردبوو، ناهەقیشیان نەبوو ئەوانە رەواجیان زۆر بوو، زۆر زوو لەمەکتەبەکانا نەئەمان، ئاشقانی ئەو موجەللانە زۆر بە ئیشتیهاوە ئەیان خوێنەوە، بڵێم سەیریان ئەکرد، ئەو حەلە ئەگەر بیان ویستایە کەسێک بە نەزان لەبواری سیاسی و ڕۆشنبیریا لەقەڵەم بەن، ئەیان ووت کاکە خۆتی لەگەڵا هیلاک مەکە ، بۆ ئەو لە شەبەکەو مەوعید زیاتر هیچی تری خوێندۆتەوە ،چی ئەزانێ تا باسی بکا. لەو موجەلانەیا لاپەڕەیەک هەبوو پێیان ئەوت لاپەڕەی تەعاروف، کە زیاتر بۆ ئەو کەسانەبوو یان قیتار بەجێی هێشتبوون، یان بێوەپیاو بوون ،یان کوڕێکی قۆز بوون ئەیان ویست لەمابەینی چەن کچێکا فەوزا بنێنەوە، ئەمیان بڵێ هی خۆمە ئەویان بڵێ وەڵڵا عەفوت فەرموو یەکەم جار خۆم تەعاروفم لەگەڵ کردووە، بە کوردیەکەی ئەیان وویست لەو ڕێگەیەوە نیوە جوانەکەی خۆیان چنگ کەوێت، بۆیە ئەهاتن کەشخەترین وێنەی خۆیان ڕەنگە

www.pertwk.com

هەندێکیان دە دوانزە ساڵێک لەوەپێشیش گرتبێتیان لەو لاپەڕەیا لەگەڵ هەندێک زانیاری شەخسی بە تیفتیفەوە بڵاو ئەکردەوە . دوابەدوای ئەوە گۆڤاری بەیانیش کە لەبەغدا دەر ئەچوو هەمان لاپەڕەی بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کردبوو، بیرم دێ هەندێک ڕەفیقی ناموافیق وێنەی برادەرێکی خۆیان ناربوو بۆ ئەو لاپەڕەیە، لە زانیاریە شەخسیەکانیا دوای ئەوەی باسی ئەو چێشتانەیان کردبوو کە حەزی لێیە، ووتبویان هیوایەتیشی ڕاوە ڕێویە! ئەم نەقڵەم بۆ یە هێنایەوە تاوەکو خوێنەری ئەمڕۆ بزانێ وێنەی شەخسی بڵاو کردنەوە جاران بۆ ئەو مەبەستەبوو لاپەڕەکەیشی لەدوای دواوە بوو، بەڵام ئێستا زۆربەی سایتە کوردیەکان لاپەڕەی یەکەمیان بووە  بە مەعرەزی وێنەی کوڕو کچە قۆزەکانی کورد هەریەکەو لەتەنیشت نووسینەکەیەوە جوانترین وێنەی خۆی داناوە ، هەندێک قەبارەی وێنەکەیان لەنووسینەکەی کەبۆیان بڵاوکراوەتەوە گەورەترە ،هەندێکیان تەرکیزیان خستۆتە سەر دەم و لێویان، هەندێکی تریان ئیهتیمامی سەرەکیان یاوە بە ڕیشەکەی چەناگەیان، هەندێکی تریشیان عەدەسەی کامیراکەیان ئەوەندە لە لووتیان نزیک کردۆتەوە خەریکە لە شاشەی سایتەکەوە دێتە دەرەوە ،هەندێکیان ماشاالله ئەوەنە گوپ خڕو تێکسمڕاون روخساریان ڤیتامینی لێئەبارێ، کەچی لەباسی ئەزمەی ئیقتیسادیا ئەوان تاقە خەمخۆری هەژارانن ،هەیە ئەوەندە مۆنە ئەڵێی فاشیستەکانە، بەڵام لە شیعرەکەیا ناسکی هەستی خۆی لەپەڕەی ئەو گوڵەیا ئەبینێتەوە، کە شنەی بایەک ئەی وەرێنێ . من باوەڕم



هەیە کە پێش کەوتن نیعمەتە ،جاری جاران ئەگەر کەسێک وێنەی خۆی بناردایە بۆ سەفحەی تەعاروف ،ئەبوو بە مەزەی گاڵتەی چەن ساڵێکی برادەرانی، ئێستاکە لە زۆربەی لاپەڕەکانی میدیای ئەلکترۆنیا  خاوەنی مەقال یان شیعرەکە زۆر بەفەخرەوە وێنەکەی خۆی رۆژانە دائەبەزێنێ،  ئەوانە بە بەردێک دوو نیشانیان پێکاوە لەلایەکەوە وەکو نووسەرێکی بەناو بانگ خۆیان بە عاشقانی قەڵەمە بەپیت و بەرەکەتەکەیان ئەناسێنن، لەلایەکی تریشەوە دەرگایەک سەر لەنوێ لەسەر ئەو تەعاروفەی کە ساڵانێک لەمەو بەر هەبوو و بیرچوبۆوە ئەکەنەوە .

موختەسەری کەلام

---

وێنە بڵاو کردنەوە دووبەختە، ڕەنگە هەندێک جار نووسینی نووسەرێکی ڕاستەقینە لەبەر چاوی خوێنەر بخا ،یان نوسینی یاریدەدەری ئەرزوحاڵ نووسێک، کچ بێت یان کوڕ، بکاتە شاکار.

ئەیلولی2006

www.pertwk.com

## موزەمیدەکەی کوردستان و دکتۆرەکەی ئەوروپا

هەموو کاتێک ووتومە ناعەدالەتی ئەکەین، ئەگەر بەراوردی کوردستان لەگەڵ ئەوروپاو دونیای سەنعەت و شارستانیا بکەین. هیچ نەبێ ئەوان لەساڵی 1945 وە، واتا لەدوای تەواو بوونی جەنگی جیهانی دووهەمەوە، شەڕیان نەبینیوەو تووشی ماڵ وێرانی و دەربەدەری نەبوون، بەردەوامیش سوور بووم لەسەر ئەو تەرحەی کە ئەڵێ، دوژمنانمان نەیان هێشتووە ئێمەی کورد فریای قیتاری مەدەنیەت بکەوین، دەنا هیچمان لە ئەڵمانەکان و بگرە ئەمەریکیەکانیش کەم تر نیە. لەسەرو هەمووشیانەوە ئێمە لە جنسی ئارین، واتا لە ئەوروپیەکانەوە نزیکترین تاوەکو گەلانی رۆژهەڵات، مادام وایە ئیشەکەمان سەهلە هەر ئەوەنەی نەختێک ئازادیمان تێکەوت ئەوجا پیشانی ئەوگەلانەی ئەدەین کە بەردوام بە کەم سەیرمان ئەکەن، ماست کیلۆی بەچەندە. بەڵی لەو خەیاڵاتانا بووم تاوەکو لەساڵی 2004 ماڵ و منالّم بردەوە زێدی باب و باپیرانیان، و لەدڵی خۆما ئەم گووت شەرت بێ لەمەو لا ئەگەر بەقەرزو قۆڵەش بێت ،لانی کەم ساڵی جارێکیان ببەمەوە، راستە شام شەکرە بەڵام بەخوا وەتەن لەگەڵ ژەهری ماریشا ئەخورێ ،و دواتریش ئێمە کۆمەڵێک عادات و تەقالیدی کوردەواری جوانمان هەیە، بابە بۆ ئەم منالّانە چاویان پێنەکەوێ و ئاشنای نەبن، ئەمانە لەگەڵ ئەوروپی ئەژین، ئەگەر هاتوو ڕۆژێک



پێیان ووتن لە وولاّتی خۆتان خوا وەکو عیلم و مەعریفەتی پێ ڕانەبینیوون، ئەی باشە لە جێگەی ئەوە چی داونەتێ؟ با پێیان بڵێن ئەو عیلاقاتە ئینسانیەی لای ئێوە نیە، لای ئێمە ئەوەندە گەرم و گوڕ و زۆرە، نازانین لەکوێی هەڵگرین، ئیتر بەوە دەم کوتیان ئەکەن. کاتەکە هاوین بوو دونیا زۆر گەرم بوو رۆژێک دایکی منالّەکان ووتی ئەوکوڕەمان وەزعی خراپە توشی سک چوون و ڕشانەوە بووە ،یەکسەر بەبێ وەستان تەکسیەکم گرت و بردم بۆ عەیادەی دکتۆرێکی برادەر خوا هەڵناگرێ زۆر لووتفی نواند،و فەرمووی برۆ لە موختەبەری فلاّنیش ئەو فەحسانەی بۆ بکە،و وەرەقەیەکیشی دامێ بۆ خەستەخانەی تەواری کەلەوێ بیخەوێنم.

بۆ فەحسی خوێنەکە کاتێک گەیشتمە بەردەمی موختەبەر بینیم لە باڵەخانەیەکایە، لە قاتی سەرەوە، کورەکەم ئەو حەلە تەمەنی 11 ساڵ و نزیکەی 35 کیلۆش ئەبوو، هیچ وەسیلەیەک لەغەیری قادرمەکان نەبوو، بۆ سەرخستنی بۆ سەرەوە، لەبەر بێهێزیی نەیئەتوانی خۆی سەرکەوێ ،ناچار کردمە کۆڵم و هەرچۆنێک بێ گەیاندمە شوێنی مەقسەد ،لەوێ خوێنیان لێوەرگرت و ووتیان بەیانی وەرەوە بۆ نەتیجەکەی! چۆنم بردبووە سەرەوە ئاوا بەکۆڵ هێنامەوەوە خوارەوە، و تەکسی بگرە، بۆ کوێ؟ بۆ خەستخانەی تەواری ( فریاکەوتن)، لەوێ دکتۆرێکی گەنجی لێبوو ووتی کاکە بیبەن بۆ ئەوژوورەی ئەوبەرەوە ئێستا دێین بۆلای. کاتێک بردمە ژوورەکە، سێ کەسی تری لێبوو هەموو پیاو بوون، و ئەوە لەپاک

www.pertwk.com

وتەمیزی نوێن و قەنەفەش هەر مەپرسە، گەڕامەوە ووتم کاکە کوڕەکەی من مناڵە ئەبێ لەبەشی مناڵان بێ، ووتی کاکە گیان بەخوا ئەوە ئیتر ئاوایە، جێگەمان نیە، ووتم ئەی چار؟ باشە ئەتوانم دەرمانەکانی لەماڵەوە بەمێ ؟چوونکە چەن بوتڵێک ئاویان بۆ نووسیبوو ئەبو بەدەمار وەری بگرێت، ووتیان ئەی بۆ نا بەڵام وەرە ئیمزامان بۆ بکە، ووتم بەسەر چاوو هەمدیسان کوڕەکەم تا بەردەرگای خەستەخانەکە کردەوە کۆڵ، و لە وێ تەکسیەکم بانگ کردوو لێخوڕە بۆ ماڵەوە، ئەوجا کێشەی دانانی ( کانیولا) م هاتە ڕێ، ووتیان کاکە بەسیتە برۆ بەشوێن ئەو موزەمیدەیا دەستی زۆر سووکە و عەیادەکەشی زۆر نزیکە ئەوەتا هەر لەکۆڵانەکەی ئەودیووە، حاڵەکەی تێبگەێنە یەکسەر دێ و کانیولاکەی بۆ دائەنێ، ووتم هەرئێستا ، چوومە بەر عەیادەکەی هێشتا نەکرابۆوە ،دیار بوو کاکی موزەمەید لەژوورەوە خەریکی شووتی خواردن بوو، جارێ نەهاتبووە عەیادەکەی، کە هەر لەماڵەکەی خۆیا داینابوو، لە جەرەسم دا هیچ دیار نەبوو ، نەختێک وەستام و جارێکی تر جەرەسم لێدایەوە دەرگاکەی کردەوە، ووتم ئەم کاتەت باش برا گیان، ووتی فەرموو، ووتم کوڕەکەم توشی حاڵەتێکی وا هاتووە و ناتوانێ بەپێی خۆی بێتە خزمەتی جەنابتان، لوتف بفەرموون ئەوە ماڵەکەمانە سەد مەتر لێرەوە دوورە، زۆر مەمنوون ئەبم ئەگەر تەشریف بێنن، و ئەو دەرزیەی بۆ دانێنن، بەشکم ئاوەکانی بۆ هەڵواسین. ووتی کاکە ناتوانم بێم با خۆی بێت، ووتم کاکە گیان باوەڕ بکە ناتوانێ بێت، ئەبێ بیکەمە کۆڵم خۆشم لەکاتی



ڕاپەڕینەکەوە قاچم خراپ شکاوە نابێ هیچ شتێکی قورس هەڵگرم ، ووتی چۆن ئەیهێنی ئەوە موشکیلەی خۆتە، ووتم بەڕێز تۆ میهنەکەت پێش ئەوەی سەرچاوەی مەعیشەت و پارە پەیاکردن بێت، کارێکی ئینسانیە من ناڵێم بچۆرە جەمعیەتی موزەمدین بەلا حدودەوە و هەزاران کیلومەتر دوور لە ماڵەکەی خۆتەوە چارسەری ئەفغانی و ئەفریقی و تایلاندی بە خۆڕایی بکە، بەڵام خۆ ئەبێ بەدەنگی لانی کەم خەڵکی گەڕەکەکەی خۆتەوە بچیت، دواتر شتێک پارەش وەر ئەگریت واتا ئیستیفادەیەکیشی تیایە، ووتی دیارە تۆ فەلسەفەم بەسەرا لێ ئەیەی، با پێت بڵێم من عەشایەرم و قسەیی زل لای من نایخوا ، وەڵلا بشیهێنی بۆ ئێرە بۆی دانانێم ،ووتم کاکە گیان باوەڕبکە ئەوقسەیە نەزلە و نەفەلسەفەیە، تەنها بیر خستنەوەیەکە بۆ ئەو ئەرکە موقەدەسەی کە لەسەر شانی ئەو خەڵکانەی وەکو ئێوەن و ئەتوانن ژیانی خەڵک ڕزگار بکەن، دواتر ئەگەر بەرێزتان عەشایەرن ئەبوایە ئێستا دەمانچەیەکی جوان لەبەر پشتوێنەکەتانا بوایەو هەشت نۆ حیمایەش لەچوار دەورتانا بوونایە، موزەمیدی و دکتۆری و عەقڵی عەشایەری کوجا مەرحەبا! نەخێر زیاتر کەللەیی بوو ، لەدڵی خۆما ووتم برۆم باشترە با کوڕەکەم نەکەم بەقوربانی ئەم موجادەلە بێ سەرو بەرەیە، ناچار چووینە لای موزەمیدێکی تر کە هەر لەو نزیکانە بوو بەهەزار ناڵی عەلی کانیولاکەی بۆ دانا، و کاتێک هێنامەوە بۆ ماڵەوەو نەختێک ئاووم خواردەوە.

دکتۆرە ئەوروپیەکەم بیرکەوتەوە، کە ئەچیتە لای بۆ عەیادە، کە

www.pertwk.com

سەرەت دێت لە ژوورەکەی خۆی دێتە دەرەوە ،و زۆر بەئەدەبەوە ناوەکەت ئەڵێ، و دەرگاکەت بۆ ئەکاتەوە و پێش خۆیت ئەخا، و فەرمووت لێئەکا بۆ دانیشتن، ئەوجا ئەڵێ بۆم باس کە کێشەکەت چیە؟ کە تەواویش بوویت هەمان دەستوور دەرگاکەت بۆ ئەگرێ، و خۆا حافیز بوونت لێ ئەکا، و کەسیشیان فەڕاش و قاپیەوانیان نیە، ئەگەر نەشتوانی بچیت بۆلایان، زۆر بەمەمنونیەوە خۆیان بەجانتەیەکی گەورەوە دێن بۆ ماڵەوە، و بە قسەی خۆش و ڕوویەکی گەشەوە، فەحست ئەکەن ئەگەر پێویست کا دەرمانت بۆ ئەنووسن، بەهەمان شێوە موزەمیدەکانیشیان دێنە ماڵەوە. لەکاتی گەڕانەوەمانا بە کوڕەکەم ووت، کوردستانت بینی ؟ووتی بەڵێ،ووتم خۆش بوو؟ ووتی بەڵێ ووتم زۆر چاکە ئێستا ئەگەر لێیان پرسیت ووڵاتی ئێوە بەچی مەشهورە ئەڵێی چی ؟ ووتی ئەڵێم ئێمە بە بێ حورمەتی کردن بە بەشەر بەناو بانگین، ووتم وا مەڵێ کوڕم، ووتی بۆ، ئەی وانیە؟ ووتم، ئمممم، با، بەڵام ، ووتی چی بەڵام، ووتم ئاخر هەر سەرو گوێلاکی خۆمان ئەگرێتەوە، ووتی باشە لەبەر خاتری تۆ نایڵێم، بەڵام جارێکی تر ئەگەر بیری کوردستانت کرد، هەرخۆت بڕۆرەوە ئێمە مەبەرەوە .

---

موختەسەری کەلام

کوڕەکەم ووتی باوکە ئێستاش باوەڕت وایە کە ئێمەی کورد لە جنسی ئارین؟ ووتم بێ گومان. ووتی ئەی بۆ وا ئەکەین؟



پرسیارەکەی مەنتیقی بوو نەم ئەزانی چی بڵێم، دواتر گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە خۆمان نا جسنین.....

ئەیلولی2006

www.pertwk.com

# قیبله نوما

دەساڵ زیاتر ئەبوو لە ئەوروپا ئەژیان، هەر لەسەرەتای هاتنیانەو پێیان ووتبوون ،ئەگەر ناوی خۆتان بنووسن بۆ کرینی ئەوخانوانەی کە وەک پڕۆژەیەک بۆ دەستگرۆیی ئەوانەی لەمناڵێک زیاتریان هەیە،و ناتوانن بە ئیمکاناتی تایبەتی خۆیان خانوو بکڕن، ئەتوانن لەو ڕێگەیەوە بە سیعرێکی موناسیب و بەقیستێکی موریح، ئەو خەونەیان بهێننەدی. بەڵێ هەروەکو پەیمان و بەڵێنیان پێ درابوو، چەندساڵێک دوای خۆنووسینەکە، رۆژێک نامەیەکیان بۆ دێ، تیا نووسراوە : بەرێزتان کاندیدن بۆ پرۆژەی ئەو شانزە خانووەی کە بەدەستمانەوەیەو وا لەتەواو بوونایە، تکایە بەزوویی و بێ دواکەوتن هەموو ئەوموستەمسەکاتانەی کەلەم نامەیەدا ئاماژەمان پێکردوون ،بۆمان بێنن، کاتی پیشاندانی خانوەکانیشیان پێ ووتبوون، ئێوارەی دیاری کراو هەموو ئەچن بۆ سەیری خانوەکان،کە عیبارەت ئەبێ لە دوو ریزی بەرانبەر بەیەک، خانووەکان هەموویان یەک خەریتەیان ئەبێ، تەنها موشکیلە ئەوە ئەبێ، ئەمان حەزیان لەو بەرەئەبێ کە حەدیقەکەی بەهاوین بەیانیان هەتاوی تێ ئەکەوێ ،و ئێوارانیش سێبەر، بۆ بەختی ئەوان ئەو ئێوارەیە ئاسمان هەور گرتبووی ،و هەتاو لە هیچ کونێکەوە نە ئەبینرا، پیاوەکە لەو خانمەی کە بۆ رێنمویی کردنیان دانرابوو ئەپرسێ، داخۆ فەسڵی هاوین هەتاو لەکام بەریانەوە هەڵدێ؟ ئەویش



نەخشەی پرۆژەکە دەرئەهێنێت ،و ئەڵێ :بە هاوینان لەبەری راستەوە هەڵدێت، و لەبەری چەپەوە ئاوا ئەبێت . ئەویش بە خۆشیەوە بەرەو ڕووی ژنەکەی ئەڕواو ئەڵێ گیانە ئەو شکەشمان نەما، بەری لای راست خۆیەتی، ئەویان هەڵئەبژێرین، ژنە ئەڵێ ئاخر تاکیدی؟ ئەڵێ تاکید، ژنە ئەڵێ بەخوا تا بەتەوای تاکید نەبم بڕیار نایەم، پیاوەکە ئەڵێ تەوای چی لەسەر خەریتەکە شەرق و غەربی تیا دەست نیشان کرابوو، بەچاوی خۆم دیم ، ژنە ئەڵێ نە بەخوا باوەڕم بە خەریتەو مەریتە نیە. تەلەفوون بۆ کاکم ئەکەم ئەو زۆر ووریایە، بەهینەکەی خۆی یەکسەر بۆمان بدۆزێتەوە، هینەکەی چیە ژنەکە؟ کورە قیبلە نوماکەی ئەوە بۆ شتت بیر ئەچێتەوە خۆجارێ پیر نەبووی ئەی دوێنێ پێم نەوتی ؟ پیاوەکە لاحول وەلا قوەتە قەیچێکا بابێت . رۆژێک جەرەسی دەرگا لێئەدرێ ژنە ئەڵێ بەقوربانی بم خۆیەتی کاکمە، بزانە ئەو چەن دڵسۆزە، تۆش هەر زەمی ئەکەی، پیاوەکە ئەڵێ بابێتە سەرەوە، ژنە ئەڵێ ناتونێ بێت مەجالی نیە، ئەڵی بابچینە سەر خانوەکان، دەخێراکە پیاوەکە عەیبە  چاوەڕوانە، پیاوە لەخۆشی ئامێری قیبلە نووما کە سەد دەر سەد ئیتیجاهەکە ئەدۆزێتەوە نازانێ چی بکا، کاتێک ئەگەنە شوێنی مەقسەد ،خاڵە شتێکی بچووک لە گیرفانیا دەرئەهێنێ، کابرا ئەڵێ ئەوە چیە؟ خاڵە ئەڵێ قیبلە نوماکەیە،کابرا سەیر ئەکا بەعەرەبی لەسەری نووسراوە! ئەڵێ تۆ لە ئەوروپای ئەمە بۆ بەعارەبی نووسراوە؟  خاڵە ئەڵێ رەمەزانی پێشوو لێرە لەدوکانی عەرەبێک بۆ دۆزینەوەی ئیتیجاهی قیبلە کڕیومە، کابرا

ئەڵێ ئەی ڕۆژ هەڵاتن و رۆژ ئاوا بوون ئەخوێنێتەوە؟ خاڵە ئەڵێ ئەی بێقەزابی وەرە ئەها سەهمەکە بۆ کوێوەیە؟ ئەوەتا، ئێستا ڕێکی شانی ڕاستم سەیرکە ئەوە قیبلەیە، کەواتە هاوینان لەو دەستەیەی کە لەبەری چەپەوەیە ڕۆژ هەڵدێت، و لەبەری راستیشەوە ئاوا ئەبێ، ئیتر سێو دووی ناوێ بەری چەپ هەڵبژێرن ،و بیریشی نەچوو بە تەلەفونە دەستیەکەی بە خوشکەکەی بڵێ ئیتیجاهەکەم بۆ دۆزینەوە . بۆ بەیانی خۆشبەختانە ئەوهەورەی ئەوماوەیە بەری ئاسمانی گرتبوو، ئەڕەوێتەوە ،و دەرئەکەوێ ئەگەر بەپێی قیبلە نوماکەی خاڵە بێت، سوبحان ئەڵڵا ئەمێستا لە مەغریبەوە ڕۆژ هەڵدێ، و لە مەشریقیشەوە ئاوا ئەبێ .

**موختەسەری کەلام**

---

بەهەڵە دیاری کردنی ئیتیجاهی رۆژەکە کێشەیەکی گەورە نابێ، چوونکە کات زۆر ئەمێنێ بۆ پرسو رای ترو قسەی ئەسەحی وەرگرتن، کێشەکە ئەوە ئەبێ ، ئەگەر خاڵە لە رەمەزانی پارەوە بەقسەی ئەو قیبلە نومایە نوێژی کردبێ، یەک دانەی بۆ حلێب نەکراوە .

ئەیلولی2006



# گلەیی کۆنەجاشێک

ئینکاری ناکەم کە نەتەزویر بووم و نە تەقلید، هەموو کەس ئەزانێ بەتایبەتی ئێوە جاشێکی هەتا بڵێی رەسەن بووم ، ئەنفالچی بووم ، باشترین سەرچاوەی زانیاری بووم بۆ ئەمن و ئیستیخبارات ، ئەگەر دەیان بردم بۆشەڕی پێشمەرگە، بۆسەلامەتی خۆم و کوڕەمام و پورزاکانم ،یەکەم کەس بووم پێشنیازی بەکارهێنانی چەکی کیمیاویم ئەکرد، چوونکە ئەمزانی ئەوانەی لەوشاخەن ئەگەر بەچەکی تەقلیدی شەڕیان لەگەڵ بکەین، هەروا بەئاسانی هەڵناکەنرێن ،هەتا فیشەکیان پێ بێ لێمان ئەکوژن . ئێوە ڕابردووی ئێمەتان وەکو ئاوو دۆ ڕەوان بوو ، ساڵەهای ساڵ بوو هێزی پێشمەرگەتان بە دروشمی خەبات و ناونیشانی خۆبەخت کردن تاریف ئەکرد،و ئێمەی جاشیش بە خائین و خۆ فرۆش کلک و ئەڵقە لە گوێی داگیر کەر ،بەو حسابە ئەبوو دوای سەرکەوتنتان یەکەم ئیشتان تاج لەسەرنانی پێشمەرگە،و ئیجتیساس کردنی ئێمە بوایە ،خۆشمان هەروامان دانابوو، چاوەڕوانی ئەو چارەنووسەش زیاتر نەبووین. ئەوکاتە نەتان کرد ، درکمان پێ کردبوو بۆ نایکەن، هەر یەکەو بۆ قورسکردنی تاکەی خۆی، لە تەرازوی هێزەکان، لە بنەوە هەزار واستەتان دەنارده کنمان و ملیونەها تکاو رجاتان لێ ئەکردین، بەشکو دڵمان نەرم بێ و سەنگەری خەباتمان بگوێزینەوە بۆ لاتان؟ شەوانەش لە تەلەفیزۆنەکانتانەوە موزیعەکانتان کە لە

www.pertwk.com

خۆشیا بسکەی سمێڵیان ئەهات ، بە شانازیەوە ئەیان گووت :بینەرانی خۆشەویست عەسری ئەمڕۆ، سەرۆکی عەشرەتی بەشەرەفی دۆڵی چاو بزان، سەنگەری خەباتەکەی بۆکنە خۆمان گواستۆتەوە،و مەگەر هەر خواش بۆ خۆی بزانێ، خۆیی و تاقمەکەی چەند رێزیان لێگیراوە، ئەگەر لای جەماعەتی ئەوبەر، دیوەخانەکەیان سەد کەسی گرتووە، لەبەری لای خۆمان بۆمان کردوون بە دووسەدکەس،و مادامیش ئەوەنە پیاوی چاکن، لەم سەعاتە بەدواوە شەرت بێ بارانی موحیبەتیان موستەمیڕ لەسەر بێ. دو سێ جاریش ئەو وێنەو هەواڵەتان بلاو ئەکردەوە،ئەزانن بۆچی بۆ ئەوەی سەرەک عەشرەتی کلاو قوچانیش کە ئەگەر لەئێمە زیاتری بۆ دوژمن نەکردبێ، تاکید کەمتری نەکردووە، و هێشتا هەر لەوبەرە، تەماع بیگرێ و ئەویش سەنگەرەکەی بابەکۆڵیاو بێت،چاوی ئەوکەسانەشتان دەرئەهێنا ئەگەر زاتیان بکردایەو بیان گوتایە بەری چاومان کلی پێوەیە. ئەوکاتەش ئەتانزانی مورتەزەقە مەبدەئیان نیە ،و کێ زیاتریان بداتێ ئەچنە لای ئەو، ئەی باشە ئێستا چی لەو مەسەلەیە گۆڕاوە یان دیارە ئیشتان پێمان نەماوە؟خۆ ئەوەی بۆ ئێوەمان کردوە، نە پێشمەرگایەتی بووە،و نە کوردایەتی، (سەللم، بەللم) بووە ، ئەگەر خەڵکێک هەبێ لە ئێوە زیاترمان بداتێ ، چی رێگەمان لێ ئەگرێ ئەوجارەش سەنگەری موبارەکمان بگوێزینەوە، کورد پەروەریەکەمان، یان مێژووە پر لە سەروەریەکەمان ؟لەسەرو هەمووشیەوە مەگەر ئێوە بۆ خۆتان هانتان نەداوین ئەو کلتوورە



نایابەمان لەبیر نەکەین ،یان ئێمە هەڵەین؟.

---

**موختەسەری کەلام**

واز لە جاشی کۆن بێنن چوونکە ئەوانە ڕەنگە بڵێن کاتێک منداڵ بووین، کورد حوکمی بەدەست نەبووەو بێگانە دەرسی داپاوین، بۆیە لەوانەی پەروەدەی نیشتیمانیا ئیکمالین ، ئێستا گرنگە کە وورپابین نەوەی نوێ لەخۆمان نەکەینە جاش، ئەوجا قوڕنەیەکمان چنگ ناکەوێ ڕووی خۆمانی لێبشارینەوە .

ئۆکتۆبەری2006

www.pertwk.com

# مامۆستاو قوتابی و ڕەمەزانی جاران

ئەوکاتانەی کە لەقۆناغی سەرەتایی بووم دایکم هەموو جارێک پێی ئەوتین ئەوەی ئەیەوێ مانگی رەمەزان بگرێت، ئەبێ بیری نەچێ شەوانە کە چووە سەر جێگا، بڵێ نێتمە بەیانی بەرۆژوو ئەبم، رۆژووی مانگی ڕەمەزان ،یانیش هەر لەیەکەم شەوەوە نێتی گرتنی هەموو مانگەکە بەیەک کەڕەت بێنێ ،و لەوەش گرنگتر ئەبێ هەموو ڕۆژەکان بەتەواوی بگرێ ،و پارشێویش بکا باشە چوونکە خێرەکەی زیاتر ئەبێ، ئەگەر ئەوانە بەڕێکو پێکی بکا خەمی نەبێ هەموو مەخسوودەکانی حاصل ئەبن، دیارە مەخسوودی ئەوکاتەی ئێمەی قوتابی کە لەقۆناغی سەرەتایی بووین، لەناجیح بوون بەبێ سەعی بەیەکەم، و خەرجی زۆر،و جلی جوان، و سەعات و پێڵاوی تازە،وساڵێک پانزە جەژنی تێبکەوێ، و تەحتیلی سەری سال لە سێ مانگەوە بۆ شەش مانگ، زیاتر نەبوو! هەرچەنە من ئەوانەم لە خەڵکی زیاتر پێویست بوو ، بەڵام هەموویم وەلا نابوو، و لە داواکاریەک زیاتر هیچی ترم نەبوو ، شەوانی ڕەمەزان لەحیاتی یەک کەڕەت نیەت هێنان، دەجار لەناخی دڵمەوە بەدەنگێکی بیستراو هاوارم ئەکرد،و ئەم گووت نێتمە بەیانی بەڕۆژوو ئەبم، خوایە گیان لێم قبووڵ کەی. جاری واهەبوو دایکم ئەی گووت کوڕم یەک جار بەسە، ئەو عالەمە خەوتوون تۆ هەموو گەڕەکت تێگەیان بەیانی بەڕۆژوو ئەبی ،باشە ئەگەر ئاوا هاوار نەکەی خوا



نازانێ تۆ بەرۆژوو ئەبی؟ بەڵام ئەوشتەی کە لەدڵما بوو،و ڕۆژووەکەم لەپێناوا ئەگرت، بۆئەوەی پێم نەزانن ،زۆر بەنزمی لەخوام داوا ئەکرد، لێفەکەشم ئەیا بەسەر دەموو چاووما، نەوەک جووڵەی لێووم بخوێننەوە ، و تێم بەربن، چوونکە لەکاتێکا کە هەموو کەس حەزی ئەکرد مناڵەکانیان ببنە موهەندیس ،و دکتۆر،و مامۆستا،و محامی، جەنابم ئەی ووت دەخوایە بۆخاتری ئەم مانگی ڕەمەزانە، بەیانی مەکتەبەکەمان وابڕوخێنی سەقفە کۆنکرێتەکەو ئەرزەکەی لەگەڵ یەکا جووتکەی، و دوور لە قووتابیەکان یەک مامۆستای بە مودیرو موعاونی مودیرو موڕاقیبە نەعلەتیەکەشمانەوەی لێ دەرنەچێ، جیقو فلیقی هەموویان دەربێ، و ببن بە قاورمە (جاران هەمبەرگر نەبوو دەنا باشترین شوبهاندن ئەمیان بوو نەک قاورمە). سەبەبیشم هەبوو، مەکتەبی ئەوعانە لەسەر فەلسەفەی دار لەجەنەتەوە هاتووە ئەڕۆیشت ،لەکۆبوونەوەی باوکانیشا کە دووساڵ جارێک ئەکرا ، باوک لەباسی کوڕەکەیا بەمودیری ئەفەرموو جەناب گۆشتەکەی بۆ تۆ یەسقانەکەی بۆمن ! بۆیە کە ئەچووینە سنفەوە،هەتا مامۆستاو دارەکەی ئەگەیشتن، موراقیب( کەبەردەوام لە تەمەڵەکان هەڵئەبژێران)، ناوی چەند دانەیەکی لە هاروهاجەکان کە بەندەی دایم تیا بوو، لەسەر تەختەڕەشەکە ریز ئەکرد،و پێش دەست پێکردن بە وانە ووتنەوە، ئەوانەی ناویان نووسراوە، ئەگەر دەستیان لەژێر زەبری دارەکەی ئەفەنیا سەقەت نەبوایە، تاکید ئیتر ئاگایان لەو مەعریفەتە نەئەما کە لە زاری مامۆستاوە ئەباری،

www.pertwk.com

و تاجەرەسی کۆتاییش بۆ ئەوەی نەختێک ئازارەکەی بشکێ ئەبوو هەر فووی تێبکەن و هەڵیبگلۆفن. ئەو کاتانە ئاستی گوزەرانی خەڵک زۆر نزم بوو، زۆربەی قوتابیەکان زستان و هاوین یەک جلیان لەبەرا بوو، زستانان هەر سنفێک و عەلادینێکیان بۆدانابوو، مامۆستاش ئەیبردە لای خۆیەوە! قوتابیەکمان لەگەڵ بوو باوکی وەزعی مادی باش بوو، هەم سەرو کەللەی وەکو سەرو کەللەی ئێمە نەبوو، هەم جلەکانیشی وەکو ئێمە نەبوو، سەرەڕای ئەوەی پۆشتەو پەرداخیش بوو، هارمونیەکی زۆر هێمنیش لەنێوان ڕەنگەکانیا هەبوو، ڕۆژێک مامۆستا ئاقڵەکەمان هێنایە بەردەمی تەختە رەشەکە،و پێی ووتین چاووتان لێیە چەن جلەکانی پاک ،و خاوێن، و جوان و بەتەرتیبن ،ئەمەوێ هەمووتان بەیانی وەکو ئەم بن! هەتا ڕەمەزان دانەهاتایە خەڵکان بیریان نەئەکەوتەوە خێر بکەن،لەوانەش مامۆستا کە وەکو هەموو موسڵمانانی تر لەسەری بوو خێر بکات، ئەوان وەسیلەیەکی بەلاشیان دۆزیبۆوە یەک فلسی تێ نەئەچوو، لە هەمان کاتیشدا بەخێر بۆیان ئەنووسرا، ئەوان کردبوویان بە عادەت لەنزیکی تەواو بوونی رەمەزانا، هەر کەسەو لەوانەکەی خۆیا، بە قوتابیەکانی ئەووت، هەموو زمان بهێننە دەرەوە یەک یەک سەیریی زمانیان ئەکردین، ئەوەی زمانی سپی بوایە، ئەوە بەڕۆژوو بوو، مەکرومەکەی مامۆستا کە بیست دەرەجە وەیان زیاتر یان کەمتر بوو ئەیگرتەوە،و بۆی ئەخرایە سەر دەرەجەکانی ، بەڵام شمولی ئەوانەی نەئەکرد کە زمانیان سوور بوو . هەر ئەوزەمانە مامۆستاکان کردبوویان بە عادەت



ئەیان پرسی، لە پاشە ڕۆژا ئەتانەوێ ببن بەچی؟ رۆژێک مامۆستایەک ئەوپرسیارە ئاراستەی قوتابیەکانی ئەکا ،تەمەڵ ترین قوتابی لە دکتۆر کەمتر هەڵنابژێرێ ، دوای ئەوەی بەسەر هەموویانا ئەگەڕێ ، یەک لەوی تریان پلەوپایەی بەرزتر بۆخۆی تاعین ئەکا، قوتابیەک ئەمێنێ ئەڵێ مامۆستا گیان من ئەمەوێ ببم بە فەڕاش، مامۆستا کەلعادە بەدارو چەپۆک تێی بەر ئەبێ ،ئەڵێ هەتیو هیچ نەما فەراشی نەبێ ،دیارە ناتەوێ بخوێنی، ئەڵێ مامۆستا بەرەوەڵڵا، بەڵام ئەگەر ئەو هەموو عالەمە ببن بە موهەندیس و مامۆستاو فەرمانبەری گەورە،و دکتۆر، ئەی کێ گسکیان بو ئەیاو ،شوێنەکانیان پاک ئەکاتەوەو، خۆ ئەبێ یەکێکیش خۆی تەبەڕوع بکا ببێ بە فەڕاش .

---

**موختەسەری کەلام**

ئەگەر بتەوێ نەوەیەکی ساغت چنگ کەوێ ئەبێ مامۆستای ساغیشت هەبێ دەنا ئەبێ هەتا ماوی عەریف بی .

ئۆکتۆبەری2006

www.pertwk.com

## ڕاستگۆ

دوای ئەوەی یەکێک لە شکاتکەران لەداگایی کردنەکەی سەدام و دارو دەستەکەیا، لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی بۆوە، کەتیایا سەرو ماڵ و مناڵ و ژنی ئەنفال کراوە ، یەکێک لە تۆمەتبارەکان لێی پرسی، تۆ لەلای حاکم لە سلێمانی شتێکت گووتوە، لێرەش شتێکی تر ئەڵێی، شکاتکەر ووتی ئەوەی سلێمانی ڕاست نیە،و قەت من شتی وام نەوتووە، ئەوە لە ئەوێ خۆیان وایان نووسیوە! تۆمەت بار بەزەردخەنەیەکەوە ووتی، جەنابی قازی کەواتە هەموو قسەکانی تریشی هی خۆی نیە، هەمووی هەر لەسلێمانی بۆیان هۆنیوەتەوە.ئەوەی من لێی تێنەگەیشتم، نازانم بۆ خاڵەی شکاتکەر لەقسەکانی یەکەمی کە دژ بە ئەنفالچیان بوو پەشیمان بۆوە، ئەگەر خۆی نازانێ بەوە زەرەرێکی بەرچاو لە میسداقیەتی شەهادەتەکەی ئەدا، ئەی خۆ محامیەکانی ئەزانن، باشە بۆ پێش چوونە ژوورەوە بۆ شایەتی دان قسەکانی سلێمانیان بیر نەخستۆتەوە؟ یان لەوێش هەر لێخوڕە دەشتەیە ،لەوەش قوربەسەری تر، ئاخر خاڵۆی ماڵ و مناڵ و بزن و مریشک و قازو تراکتۆر ئەنفال کراو، چیت ماوە هەتا لێی بترسێ تا کاول نەبێ، وا ئەڵێی قوربان بە زمانی بەڕۆژووەوە من سوێندم خواردوە، ماڵی خۆم کاول ناکەم، درۆناکەم؟ ئەی ئەنفال چیەکان هەزار سوێندی خوداو پێغەمبەرو شەرەف و ناموسیان نەخوارد، کە خۆتان تەسلیم



کەن هەرناو نووستان ئەکەن و بەرەڵاتان ئەکەن، دواتریش گەنج و ژن و هەتا مناڵی تەمەن یەک ڕۆژەشیان بۆ نەهێشتنی پیت ( خصوبە) لە ناو رەگەزی کوردا ،وەکو ڕێگەیەکی یەکجار نائینسانی و زانستی و کاریگەر بۆ بنەبڕ کردنی یەکجارەکی رەگەزی کورد لە عێراق ، هەموو زیندەبەچاڵ کرد. ئەوەنیە گەورە ئەنفالچیەکەیان دوای ئەو هەموو تاوانانە ،بە کتێبی موقەدەسەوە لەناو داگاکەدا دانیشتووە،و هەموو عالەمی عارەبی و ئیسلامی بە پیاو چاک سەیری ئەکەن ،و خۆیان لەسەر ئاڵاکەی بە کوشت ئەدەن، چی ئەبوو ئەگەر بتگووتایە بەڵێ راستە ئێسقانی مردووەکانی نوگرە سەلمان لەدەورو پشتی قەبرەکانیان کەوتبوو، خۆ ئەگەر خۆشت نەت دیوون دەیەها کەست لەگەڵ بووە کە هەموو موسڵمانن و درۆ ناکەن بەچاوی خۆیان بینیویانە.

**موختەسەری کەلام**

بەیەک شتا ئەزانم کە کورد زۆر باش خۆی بۆ ئەم دادگاییە ئامادەو تەیار کردووە، تەلەفیزیۆنی کوردسات لەگەرمەی دادگاییەکەدا خۆیمان لێیەکاتە CNN و ئەیبڕێ و ئەچێتە ژووری هەواڵەکان، ئەی ئافەرم.

ئۆکتۆبەری2006

www.pertwk.com

* خەفێ : جاران لە سلێمانی بە جاسوسیان ووتووە خەفێ ئەویش لە ووشەی خەفی عەرەبیەوە هاتووە کە ئەکاتە نهێنی بەکوردی.



## برادەرێکی گەندەڵ............

هەرجارێک بچوایەتەوە وولات لەسێ مانگ کەمتری پێنەچوو، ئەوجارەی دواییان کەهاتەوە، پێم ووت خاڵۆ سەفەرێکی خۆش بوو ئینشالله، ووتی کورە تێی هەڵدە، وەڵاهی ئەوەی من بینیومە یاخوا تۆو عازیزت قەت نەی بینن، ووتم خێر چیبووە؟ ووتی ئەو وولاتە هیچی بەسەر هیچەوە نەماوە، نەرێز نە ئیحتیرام،هەمووی بووە بەپارە، ووتم ئێ ئەوە مەعلوم و ئاشکرایە، چی تازە هەیە؟ ووتی جابرا بڵێ چی نیە،گەندەڵی گەیشتۆتە بیناقاقا، بۆتا ئێوارە لەو دایەرەو خەستەخانەو گوزەری مەسئولینانە بگەڕێی بۆ دەرمانیش کەسێکی پاک و موخلیست چنگ ئەکەوێ، ووتم لاحول وەلا قووەتە،ئەی چار؟ ووتی وەڵڵا تازە چاری نەماوە، کاکە گەندەڵیەکە بە جۆرێکە کاری لە ئێسقان کردووە، ووتم ئەی باشە خۆ نابێ وازی لێبێنین ئاخر سبەینێ ئەو نەختە ئازادیەشی کە هەمانە ئەخاتە مەترسیەوە، خۆ ئەوەی کە ئێستا دزی ئەکا،یان رەشوەت وەکو شۆربا هەڵئەقوڕێنێ، سبەینێ دوژمنان بەپارە ئەیکەن بەماستی مەیو، و لەحەمرینەوە هەر بە کۆڵ ئەیان هێنێتەوە هەولێرو سلێمانی، نا نا ئەبێ چارەسەرێک بۆ مەسەلەیە بەپەلە بدۆزرێتەوە، باشە تۆ بەحوکمی ئەوەی ساڵی چوار کەڕەت سەردانی خاکی شیرینی وولات ئەکەیت، و لە نزیکەوە ئاگاداری وەزعەکەی پێشنیازت چیە؟ ووتی وەڵا کاکە بۆی مەگەڕێ چار تەنها پاک

www.pertwk.com

سازیە، لێدان وڕامالّینی ڕەشوەت خۆران و ڕەشوەت وەرگرانە، دەرکردنی ئەوانەیە کە ناویان بە فەرمان بەر نووسراوەو پارە وەر ئەگرن و دەوامیش ناکەن، هێنانە خوارەوەی زۆر لە مەسئولەکانە لەسەر کورسی مەسئولیەت. پێم ووت، وەلّاهی وات لێ کردم بلیتێک ببرم و بەیانی سواری تەیارە ببم و بڕۆمەوە تاوەکو خۆشم بە چاوی خۆم لە نزیکەوە بیبینم، ووتی بۆ نا وەلّا لێی مەوەستە، لەو دەقەیا بیرم کەوتەوە ووتم ئاخ ئاخر من ئیش ئەکەم ناتوانم هەر لەخۆمەوە بڕۆمەوە، دواتر دەرم ئەکەن، ئەبێ مۆڵەتی لانی کەم مانگێکم هەبێ، ئەوەشیم نادەنێ چوونکە مۆڵەتم نەماوە،بەڕاست تۆ چۆن ئەتوانی ساڵی 10 مانگ لەکوردستان بیت، ئەی پێت ناڵێن ئەبێ ئیش بکەی؟ خۆ لەوەتەی من لە خارجیم تۆشی لێیت، ووتی کاکە تۆ لە کوردستانیش هەر فەقیر بوویتو ئالێرەش(گێل)، ووتم چۆن ووتی بەساقە ئەگەر بۆ حاڵی خۆت ووریا نەبی ناتوانی بژیت، ووتم ئێستاش تێنەگەیشتم، بەکوردی پێم بڵێ، ووتی بەکوردیەکەی من کونەکەیم دۆزیوەتەوە، ووتم کونی چی؟ ووتی ئەوشوێنەی کە پێم ئەڵێ ئیش بۆ ناکەی کەسێکی لێیە خۆی مەسئوولە هەرجارێک کە ئەڕۆمەوە لەوێوە دیاریەکی خنجیلانەی بۆ ئەهێنم،ووتم دیاری! ووتی ئەی چی بکەین خاڵە ئەبێ چەوری کەین، ووتم وەلّا باوکم ئەوەی تۆ کردووتە کەس نەی کردووە، ئەمانەی ئێرەشتان فێری بەرتیل خواردن کرد، خۆتۆ ئەڵێی لە ریزی پێشەوەی موعاریزنی گەندەڵیم؟ ووتی بۆ هیچ گومانێکت هەیە لەوە؟ ووتم نەوەڵڵا، بەلّام هەروەکو خۆت هەموو



جارێک ئەفەرموویت من نەختێک درەنگ تێئەگەم، بۆیە پرسیار زۆر ئەکەم، ووتی خۆت ئەزانی من چەن دژی گەندەڵیم، ووتم سەیرە! ووتی سەیر نیە، لە کوردستان نەک لێرە. ووتم دە بێقەزابی وابڵێ، ئێستا تەواو حاڵی بووم، ووتی چاوەکەمی.

نوفمبری2006

www.pertwk.com

## رەقابەی زاتی

وویستم لەسەر لایەنێکی سیاسی بنووسم سێ دێرم لێنووسی، و ووتم کورە چیت داوە لەم سەر ئێشەیە، یەکەمین وەزعەکە بەتۆ چاک نابێ، دووەمین دوساڵ جارێک ئەگەر پارەی بلیتێکی تەیارەت بۆ پاشەکەوت کرا و ڕۆشتیتەوە، بۆ وەکو ئەو عالەمە حوڕو سەربەست لەمابەینی، سلێمانی، و هەولێر،و دهۆکا، بۆ خۆت جەولە نەکەی، و بۆچی لەو دەقەیەوەی سواری تەیارەکە ئەبی دەستت لەسەر دڵت دانێیت، لەبەرئەوەنا کە فۆبیای چوونە سەر بەرزاییت هەیە، بەڵکو لەبەر نەبادای لێپێچینەوەی دام و دەزگای حکومەتی مەدەنی، بەتۆمەتی تەشهیرو ناوزڕاندن، و دواتر کەوتنە پاڕانەوەی بیکەن بەخاتری خوا، و لەپەستا دوعای خوا زوڕیەتتان هەم بەرەکەت تێخاو بپارێزێ، هەمیش وەکو خۆتان زۆرزان و زیرەکیان کا. نەخێر بام دایە سەربابەتی ئاینی، نەگەیشتبوومە کۆتایی دووهەمین دێڕ، ووتم ئەرێ ئەوە من چی ئەکەم، دەورە لەچی خۆم دەرباز کردو خەریکە خۆم هەڵئەیەمە ناو چیەوە ؟خۆ ئەوان هەموو شتێک تەنانەت مێژووەکەشیان موقەدەس کردووە، منیش بەهیوام لەسەر باشەی تێکەڵی کچان و کوڕان، لە زانکۆ، دوو لاپەرەی خورشیدی پڕبکەمەوە، نەخێر ئەویشم تەفرو تونا کرد. هاتمە سەر کابرایەک سێی متەوەستەی لەبەر تەمەڵی نەک لەبەر بارو زوروفی کوردستان تەواو نەکردووە، کەچی ئەلعان بۆخۆی



موحەلیلی سیاسیە، و لەبەر ئەوەی رۆشنبیری مێگەل دیاردەی سەرەکی ئەم قۆناغەی ئێستای ئێمەیە، نەک هەر بە نووسەر قەبلێنراوە، بەڵکو سیمیناریشی بۆ ئەگرن، لێتان ناشارمەوە ئەودێڕانەی ئەویشم بەدەری ئەوانەی لای سەرەوە برد، چوونکە یەکەمین دەمی پیسە، دوویش لەترسی ئەوەی نەوەک مێگەلەکە پێم بڵێن حەسودی پێئەبا. هاتمە سەر وەسەتی شیعرو شاعیرانی ئەم سەردەمە، و هاتم بڵێم بە خوا لەشیعری ئەم دەورو زەمانە تێناگەم، کۆمەڵگا عەشایەری و شاعیرەکان پۆست مۆدێرن! ئەو بیرۆکەیەشم لەغو کردەوە، چوونکە ئەو بوارەی ئەمڕۆی ئێمەی کورد ئەگەر درۆم نەکردبێ بیست سی هەزار هەست ناسکی بەژن و پیاوو کورو کچۆڵەوە تیایە، باشە ئەگەر رۆژێک هاتوو خۆم کاندید کرد بۆ ئەندام پارلەمان لەسەر لیستی موشاغیبەکان ئایا بەوە دەنگی ئەوانە هەموو لە خۆم ناکەم؟ بەرەوڵڵا رقێکی ئەستوریشم لێهەڵئەگرن، لەوەش گرنگتر ترسام نەکا ئیتیهامم کەن بەکۆن و تێنەگەیشتن لە ریتم و مۆسیقا و ئەو وێنە شیعریانەی کە ئەوەتەی شیعر دروست بووە وێنەی واو ئەو ڕادە زۆرەی لە شاعیران بەخۆیەوە نەدیوە. باشە لەسەر کێ بنووسم لەسەر کێ نەنوسم، تازە دەستم دابووە قەڵەم، و ئەبوو هەر شتێک بنووسم، لەپڕێکا بیرم کەوتەوە یەکێک ئەناسم کابرایەکە نە پشتی هەیەو نە پێش، نە لەحیزبایەو نە لە دەسەڵاتەوە نزیکە، بە کوتەکیش تێی بەربی ئەوەنە مەزڵومە ناڵێ بۆ وا ئەکەی، ئەوجا هاتم بێ سڵەمینەوە کوێت ئێشێ تێی کەوتم و داخی ئەوانەی لای

سەرەوەیشم هەمووی بەو ڕشت.

نوفمبری2006

www.pertwk.com